# جەمال نەبەز

کۆبەرهەم
ژمارە (11)
زنجیرەی لێکۆڵینەوە زانستییەکان
ژمارە (1)

# گۆڤاری نیشتمان

تەمووزی 1943- مایسی 1944
زمانحاڵی "کۆمەڵەی ژێکاف"وئیدیۆلۆژیی هوردە بۆرژوای رۆشنبیری
ناسیۆنالیست لە کوردستاندا بەبۆنەی تێپەڕبوونی چل ساڵ بەسەر گۆڤاری
"نیشتمان"دا لە تەمووزی 1983دا

چاپی یەکەم: بنکەی چاپەمەنی ئازاد- سوێد 2597ی ك- 1985ف

چاپی دووەم 2010 - هەولێر- کوردستان





بڵاوکراوەی ئەکادێمیای کوردی بۆ زانستو هونەر
ژمارە (1)، چەقی قورسایی: 9 (ب)
بنکەی چاپەمەنیی ئازاد/ ستۆکهۆڵم- 1985
هەموو جۆرە مافێکی لەسوێدو گشت جیهاندا پارێزراوە

# پێشگۆتنێك بۆ ئەم چاپە نوێیە

لەرێی ئەو چەند وشەیەوە کە "لەجیاتی سەرەتا"، لە 31ی تەمووزی 1983دا بۆ ئەم کارە نووسیبووم، دەردەکەوێ کە چارەکە چەرخێك لەمەوبەر لەئامادەکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە بوومەتەوە، کە چاپی یەکەمی لە 1985دا لەسوێد دەرچووە. ئەو سەردەمە هێشتا باوی کۆمپیوتەر نەبوو بۆ نووسینی کوردی. لەبەرئەوە، بەناچاری، هەموو نووسینەکانم بە تلینقیسی فارسی دەنووسی‌و، بەدەست چوکلەکانم دەخستنە سەر تیپەکان. بەڕاستی کارێکی زۆر زەحمەت بوو، بەتایبەتی کە هەڵە بکەوتایە دەقی تاپیکراوەکە، یان ئەگەر پێویست بووایە لێی کەموزێتر بکرێ، ئەوا دەبوو لاپەڕەکە چەند جارێك تایپ بکەمەوە. هەرچی چۆنێك بێ، سوپاس بۆ ئەوانەی تەکنیکی کۆمپیوتەریان داهێنا، ئێستە ئەو جۆرە تەنگاوییەمان نییە، ئەگەرچی داتای ڕێنووسی کوردی، هێژ بەتەواوی چوارچێوەی خۆی نەگرتووە.

شایانی گوتنە؛ لەماوەی ئەم 30 (سی) ساڵەی دواییدا؛ گەلێك گۆڕانی بنەڕەتی لەخۆرهەڵاتی ناڤین‌و جیهاندا ڕوویاندا، لەوانە: ڕووخانی ڕژێمی شای ئێران‌و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی‌و، فتوای خومەینی لەدژی کوردو، جەنگی هەشت ساڵەی عێراق‌و ئێران‌و، پەلاماری شکستپێهێنراوی عێراقی سەددام بۆ سەر کوێت‌و، ڕاپەڕینی بەهاری 1991 لەباشووری کوردستان‌و نێوچە شیعە نشینەکانی عێراق‌و، گەلڕەوی چەند ملۆینی کوردی باشوورو، دروستبوونی "نەوای ئارام"و، هاتنەکایەی بزووتنەوەی چەکداریی لەرۆژهەڵات‌و باکووری کوردستان‌و، ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانییەوەو، ڕاپەڕینی خەڵکی ڕۆژاوای کوردستان دژ بەرژێمی تیرۆریستی سووریا. هەروەها هەرەسهێنانی ڕژێم‌و ئیمپراتۆرێتیی سۆڤێت،





کە ئەمەیان، بێجگە لەکاردانەوەی بۆ سەر بلۆکبەندی‌و ڕامیاریی جیهانی، گەلێك لەو نهێنیانەی کە لەپشت "دیواری ئاسنین"ەوە شاردرابوونەوە، کەوتنەڕوو، بەتایبەتی، هی سەردەمی ستالین کە پێوەندییەکی توندوتۆڵی هەیە بەمێژووی دامەزراندن‌و هەرەسهێنانی کۆماری کوردستانەوە. لەبەرئەوە، وام بە باش زانی، لەتازەکردنەوەی چاپی ئەم بەرهەمەدا، پێشگۆتنێکی نوێی بخەمە سەر، کە ئەو زانیارییە نوێیانە بگرێتە خۆی، کە لەم ماوەیەدا کەوتوونەڕوو.

ئاشکرایە، کاتی خۆی، بەشە کوردییەکەی ئەم بەرهەمەم لەگەڵ وێنەی شەش ژمارەی گۆڤاری "نیشتمان"و بەشە ئەڵمانییەکەی، پێکەوە لەیەك بەرگدا بەچاپگەیاند. هەر لەم ماوەیەدا، دواژمارەی "نیشتمان"یشم دەسکەوت، کە ژمارە (7و 8و 9) لەیەك بەرگدا چاپکراون، بەڵام ئەمجارە وام بە باش زانی، کوردییەکە لە ئەڵمانییەکە جیا بکەمەوە. شایەنی باسە، چاپی نوێی لێکۆڵینەوەی "نیشتمان" بە زمانی ئەڵمانی، بەرەنجی هاوبیری هێژا عەبدوڵڵا چوارتایی، بەشێوەیەکی جوان تایپکرایەوەو بۆ چاپ ئامادە کرایەوەو، لەسەرەتای ئەمساڵەوە کەوتووەتە سەر ماڵپەڕی "کورد بوون www.kurdbun.org " . هەر کەسێك بیەوێ دەتوانێ ڕاییکێشێ‌و سووت وەربگرێ لێی. بۆ مەم بەشە ئەڵمانییە، پێشگۆتنێکی نوێم نووسیوە، کە ئەو زانیاریانەی تێدا خراونەتە کار، کە لەم 25 ساڵەی دواییدا دەستکەوتوون. ئێستە وا ئەم بەشە کوردییەش هەر بەو شێوەیە دەخەمە بەرچاو.

ئەو بەڵگەنامانەی کە لەم چارەکە چەرخەدا دیارکەوتوون، کەلك بەم لێکۆڵینەوە دەگەیەنن، بریتین لە سێ جۆر:

(1)- بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئارشیڤی سۆڤێتی، بەتایبەتی ئارشیڤی ئازربایجانی سۆڤێتی کە ئێستە بووە بەدەوڵەتێکی سەربەخۆ. هەروەها ئارشیڤی ڕووسیا، کە ئەو ئارشیڤانە چەند ساڵێکە ئازادکراون.

پرۆفیسۆر جەمیل حەسەنلی، کە خەڵکی کۆنە ئازربایجانی سۆڤێتییە، بەپشتبەستن بەم ئارشیڤانە؛ دوو پەرتۆکی بەشێوەزاری ترکیی ئازربایجان، لەساڵانی 1988-1989دا، لەباکۆ، لەژێر سەرنێوی "باشووری ئازربایجان" (کە مەبەستی ئازربایجانی ئێرانە: ج.ن) بەچاپگەیاندووە. مەنسوور هومامی، کە ئێرانییە، هێندەك بەشی ئەم پەرتۆکەی کردووە بەفارسیو لەژێر سەرنێوی "سەرکەوتنو ژێرکەوتنی فیرقەی دێمۆکراتی ئازربایجان"دا، لەلایەن بنکەی چاپەمەنیی "نەشری نەی (نشرنی)" لەئێران لەچاپدراوە. چاپی دووەمی ئەم پەرتۆکە کە لەساڵی 2005دا لەتاران چاپکراوە، دەست من کەوتووەو لەم پێشگۆتنەدا پشتمپێبەستووە.

ئەوی سەرنجی ئەم بەڵگەنامانە بدات، بەتەواوی بۆی دەردەکەوێ کە "حکوومەتی میللی ئازربایجان"، بەهاندانی سکرتێری یەکەمی "پارتی کۆمۆنیستی ئازربایجانی سۆڤێت" باقرۆف دامەزراوە. باقرۆف، ترکێکی ناسیۆنالیست بوو، پێوەندیی توندوتۆلی لەگەڵ جافەری پیشەوەری هەبوو، کە کۆمۆنیستێکی سەر بەڕێبازی سۆڤێتو رۆژنامەوانێکی نێوداربوو لەئێرانو، دوایی کرا بەسەرۆککۆماری ئازربایجانی ئێران. سەربەخۆ لەئامانجی فراوانخوازانەی یەکێتیی سۆڤێت لەئازربایجانی ئێراندا؛ باقرۆف یارمەتیی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی ئازەرییەکانی ئێرانی دا. لەسەرەتاوە، باقرۆف ئامۆژگاریی پیشەوەریی کرد کە بەرامبەر لەشکری ئێران بەرخودان بکات. (حەسەنلی ل65-66). باقرۆف پشتگیریی "کۆنگرەی دامەزراندنی فیرقەی دێمۆکراتی ئازربایجان"ی کرد کە لەتەورێز لەرۆژی 1945/10/2دا بەسترا، ئەمەش پاش ئەوەی بەرنامەی ئەم حیزبە لەمۆسکۆ دەستکارییکرابوو. هەروەها بە پشتگیریی وی، بانگەوازی "کۆنگرەی گەورەی گەلی ئازربایجان" درا کە لە 1945/11/23دا لەشاری تەورێز بەسترا (حەسەنلی ل72). باقرۆف لەنۆڤەمبەری 1945ەوە، بەنێزیکە، هەموو رۆژێك راپۆرتی لەبارەی ئازربایجانی ئێرانەوە بۆ مۆلۆتۆڤو



بیریادەنووسی، کە بیریا ئەوکاتە سەرکردەی دەزگەی نهێنیی سۆڤێت KGB بوو. هەروەها بۆ وەزیری دەرەوەی سۆڤێت مالینکۆڤ. کاتێك ستالین بڕیاریدا کە لەشکرەکەی لەئێران بکشێنێتەوە، باقرۆف هەولێدا کار بکاتە سەر ستالین بۆ ئەوەی ستالین پشتگیریی پیشوەری بکات دژی لەشکری ئێران، بەڵام لەمەدا سەرنەکەوتو ستالین بەقسەی نەکرد. پیشەوەریو هەڤاڵەکانی، چ بەدەمیو چ بەنووسین، بێزاریی خۆیان لەهەڵوێستی ستالین دەربڕیو، هەستیان بەوە کرد کە سووکایەتیکراوە پێیان لەلایەن ستالینەوە، چۆنکە ستالین، لەسەرەتاوە هومێدی پەیداکردووە پێیانو تەنانەت هانیداون، بەڵام دوایی ناهومێدی کردوونو سووکایەتیکردووە پێیان. ستالین لە 1946/5/8داو، پاش کشانەوەی لەشکری سۆڤێت لەئێران، بەنامەیەکی هیشكو برینگو نادۆستانە، وەرامی پیشەوەری داوەتەوە، کە لەگەلێك لاشەوە، راستییەکانی چەواشە کردووە. والێرەدا چەن کۆپلەیەك لەنامەکەی ستالین بۆ پیشەوەری دەخەینە بەرچاوی خوێنەرەوە:

"هاوڕێ پیشەوەری: بەبیروڕای من، ئێوە ئەو بارودۆخەی کە ئێران تێیکەوتووە، راست هەڵناسەنگێنن. جارێ لەپێشەوە: ئێوە دەتانەوێ داخوازییە شۆرشگێڕییەکەی ئازربایجان دەستبەجێ بهێننەدی، ئەمەش لەکاتێکدایە کە خستنەکاری بەرنامەیەکی لەو جۆرە لەکردن نایەت. دووەم: دیارە، ئەگەر لەشکری سۆڤێت لەئێراندا بمایەوە، ئێوەش دەتانتوانی، لەخەباتدا بۆ داخوازییە شۆرشگێڕییەکانی گەل لەئازربایجاندا هیوایەکتان هەبێ، بەڵام ئێمە نەمانتوانی لەوە پتر لەئێراندا بمێنینەوە، چۆنکە مانەوەی هێزە سەربازییەکانمان لەئێراندا، دەبێتە هۆی بریندار کردنی بنچینەی رامیاریی رزگاریخوازانەمان لەئەورووپاو ئاسیادا".

هەر لەو نامەیەدا، ستالین دەنووسێ کە لەنێوان قەوام (ولسەلتەنە)و، ئەو هێزانەی کە سەر بەئەنگلۆفیلن، شەڕو ناکۆکیی هەیەو دەبێژێ: "ئێمە پێویستە لەم شەڕو هەرایە

سووت وەربگرین، بەجۆرێك كە قەوام ناچار بكەین هێندەك "تەنازولات" بكاتو، بەهۆی ئەم تەنازولاتانەوە، لەئەنگلۆفیلەكانی جیابكەینەوە. هەموو ئامۆژگارییەكانی ئێمە بۆ ئێوە لەم بارودۆخەوە هاتوونەتە دەرێ. بێگومان مرۆڤ دەتوانێت جۆرەكی دی هەڵسوكەوت بكات، واتە: گوێنەداو مشوور نەخواتو، لەگەڵ قەوام هاوكاری نەكاتو، بەوە سەركەوتنی كۆنەپەرستەكانو ئەنگلۆفیلەكان مسۆگەر بكات، بەڵام ئەمە تاكتیك نییە، بەڵكو گەمژەیەتییە. ئەمە تەنانەت لەوانەیە ببێتە هۆی خیانەتكردن لە ئامانجەكانی گەلی ئازربایجانو ئێرانییە دیمۆكراتخوازەكان".

تاقیكردنەوە دەریانخست، ستالین قەواموسلەتەنەی باش نەناسیبوو، بە بەڵێنەكانی قەوام لەبارەی پێدانی سەرەتی (امتیاز)ی گەڕان بەدوای نەوتی باكووری ئێراندا بە سۆڤێت، تەفرەی خواردبوو.

ئەوجا ستالین لەنامەكەیدا دێتە سەرباسی بێزاریدەربڕینی پیشەوەری خۆیو دەبێژێ: "وەك باسكرا، ئێوە گوتووتانە، كە ئێمە لەسەرەتاوە ئێوەمان تا ئاسمان بەرز كردووەتەوە، بۆ ئەوەی لەدواییدا، لەوێوە فڕێتان بدەینە خوارێو، ئێمە ئێوەمان بەوە سەرشۆڕو سووكو ریسوا كردووە. ئەگەر ئێوە شتی واتان گوتبێ، ئەوا ئێمە سەرمان سوور دەمێنێ لەوە. باشە، چی روویداوە لێتان؟ ئێمە لێرەدا ڕێكار (مێتۆد)ێكی شۆڕشگێڕانەی ئاساییمان بەكارهێناوە، ڕێكارێك كە هەموو كەسێكی شۆڕشگێڕ تێیدەگات. بەتایبەتی، لەبارودۆخێكدا وەك ئەوەی لەئێراندا هەیە. باسی سەرشۆڕ كردنو ریسواكردنی ئێوە قسەیەكی بێ مانایە. زۆر سەیرە ئێوە پێتان وابێ كە ئێمە ویستوومانە سووكو ریسواتان بكەین. بەپێچەوانەوە، ئەگەر ئێوە ژیرانە هەڵسوكەوت بكەنو بەپشتگیریی مۆرالی (مانایی) ئێمە، ئەو دەمە ئازربایجانییەكانو ئێرانییەكان، وەك ڕێبەری بزووتنەوەی دیمۆكراسیی پێشكەوتنخوازانە لەخۆرهەلاتی ناڤیندا پەسنتاندەدەن". (ی. ستالین).





ستالین، وەك لەسەرەتاوە، بەبێ سلاوو هەواڵپرسین، نامەكەی دەستپێدەكات، هەر بەو جۆرە، واتە بە: ی (یۆسف) ستالین، كۆتایی بەنامەكەی دەهێنێ (حەسەنلو ل176-179) بێجگە لەمەش، ستالین باقرۆفی ڕاسپارد كە لەگەڵ جافەری پیشەوەری قسە بكاتو، وابكات كە پیشەوەری لەگەڵ قەوام هاوكاری بكات.

هەر بەهۆی ئەو بەڵگەنامانەوە ئاشكرا دەبێ، كە نەپیشەوەریو نە حیزبەكەی (فیرقەی دیمۆكراتی ئازربایجان)و نە سەركردەكانی حیزبی توودەی ئێران (كە ئەو دەم، چ لە لەشكرو چ لە پەرلەمانی ئێرانو چ لەدەزگەی دەوڵەتی ئێراندا هێزێكی گەورەی هەبوو)و، نەكاربەدەستانی سۆڤێت، یەك وشەیان لەبارەی كوردستانەوە لەدەم نەكەوتە خوارێ. بەلای وانەوە، باس هەر باسی ئازربایجان بوو. هیچ بەڵگەنامەیەكیش بەدەستەوە نییە، ئەوە پێشانبدات كە حیزبی دیمۆكراتی كوردستان، كە لەسەر دارو پەردووی ژ.ك. لە نۆڤەمبەری 1945دا دروستبوو، یان سەرۆككۆماری كوردستان قازی محەممەد، یان كاربەدەستە كوردەكانی دیكە، هیچ كامیان پەنایان بردبێتە بەر ستالین، یان كاربەدەستانی سۆڤێتو داوای یارمەتییان كردبێ لێیان.

هەر لەو بەڵگەنامانەی ئارشیڤەكەوە دەردەكەوێ كە باقرۆف لە 1946/12/20دا لە نەخچیڤان چاوی بە پیشەوەری كەوتووە. لەم چاوپێكەوتنەدا تكایەكی پیشەوەری بەجێهێناوەو تكانامەیەكی بۆ كۆڕی وەزیرانی یەكێتیی سۆڤێت ناردووە. لەو نامەیەدا داوای پڕ چەككردنی هێزەكانی پیشەوەری كردووە بە تفاقی سەربازی. لێ، كۆڕی وەزیران لەڕۆژی 11/14دا ئەوەی ڕەتكردووەتەوە.

تكانامەیەكی دیكەی باقرۆف كە لە 12/10دا بۆ ستالینی ناردبوو، بۆ ئەوەی ئەو ئازەرەبییانەی كە لەدەست لەشكری ئێران ڕایانكردووە لەیەكێتیی سۆڤێت وەریانبگرێ، ستالین لە 12/11دا وەرامی داوەتەوە، نامەكە لەڕێی كۆنسلخانەی سۆڤێتەوە لەتەوریز، دراوەتە دەست پیشەوەریو هاوڕێكانی. لەو نامەیەدا ستالین نووسیوێتی:

"قەوام، وەك سەرۆكوەزیرانی ئێران، مافی ئەوەی هەیە، هێزی لەشكری بۆ هەموو نێوچەكانی ئێران بنێرێو، دیارە بۆ ئازربایجانیش. بەم هۆیەوە، بەرخۆدانی چەكدارانە، نەكارێكی گونجاوەو نەپێویستەو نە بەكەڵكە. ئێوە داخۆیانییەك دەربكەنو بنووسن كە ئێوە لەبەرخاتری دابینكردنی ئارامیی لەماوەی هەڵبژاردندا، دژی ئەمە نین كە لەشكری دەوڵەت بێتە ئازربایجانەوە. ئەم داخۆیانییە، بە ئیمزا كراوی لەلایەن (سەلاموڵڵا) جاوید (پارێزگاری تەورێزو وەزیری نێوخۆی حكومەتی پیشەوەری لەئازربایجان)، بەزووترین كات بینێرن بۆ شاو قەوام (حەسەنلی ل203).

هەر لەو رۆژەدا سەرۆكایەتیی ئازربایجان، بەنا بەدڵی، ئەو فەرمانەی ستالینی بەجێهانی (هەر ئەوێ). لێرەدا دەبێ بگوترێ كە باقرۆف چەند جارێك هەوڵیدا، وا لە ستالین بكات كە پشتگیری پیشەوەری بكات. ئا لەوەشدا، هەوڵیدەدا كە ستالین بترسێنێ بەوەی كە "قەوام لەگەڵ سەركۆماری كوردستان، قازی محەممەد رێكەوتووە". كە ئەمە هیچ راست نەبوو. بەپێی ئەو ئارشیڤەی سۆڤێت كە لەسەرەوە باسكرا، باقرۆف لەوەپێش، لە 1946/6/5دا نامەیەكی ناردبوو بۆ ستالین، لەوەدا نووسیبووی كە "قەوام بەزمانی دۆستانەیەوەو بەنێوبژیكردنی سەفیرەكەمان، قازی محەممەدی سەركۆماری كوردستانی، بۆ وتوویژ لەتاران بانگیشتكردووە، كە ئەمەش گومانو دڵەڕاوكە دروستدەكات لەبارەی ئازربایجانەوە. قەوام هەوڵدەدا كە بەهۆی هەموو جۆرە بەڵێندانێكەوە بە قازی محەممەدو هۆشیار كردنەوەی، كورد والێبكا نەچنە ژێر ركێفی تەورێزەوە" (حەسەنلی ل184). لەمەشدا دەردەكەوێ باقرۆف ویستوویەتی كوردستان بە كۆڵی تەورێزەوە ببەستێ.

ئەوجا باقرۆف دەپرسێ: "ئا ئێستە (لەم بارودۆخەدا) راستە، رێی ئەوە لەپیشەوەری بگیرێ كە لەبارەی كێشەی خەباتەوە بۆ بە دیمۆكراتكردنی ئێران قسە بكات" (هەر ئەوێ).



راستییەكەی، حكوومەتی قەوام لەگەڵ پیشەوەری، واتە لەگەڵ حكوومەتی ئازربایجان وتوویژیكرد. حكوومەتی ئێران شاندێكی بەسەرۆكایەتیی موزەفەر فیرۆز نارد بۆ تەورێز. لەئەنجامی وتوویژدا گرێبەندێك لەلایەن فیرۆزو پیشەوەرییەوە واژۆ كرا، كە دەقەكەی لە 26ی خوردادی 1325دا (1946/6/16) لەژمارە (557)ی رۆژنامەی "ایران ما" (ئێرانی مە) بڵاوكرایەوە. بەندی دەیەمینی ئەم گرێبەندە؛ ستانی 3و 4ی ئێران بەئازربایجان دەداتە قەڵەم. جا لەبەرئەوەی ستانی ژمارە (3) 90٪ی خەڵكەكەی كوردنو مەهاباد، پێتەختی كۆماری كوردستانیش دەكەوێتە ئەوێ، ئەمە مانای وایە كە نەپیشەوەریو نەحكوومەتی ئێران نیازیان نەبووە، نێوی كورد، یان كوردستان ببەنو، بەجۆرێك لەجۆران، ئاوڕێك لەكورد بدەنەوە. باشە لێرەدا بزانرێ كە، هەردوو سەرۆككۆمارەكە، هی كوردستانیشو هی ئازربایجانیش، لەرۆژی 1946/4/23دا لە تەورێز گرێبەندێكی دۆستایەتییان ئیمزا كردبوو، كە بەندی پێنجەمینی بەم جۆرە بوو:

"ئەگەر هاتوو پێویست بوو لەگەڵ حكومەتی تاران وتوویژ بكرێ، ئەوە دەبێ بەڕازیبوونی هەردوو حكوومەتی كوردستانو ئازربایجان بێ (ئەلئەعزەمی: ل418)". ئەمە مانای وایە، ئازەرییەكان بوون كە گرێبەندی دۆستایەتییان پێشێلكرد.

لێرەدا دەبێ زۆر بەداخەوە بێژم كە هەڵوێستی سەركردە تركە شۆڤێنیستەكانی ئازربایجان، هەروەك خۆی ماوەو نەگۆڕاوە، سەرۆككۆماری ئازربایجان ئەلی ئۆف، چەند جار گوتی كە دژی دامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردییە. چالاكەكانی ئازربایجانی ئێران (ستانی تەورێز)یش هەروان. لێرەدا هەر بۆ نموونە، تاكە یەك وێنە تۆمار دەكەم. ئەو نموونەیەش دوكتۆر عەلی رەزا نەزمی ئەفشار (علیرضا نظمي افشار)ە، كە لە 2006/3/20دا، بەنێوی "كۆمیسیۆنی دیپلۆماتیكی ئازربایجانی باشوور" نامەیەكی بۆ بەڕێز مستەفا هیجری، سكرتێری گشتیی حیزبی دیمۆكراتی كوردستان

ناردووە. لەو نامەیەدا، سمایل خانی سمکۆی بە "جەردە"و "بکوژ" داوەتە قەڵەمو نەخشەی کوردستانی بە "خەیاڵپلاویی پەڕگرانی نابەرپرسیار" داناوە، کە ئەو نەخشەیەی لەژووری مەسعوود بارزانییدا دیوە، هەروەها لەژووری کۆنفرانسی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ستوکهۆڵم "بەچاوی خۆی" دیوێتی. ئەفشار پێ کێ کێ و پژاك بەتیرۆریست دەداتە قەڵەم. کەچی، لەگاڵتەی رۆژگار، جەنابی مستەفا هیجری، بەنامەی 2006/3/26 وەرامی داوەتەوەو نامەکەی ئەفشار بەنامەی پڕ لە میهرو دڵسۆزی دەداتە قەڵەمو بەهۆیەکی دادەنێ بۆ "پاراستنو بەهێزکردنی دۆستایەتیو برایەتی لەنێوان دوو نەتەوە "تركو كورد، کە دەنیشتووی ئازربایجانن".

مستەفا هیجری دەڵێ: "بڵاوکردنەوەی وتووێژێك کە لەگەڵ رامبد لوتف پوور کراوەو، لە رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاوکراوەتەوە، هەڵەیەکێ حیزبی دێمۆکرات بووە!!".

(2) بەڵگەنامەکانی جۆری دووەم؛ ئەو کەرەسە رۆشنکەرەوانەن کە لە 1985ەوە دەرکەوتوون، ئەمانە ئەو بەڵگەنامە بەریتانیاییەن کە بریتیین لەو نامەو نامەکارییەی کە دیپلۆماتە بەریتانیاییەکان لەئێرانو عێراقو ترکیادا، لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا ناردوویانن بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا. سەرپۆش لەسەر ئەم بەڵگەنامانەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، لە 1991/1/1دا هەڵگیرا. گرنگترینی ئەم بەڵگەنامانە کە پێوەندییان بە کوردستانەوە هەیە، لەلایەن دوکتۆر وەلید ئەلئەعزمی (د.وليد الأعظمي)یەوە کۆکراونەتەوەو وەرگێڕاونەتەوە سەر زمانی عەرەبی، لەگەڵ هێندەك لێدواندا لەژێر نێوی "کوردو کوردستان لەبەڵگەنامە بەریتانییەکاندا، لێکۆڵینەوەیەکی دیرۆکیی بەڵگەدار (الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية- دراسة تأريخية وثائقية) لەلایەن دەزگەی چاپەمەنیی "سجل العرب"وە لەساڵی 1992دا بڵاوکراوەتەوە.





بەهۆی ئەم بەڵگەنامانەوە بەباشی خۆیا دەبێ کە رامیارانی بەریتانیا مشووری ئەوەیان خواردووە کە نەزات بخەنە بەر کوردەکانی ئێران بۆ خۆ رزگارکردنو، نە هیچ هەرێتێك (بەڵێن) بدەن پێیان، چۆنکە ئەوە "دەبێتە بێهێز کردنی ئێرانو گومان پەیدا کردن بە ترکیاو رووسەکانیش" (ئەلئەعزەمی- ل406-407). واتە؛ بەریتانیا لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا، هیچ رۆڵێکی نەبووە لە پشتگیریی کورددا. لەنامەیەکدا کە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لەرۆژی 1942/12/21دا ئاراستەی سەفیرەکەی لەتاران کردبوو، دەردەکەوێ کە ئەم وەزارەتە پشتگیریی ئەو بیروڕایە دەکات، کە ستالین لەکاتی وتوویژی مۆسکۆدا دەربڕیبوو و، گوتبووی دەبێ پشتگیریی حکوومەتی ترك بکرێ، بۆ ئەوەی بتوانێ رۆڵی خۆی، وەك "قەڵایەکی سەخت" دژ بە ئەڵمانیای نازی بپارێزێ (هەر ئەوێ، ل411) سەیر ئەوەیە، ئەم "قەڵا سەختەی دژ بە ئەڵمانیا"، لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا، بەنهێنی لەگەڵ رژێمی هیتلەر رێکەوتبوو، کە پاش تەواو بوونی جەنگ، "ئیمپراتۆرێتییەکی تۆرانی" بەیارمەتیی ئەڵمانیای نازی دابمەزرێنێ، کە هەموو ترکەکانی سۆڤیێتو چینو ئێران بگرێتە خۆی.

سەفیری بەریتانیا لەئێران، لە 1941/12/8دا نووسیبووی "ئەگەر بەریتانیای گەورە بخوازێ؛ ئێران وەك دەوڵەتێکی لەمپەر (حاجز، عازل) (لەنێوان یەکێتیی سۆڤیێتو کەنداو (خليج)و عێراقدا) رابگرێ"، ئەوەدەم دەبێ، حکوومەتی نێوەندیی ئێران بەهێز (نەك لاواز) بێ (هەر ئەوێ، ل406).

بەم پێیە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، پێشنیازیی ئەمەی بۆ حکوومەتی سۆڤیێت کرد، کە یەکێتیی سۆڤیێت وەك هێزێکی داگیرکەر لەئێراندا، رێ بە حکوومەتی نێوەندی بدات، هێزی لەشکرو هێزی پۆلیس بنێرێ بۆ کوردستان، بۆ ئەوەی ئارامیی بگێڕنەوە بۆ ئەوێ (هەر ئەوێ، ل412).



هەواڵنامەی کتێب

هەر لەم بەڵگەنامانەوە دەردەکەوێ کە قازی محەممەد، بانگێشتنێکی پیشەوەری داوەتە دواوە، کە ناردبووی بۆی، بۆ ئەوەی بچێتە تەوریز بۆ باسی بەستنی کوردستان بەئازربایجانەوە. پیشەوەری زووتر ئەوەی خستبووە پێش قازی محەممەد، کە حکومەتێکی نیوچەیی لەژێر سەرپەرشتیی ئازربایجاندا دابمەزرێنێ. لێ، قازی محەممەد ئەوەی دایە دواوەو، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێ کوردستان سەربەخۆ بێ لەئازربایجان (هەر ئەوێ. ل415 بەڵگەنامەی ژمارە F0371/52702، کوردستانی ئێران 1945/4/6).

ئەم راستییە، دیسانەوە لەدووتوێی بەڵگەنامە سۆڤێتییەکانیشدا کە باسمانکرد، دەبینرێ. لەوێدا قسە لەوەیە کە پیشەوەریش و باقرۆفیش، لەسەرەتادا، دژی داخۆیانیکردنی کۆماری کوردستان بوون (حەسەنلی ل121). کاتێك کە باسی ئۆتۆنۆمیی ئازربایجان هاتبووە پێشەوە، ئەم دوانە، نەیاندەویست کە کوردستان تەنانەت "ئۆتۆنۆمیدار"یش بێ، دەیانگوت: "وا باشترە کە کورد لەچوارچێوەی ئازربایجاندا ئۆتۆنۆمیی کولتووریان هەبێ". لەنامەیەکدا کە پیشەوەریو هاورێیەکانی لە 1945/12/23دا بۆ باقرۆفیان ناردبوو، بەتەمابوون هەموو کوردستان بلکێنن بە "کۆماری سەربەخۆی ئازربایجانی گەورە"وە. (حەسەنلی لـ107-108). هەروەها لەراپۆرتێکی 76 لاپەڕەییدا کە حەسەن حەسەنۆف لەگەڵ هەڤاڵەکەی ئیمبراهیمۆف، بۆ باقرۆفیان ناردبوو، زۆر بەخراپی باسی کوردیان کردبوو. حەسەنۆف بانگەشەی ئەوەی کردبوو، کە کوردەکان باسی "کوردستانی گەورە" دەکەن، بەلام دەیانەوێ ژیانی دەرەبەگێتی بپارێزن (حەسەنلی لـ121).

بەپێی ئەو قسانەی حەسەنۆف، چەند سەرۆکهۆزێکی کورد دەیانەوێ لەشاری سۆلدز، فەرمانڕەوایی بکەن، کە 70٪ی خەڵکەکەی (بەقسەی حەسەنۆف) قەرەپەپاخی ئازەرین (حەسەنلی، هەر ئەوێ).





لە ئەنجامی ئەمەوە، باقرۆف، ناسر داداشۆفی کۆنە کاربەدەستی وەزارەتی نێوخۆی ئازربایجانی سۆڤێتی نارد بۆ مەهاباد بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە (حەسەنلی لـ122).

ئەوەش باش دەزانرێ کە ئازەرییەکانی سۆڤێت، لە بیست ساڵی سەتەی رابوردوودا، بەیارمەتیی ستالینو بوختانهەڵبەستن بۆ کورد، کوردستانی سۆریان نووساند بە ئازربایجانەوەو، کاربەدەستە ترکەکانی ئەوێ، هەموو مافێکی کوردیان پێشێلکردو کوردێکی زۆریان تواندەوەو، ئەم رەوشە نامرۆڤانەیەش، هەتا ئەورۆ هەر درێژەی هەیەو، پاش ئەوەی ئەو نێوچەیە لەئەنجامی هەرەسهێنانی ئیمپراتۆرێتیی سۆڤێتەوە بوو بە "دەوڵەتی ئازربایجان"، تۆرانێتیی ئازربایجانی رووی کورددوژمنیی خۆی بەئاشکرا پێشاندا. ئەوەتا، ئەو رێکخراوەی کە نێوی خۆی ناوە "رێکخراوی نێونەتەوەیی ئازربایجان"و لەکۆنە ئازربایجانی سۆڤێت دامەزراوەو، لەساڵی 1991ەوە هەوڵی یەکگرتنی کۆنە ئازربایجانی سۆڤێتو ئازربایجانی ئێران دەداتو، گەلێك لەرامیارانی ئەمریکاییش، لەدژی ئێران، پشتگیریدەکەن، هێندەك نەخشەی ئەو ئازربایجانەی لەخەیاڵیاندایە کێشاوە، کە هەموو ستانی ورمێ (کە 90٪ی کوردەو مەهابادی پێتەختی کۆماری کوردستانی ساڵی 1946، یەکێکە لەشارەکانی ئەو ستانە) دەکاتە بەشێك لەو ئازربایجانە خەیاڵییە.

شایەنی باسە، رژێمی رەزا خان لەساڵی 1937دا، ملهوڕانە، ئەم ستانە کوردستانییە کە نێوی ورمێ بوو، نێو نا "ئازربایجانی رۆژاوا"و شاری ورمێشی نێو نا "رەزائییە" بەنێوی خۆیەوە. (سەرنجی: "علی مرشد زادە: روشنفکران آذري و هویت مللی وقومی"، تهران 1380 - 2002/2001، ل177). رەزاخان رۆژهەڵاتی کوردستانی کرد بەستانەکانی سنەو کرماشانو ئیلامو ئازربایجانی رۆژاواو لورستان، بۆ پارچە پارچە کردنی نیشتمانی کورد.

لێرەدا دەمەوێ شتێك بێژم کە کەم کەس دەیزانێ. ڕەزاخان، کە کابرایەکی شەلاتیو دەستوەشێنو نەخوێندار بوو، لە لەشکری قۆزاقی روسەکاندا کرابوو بە ئەفسەری جەندرمەو بە "ڕەزا میر پێنج" نێویرۆیبوو. هەرچەندە دوایی کە لەڕێی کوودەتاو بەپشتگیریی ئینگلیزەکانو رووسەکان، توانی ببێ بە شاو، ڕژێمێکی فارسچێتیی شۆڤێنیستانەی دەبرد بەڕێوە، بەڵام فارس نەبوو، بەڵکو لەبنەماڵەیەکی ترك بوو، زمانی مالەوەشی، هی خۆیو کەسوکاری هەر ترکی بوو. هەر لەو رووشەوە، زۆر گوێڕایەڵی مستەفا کەمالی ئەتاترك بوو، کە لە 1ی خوردادی 1313 (1934/5/22)دا چووبوو بۆ سەردانی ئەتاترك، هەر بە ترکی قسەیکرد لەگەڵی، بێ وەرگێڕ. ئەم راستییە ناصر امینی (ناسری ئەمینی) لەبیرەوەرییەکانیدا دەیگێڕێتەوە بۆمان. ئەمینی ڕۆژنامەوانێکی ناسراوی ئێرانییە، کە بۆ چەند ڕۆژنامەو رادیۆی ئێرانی لەسەردەمی هەردوو شادا کاریکردووەو، لەو سەفەرەی ڕەزا خاندا بۆ لای مستەفا کەمال لەگەڵی بووە (تەماشای: ناصر امینی: روزها ورازها (ڕۆژانو نهێنییەکان)؛ پاریس 1377 ل119). ڕەزاخان دەیزانێ ئێران نابێتە دەوڵەتێکی ترکی، بەڵام بۆ ڕێگرتن لەکورد، شۆڤێنیزمی فارسی کردە کوتەكو زۆربەی دەسکەلاکانی کە شۆڤێنیزمی فارسیان بەسەر کورددا دەسەپاند، ترکی ئازەربایجان بوون، یەکێك لەوانە ئەحمەدی کەسرەوی تەوریزی بوو. دەبێ ئەوەش بزانین کە ئابووریی ئێرانو بازاڕی ئێرانو زۆربەی زۆری کاربەدەستانی ئێران ترکن. تەنانەت خامەنەییش ترکە. دوکتور موسەدیق و زەهیر نەژادو خەڵخالیش ترك بوون.

(3)- سێیەمین جۆری بەڵگەنامەکان کە ئێستا لەبەردەستماندایە، بەڵام ئەو ساڵەی چاپی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە "نیشتمان" لەچاپ دەرچوو (1985) هێشتا نەکەوتبووە دەست کەس، بیرەوەرینامەی ئەو کەسایەتییانەن کە لەگەڵ ڕووداوەکانی سەردەمی کۆماری کوردستانو حکوومەتی میللی ئازربایجاندا، ژیاونو لەنێزیکەوە ئاگایان لەڕووداوەکانی بووە، یان ئەو کەسانەن کە لەوێدا ڕۆڵێکیان گێڕاوە. لەوانە بیرەوەرینامەکانی ئەفسەر مورتەزا زەربەخت (1921-2003/7/25) کە لەو کاتەدا فڕۆکەوان بووە لەهێزی ئاسمانیی ئێراندا. بەڵام دوایی لەگەڵ حەفتا (70) ئەفسەری دیکەی لەشکری ئێران، بوونەتە ئەندامی فیرقەی دێمۆکراتی ئازربایجان. بۆ بوونی ئەم بیرەوورینامەیە، دەبێ سوپاسی بەڕێز حەمید ئەحمەدی (حمید احمدی) بکەین کە لەمانگی نۆڤەمبەری 1995دا لەبەرلین، وتووێژێکی کردوە لەگەڵیو پاشان لەپەرتۆکێکدا لەژێر نێوی "گذار ازتوفان" (پەڕینەوە لە لافاو)، لەبەرلین لەساڵی 2001(؟) دا بڵاوکراوەتەوەو چاپی دووەمیشی لەتاران، لە ساڵی 2003دا، لەژێر سەر نێوی "خاطراتی از سازمان افسران حزب توده، ایران" (بیرەوەرینامەیەك لەڕێکخراوی ئەفسەرەکانی حیزبی توودەی ئێرانەوە) بڵاوکراوەتەوە.

ئەفسەری فڕۆکەوان زەربەخت، لەگەڵ دوو فڕۆکەوانی ئازەریی دیکە دەچێ بۆ کوردستان بۆ ئەوەی لە سەقز "فڕگەیەکی کاتی" دابمەزرێنێ. ئەم سێ کەسە لە 1946/12/12دا دەگەنە لای فەرماندەی لەشکری کوردستان، جەنەرال مستەفا بارزانی، کە پاش شکستهێنانی ڕاپەڕینی بارزانییەکان، بەسەرۆکایەتیی وی، لەباشووری کوردستاندا، لەلایەن هێزی ئاسمانیی بەریتانیاوە، لەگەڵ هاوکارەکانی ڕوویانکردبووە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو، لەلایەن قازی محەممەدەوە کرابوو بە فەرماندەی لەشکری کوردستان. زەربەخت بە بارزانی دەبێژێ، ئەوان بۆ ئەوە هاتوون یارمەتیی بەرەی جەنگ بدەن لەکوردستاندا دژی لەشکری ئێران، بەدامەزراندنی فڕگەیەکی کاتی لەنێوچەی سەقز. کاتێك زەربەخت نەخشەی دامەزراندنی فڕگەکە بە بارزانی ڕادەگەیەنێ، سەری سووڕدەمێنێ لە کاردانەوەی بارزانی بەرامبەر بەوە. چۆنکە بارزانی تەماشایەکی زەربەخت دەکاتو پێدەکەنێ، بەڵام پاش ئەوە، بارزانی پێیدەبێژێ: "ئێوە درەنگ هاتوون، چۆنکە پیشەوەریو سەرۆکایەتیی فیرقەی

دێمۆکراتی ئازەربایجان هەڵاتن". لەمەدا زەربەخت دەبێژێ: هیچ ئاگای لەوە نییەو بەبارزانی دەڵێ: "ئەوە مانای چی؟". بارزانیش وا وەرامی دەداتەوە: "بە تەواوی وایە وەك پێتمگوت". ئەوجا بارزانی تەلگورافی پیشەوەری دەداتە دەست زەربەخت. زەربەخت دەبێژێ: "تەلگورافەکەم خوێندەوە، نێو ئاخنەکەی بەم شێوەیە بوو: "بۆ هەموو یەکانە (سەربازییەکان) کە لەبەرەکاندان: لەشکری ئێران، بەهۆی دەستپێکردنی هەڵبژاردنەوە (بۆ پەرلەمان) دێ بۆ ئازربایجان. نابێ بەهیچ جۆرێك دژی ئەم لەشکرە بەربەرەکانی بکرێ. پێویستە هەموو یەکانەکان بگەڕێنەوە بۆ مۆلگەکانی پێشووی خۆیان. ئیمزا. پیشەوەری" (سەرچاوەی نێوبراو، چاپی تاران ل112-111و چاپی بەرلین ل117-119).

پاش ئەوەی زەربەخت دڵنیا دەبێ لەڕاستیی هەواڵەکە، خۆی دەخاتە خزمەتی بارزانی. بارزانیش ترومبێلێکی جیپو هاژورێك دەخاتە خزمەتیانەوە. یەکی تفەنگێكو بڕێ تەقەمەنیشیان دەداتێو، بەرەو مەهاباد دەکەونە رێ (هەر ئەوێ، ل113-117). زەربەخت لەڕێ چەند ئەفسەرێکی دۆستی خۆی لەو هەواڵە ناخۆشە ئاگادار دەکاتەوە. هێندەك لەو ئەفسەرانە لەگەڵ مەلا مستەفا دەکەونەڕێ. ئەفسەرێکی ئازەری کە نێوی ملازم رامتن دەبێ، لەگەڵ بارزانی ناکەوێتەڕێ، بارزانیش پێیدەڵێ: "ئارەزووی خۆتە"، بەڵام دوایی لەلایەن لەشکری ئێرانەوە لە مەراخە دەستگیر دەکرێو، هەر لەوێ لەگەڵ ملازمێکی دیکە کە نێوی سوبحی بووە، فەرمانی لەسێدارەدانیان دەدرێ.

زەربەخت باسی رۆژانی سەختو تەنگانەی خۆیان لەکوردستاندا دەگێڕێتەوە، کە چۆن کەوتوونەتە وڵاتێك، زمانی کوردی نازانن‌و نێوچەکە ناناسن. کە دەگەنە مەهاباد، بەپرسیار مەڵبەندی قازی محەممەد دەدۆزنەوە. زەربەخت لەو وتووێژەدا کە لەگەڵی کراوە دەبێژێ:



"ئێمە حەوت ئەفسەر بووین کاتێك رۆژی 1946/12/13 گەیشتینە مەهاباد. بارزانی سێ (3) ئەفسەری تۆپخانەی لەگەڵ خۆی بردبوون بۆ مەهاباد و نەخدە. ئێمە چووین بۆ بیرۆی قازی محەممەد. سڵاومان لە قازی محەممەد کرد. هەمووشمان چەکمان پێبوو و جلکی تایبەتیی حیزبی ئازەریمان لەبەردا بوو. نیشانە لەشکرییەکانیشمان پێوەبوو. قازی محەممەد، زۆر بەڕێزانە پێشوازی کرد لێمان‌و گوتی "فەرموو دانیشن. لەکوێوە هاتوون؟ ئێمەش گوتمان: ئێمە لەسەقز بووین، کاتێك هەواڵی ئەو تەلگورافەی پیشەوەریمان زانی کە ناردبووی بۆ یەکانە لەشکرییەکان‌و هاتین بۆ ئێرە". قازی محەممەد گوتی: "بەرچاییتان خواردووە؟ گوتمان: نەك بەرچایی، نانی ئێوارەشمان نەخواردووە". قازی محەممەد فراقین (نانی بەیانی) داوا کرد بۆمان. نان‌و پەنیرو چایی شیرین هێنران بۆمان. ئێمەش دەستمانکرد بە خواردن‌و قسەکردن. لەپێشەوە گوتمان: "ئەوە بۆچی وایلێهات؟". قازی محەممەد گوتی: پێرێ ئێوارێ، واتا 12/11، پیشەوەری تەلەفۆنیکرد لێم‌و گوتی: "فەرماندراوە پێمان، کە بچین بۆ جولفا. ئێمەش لەگەڵ ژن‌و منداڵەکانمان دەچین بۆ جولفا. ئێوەش لەگەڵ خێزانەکانتان‌و منداڵەکانتان وەرن بۆ جولفا، بۆ ئەوەی لەوێوە بچین بۆ یەکێتیی سۆڤێت". قازی محەممەد درێژەی بەقسەکەی داو گوتی: "من رەتمکردەوەو پێمگوت: نە، ئەز نایەم لەگەڵت‌و لێرە دەمێنمەوە. هەر بەڵایەك بەسەر گەلەکەم دێ با بەسەر منیش بێت".

قازی محەممەد لەئێمەی پرسی: "باشە ئێستە ئێوە دەتانەوێ چی بکەن؟" ئێمەش گوتمان: "دەمانەوێ بچین بۆ یەکێتیی سۆڤێت، چونکە هیچ رێیەکمان بۆ نەماوەتەوە". "باشە ئێمە، ئەوکاتە هێشتا باوەڕمان نەدەکرد کە کاربەدەستانی یەکێتیی سۆڤێت هیچ هەڵەیەك بکەن. ئێمە پێمان وابوو یەکێتیی سۆڤێت "بەهەشتێکە"و ئێمەش دەگرێتە باوەش خۆی. یەك چرکەش چییە، بەخەیالماندا

نەهات گومان لە سۆڤێتو رەوتی رامیارییەکەی بکەین. ئێمە ئەوکاتە ستالینمان بەرێبەری زەحمەتکێشانی جیهان دەزانی".

قازی محەممەد گوتی: "بەڵام ئێوە ناتوانن ئا بەم شێوەیە بکەونەرێ. ئەم چەکانەی هەڵتانگرتووە، دەبێتە مایەی کوشتنی ئێوە، پێویستە جلکەکانیشتان بگۆڕنو جلکی کوردی لەبەر بکەن". پاش ئەم ئامۆژگارییە، قازی محەممەد گوتی: "ئەز رۆنکردنەوەیەك بۆ هۆزە کوردەکان دەنووسم، کە رەنگە ئەوە بەکەڵکتان بێ". ئەوجا، چەند دیڕێکی نووسی بۆ هۆزە کوردەکان، کە بەنێزیکە ئەم نێو ئاخنەی خوارەوەی تێدابوو: "برا کوردەکان. ئەمانە ئەفسەری ئازربایجانن. هاتبوون بۆ لامان بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدەن. ئێوەش چیتان لەدەست دێ بۆ یارمەتیدانیان درێخی نەکەن لێیان".

"مخابن! نایەتەوە بیرم لەکوێ ئەو دەستنووسە سەری تێداچوو. رەنگە ئەو نامەیە گیرابێ لێم، ئەوکاتەی کە ئێمە بەدیل گیراین. یان ئێمە خۆمان لەنێومان بردبێ. نازانم چۆن بوو. قازی محەممەد رایسپارد جلکی کوردییان هانی بۆمانو، ئێمەش لەبەر خۆمان کرد. جلکەکە پۆشاکێکی گەرم بوو، کە گەرمیی لەخۆیدا رادەگرت. قازی محەممەد بەهەریەکێکمان دووسەت تمەن پارەی گیرفانی دا پێمان. پاشان بیرم لەوە کردەوە، ئەم پیاوە چ مرۆڤێك بوو، کەوا لەوکاتە تەنگانەیەدا، بەبێ خۆشلەژاندنو بەو رەوشتەوە کە هەیەتی وا لەسەرخۆ بوو و، ویستی رانەکاو بمێنێتەوەو، مردنی گرتە خۆی هەر بۆ ئەوەی گەلەکەی بەتەنی بەجێنەهێڵێ. کاتێك لەشکری (ئێران) دەستی بە پەلاماردانی ئازربایجان کرد، قازی محەممەد لە مەهاباد مایەوەو، لەگەڵ لەشکری نێوەندیی (مرکزی) هاوکاریکرد. کە لەشکر کشایە نێو مەهابادەوە، نەیهێشت تاکە یەك کورد خوێن لە لووتێ بێو ئارامییو هێمنی راگرت. دوای ئەوە، خۆیو براکانی گیرانو خرانە بەردەم دادگەو هەموویان لەسێدارەدران".

زەربەخت لەسەر قسەی خۆی دەڕواو دەبێژێ:



"ئەو رۆژەی کە ئێمە قازی محەممەدمان بەجێهێشتو گەیشتینە گۆڕەپانە گەورەکەی مەهاباد، هاورێمان مەحموود تەوەکولی (محمود توکلی) گوتی: "کێـ..م بە سمێڵی ستالین، کە رۆژی ئێمەی گەیاندە ئەم رۆژە". بەم وشانەی مەحموود، ئێمە هەموومان پەست بووینو بێزاریی خۆمان دەربڕیو گوتمان: "مەحموود ئەوە تۆ چ دەبێژیت؟.

مەحموود وا وەرامی دایەوە:

"ستالین هاتو حکوومەتێکی دامەزراند. حیزبێکی هەڵبەستو ئێمەشی رەوانەی ئەم شوێنە کرد. گەلێکی گەورەیان بەجێهیشت. ئەوان (سۆڤێتیەکان) لەشەوێکدا بەئاوی ئارازدا گەڕانەوە شوێنی خۆیان. ئێمەش دەبێ بۆ خۆمان بیکوتین".

زەربەخت لەو بارەیەوە دەبێژێ:

"دیارە ئێمە زۆر بێزار بووین لەو قسانەی مەحموود، (چۆنکە) باوەڕی ئێمە (بە سۆڤێتیەکان تا ئەو دەمە) زۆر پتەوو بێسنوور بوو و، ئێمەش بەو پێیە هەڵسوکەوتماندەکرد. ئێمە بە خۆمان دەگوت: ئەوەی کە روویداوە، بارودۆخەکە وای پێویست کردووە".

زەربەخت هەڵوێستی پیشەوەریو قازی محەممەد، بەم شێوەیەی خوارەوە هەڵدەسەنگێنێ:

"لایەنێك قازی محەممەدەو لایەنەکەی دیش پیشەوەرییە. ئەز بەم بەراورد کردنە نامەوێ بێژم کە پیشەوەری مرۆڤێکی خراپ بوو. نەخێر. پیشەوەری مرۆڤێك بوو، باوەڕی بە سەرەتایەك هەبوو، بەڵام لەپڕ دی کە، پاڵپشتی نییەو بێ چارە ماوەتەوە. هەر ئەو وشانەی کە قۆلێیف (سەرکردەی فەرمانگەی نهێنیی سۆڤێت لەتەورێز) پێیگوتبوو، کاتێك ئەو (پیشەوەری) چوو بووە لای بۆ ئەوەی بەربەرەکانی بکات، قۆلێیف پێیگوتبوو: "کاتی هەشتی ئێوارێ لەئاجی چای بە، کە تۆ لەوێوە دەبێ بچیت بۆ جولفا". پیشەوەری پرسیاریکردبوو لێی: "ئەوە مانای چی؟ ئێمە خەباتمان

کـردووەو بـەڵێنمان داوە بـە گەلەکـەمان. پێویـستە بمێنینـەوەو بـەرخودان بکـەین".
قۆلێیف لەوێ (لەکۆنسلخانەی سۆڤێت لەتەوریز بە ترکی ئازەریی پێیگوتبوو "سـەنی گێتیرەن، سەنە دییە؛ گیت" (ئەوی تۆی هێنایە ئێرە، پێتدەبێژێ، بڕۆ). ئەدی... بـەم جـۆرە پیـشەوەری "چـەککرا"و لـەژێر کـارتێکردنی باوەڕیـدا بـە یـەکێتیی سـۆڤێت، پیشەوەری رازی بوو کە بڕوا".
زەربەخت لەسەر قسەکانی دەڕوا:
"بە هەر جۆرێك بـێ. بـێ هـۆ نـەبوو، کـە لـەئێوارێی شـۆرش (ئێـران)داو بـە بۆنـەی سـاڵڕۆژی لەسـێدارەدانی قـازی محەمـەدەوە لـە (1947/3/31دا) سـەتهەزار کـەس لەدەوری گۆڕی قازی محەمەد کۆبوونەوەو شـکۆدارانە یادیـانکردەوە، وەك رۆژنامـەکان نووسیبوویانو خۆشم لەبیرم ماوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێـران بـەهۆی قـازی محەمەدەوە، سەرەتی (امتیازی) دەسکەوت. ئەرێ... قازی محەمـەد هێزێکـی مینـاکی (معنـوی) وای هـەبوو... بەپێـچەوانەی ئەمـەوە، دیمـان کـە فیرقـەی دێمـۆکراتی ئازربایجـان، لایـەنگرانی دەسـتنەکەوت. خەڵکەکـە باوەڕیـان بـە فیرقـەی دێمـۆکراتی ئازربایجان نەبوو" (هەر ئەوێ ل117-121).
زەربەخت، باسی ئازایەتیو بەربـەرەکانی پێـشمەرگە بارزانییـەکان دەکـات کـە 502 کـەس بـوون (هـەر ئـەوێ ل146) لـە دژی لەشـکری ئێـرانو، ژیـانی کولەمـەرگیی خێزانەکانیان لەو رۆژانەدا دەگێڕێتەوەو دەبێژێ: "مـەلا مستەفا لەپێشەوە نەیدەویست بچێ بۆ سۆڤێتو دەیویست بەشەڕ بگەڕێتەوە نێو عێراقو حکوومـەتی عێـراق ناچار بکات بکەوێتـە وتووێـژ لەگـەڵیو توانیـشیان بـچنەوە نێوچـەی بـارزان، بـەڵام دوایـی لەلایەن لەشکری عێراقەوە ئابلووقەدران، پاش ئەوەی کە زانیان دەرەقەتی لەشکری پڕ چەکی عێراق نایەن، کشانەوە بۆ نێو ئێرانو لەوێشەوە بەشەڕێکی سـەختو بـەرۆباری



گۆڤاری نیشتمان
جەمال نەبەز

ئـارازدا خۆیـان گەیانـدە سـۆڤێت. مـەلا مـستەفا دوا کـەس دەبـێ کـە لەئاوەکـە دەپەڕێتەوە" (هەر ئەوێ).
شایانی باسە، مورتەزا زەربەخت (مرتـضی زربخت) لـەبارەی رێپێـوانی بارزانییـەکان بەدرێژایی 500 کیلۆمەتر لەماوەی بیست رۆژدا بەرەو سۆڤێت، وتـارێکی نووسـیووە لەژێر سەرنێوی: "از کردستان عراق تا أنسوی رود ارس" (لەکوردستانی عێراقەوە تـا ئەودیوی رووباری ئاراز) تاران (تهران)، انتشارات شیراز 1376 (1997).
سەرنج: عەلی رەزمارا (رزم آرا) سەرۆکی سوپای ئێران لەماوەی جەنگی جیهـانیی دووەمـدا، لەبـەردەم رۆژنامەوانانـدا لـەبارەی بارزانییەکانـەوە گوتبـووی: "لەسـووت وەرگرتندا لەزەوی بۆ بەربەرەکانی، مامۆستای بـێ هاوتـان، لـە تەقەمـەنیو ئـامێری شـەڕدا پاشـکەوتکارنو زووش هەسـت بـە لایەنـە بێهێزیـەکانی دوژمـن دەکـەن، کـە ئەمەش شتێکی سەرسووڕهێنەرە. بـێ مانـدووبوونیش دەتـوانن بـە چیاکاندا تێپـەڕن (رۆژنامەی "أرس" ژ 77، 20 أسفند 1326= 1948/3/11).

## ئەنجامی باسەکە

لەم بەڵگەنامانەوە کەخرانەڕوو دەردەکەوێ کە حکوومەتی ئازربایجان بەسـەرۆکایەتیی پیـشەوەری لەلایـەن هێنـدەك لەترکـە ئازەرییـەکانی ئێرانـەوە کـە سـەر بەسـۆڤێتو هەڵگری بیرۆکەی مارکـسییانەی ناسیۆنالیـستانە بـوون، بـە پـشتگیریی راسـتەوخۆی سۆڤێت، بەتایبەتی میرجافەری باقرۆف، دامەزراوە. پیشەوەریو هاوکارەکانی، لـەنێو خەڵکی ئازربایجاندا بنکەیەکی فراوانیان نەبوو. زەوروزۆنگیـشیان بـەکار دەهێنـا دژی دژبەرەکانیان، بەتایبەتی دژ بەوانەی کە بەخاوەن زەویو زاری گـەورە دادەنـران. هـەر لەبەر ئەمـە، لەلایـەن هێنـدەك خـەڵکی وڵاتـی خۆشـیانەوە، کـە نێـوی خۆیـان نـابوو



هەواڵنامەی کیژێ

"نیشتمانپەروەرانی ئێران" بەربەرەکانی دەکرانو، کاتێك پیشەوەری رایکرد، هەزاران ئازەری لەئەنجامی ئەمەوە کوژران، وەك تۆڵە سەندنەوە لەحکوومەتی دێمۆکراتی ئازربایجان. ئەمەش، تەنانەت، بەر لەوەی لەشکری ئێران بگاتە ئازربایجان. چۆنکە هەلاتنی سەرکردە ئازەرییەکان بۆ سۆڤێت، بەبێ هیچ بەرخۆدانیو بەربەرەکانییەكو، تەنێ بەفەرمانی سۆڤێت، لایەنگرەکانیانی ناهومێد کرد. هەرچەندە باقرۆف —بەپێی ئارشیڤەکە- پێشنیازی کردبوو بۆ ستالین، کە ژیانی ئەندامانی فیرقە لەئێراندا بپارێزێ، بەلاّم ستالین بەوە رازی نەبوو. ئەگەرچی سەرکردایەتیی فیرقە رۆنیکردبووەوە، کە دژی لەشکری ئێران بەرخۆدان ناکات. لەگەلّ ئەوەشدا، 760 کەس لەسێدارەدران، لەنێو قوربانییەکاندا منداڵیش هەبوون، کە بەزیندوویی دەخرانە تەندوورەوە. هەمووی بەسەریەکەوە 5784 ئازەری، بەرەو سۆڤێت هەلاّتن، لەگەلّ ژمارەیەکی زۆر کەم کورد.

بارودۆخ لەکۆماری کوردستان بەتەواوی جۆرەکی دیکە بوو. دەسەلاّتدارانی کوردو لەپێش هەموویانەوە قازی محەممەدو لایەنگرانی (ژ.ك)، کە بووبوو بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانو، قازی سەرکردایەتیی دەکرد، لەباری رامیارییەوە لیبەرال بوون. ئەوانە، نە کۆمۆنیست بوونو، نە گوێبەفەرمانی یەکێتیی سۆڤێت. دەیانویست ئەو دەرفەتەی کە ماوەیەکی دوورودرێژ بوو چاوەڕوانیاندەکرد، بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆیان بەکاربهێنن. لەماوەی دەسەلاّتدارێتیاندا، بەهیچ جۆرێك تۆڵەیان نەسەندەوە لەدەوڵەمەندەکانی ولاّتەکەیان بەنێوی شەڕی چینایەتیو لەپێناوی "دیکتاتۆرێتیی پرۆلیتاری"دا. زۆربەی ئەندامانی حکوومەتەکەیان پێکهاتبوو لەتوێژێکی مام نێوەندیو کەسانی رۆشنبیر. دیارە دەرەبەگەکانو ئەو ئاغایانەی کە پێوەندداری رژێمی شا بوون، دژایەتی کۆماری کوردستانیان دەکردو لەپەرەسەندنی بیری ئازادیخوازیی دەترسان، بەلاّم دەیانزانی بارودۆخەکە لەبەرژەوەندیی وان نییە بچن بەگژ





کۆماری کوردستاندا، بێجگە لەوەش حکوومەتی کوردستان، بەپێچەوانەی حکوومەتی ئازربایجانەوە، دەستی لە ئاغاو خاوەن زەویو زارەکان نەدەوەشاند، بەهیوای ئەوەی دەست بۆ خراپەکاری نەبەن. کەواش دەرنەچوو. ئێستە بۆ ئەوەی جیاوازیی نێوان هەلّوێستی قازی محەممەدو هەلّوێستی پیشەوەری تێبگەین، کە زەربەخت باسیکردووەو سەریسووڕماوەلێی، دەبێ پاشخانی کەسایەتیو ژیننامەی هەردووکیان بخەینە بەرچاو:

پیشەوەری لەخالّخالّ (ئازربایجان) لەسالّی 1893 (یان 1894)دا لەنێو خێزانێکی هەژاردا لەدایکبوو، هەر بەمندالّی لەگەلّ باوكو دایکی کۆچیکردووە بۆ قەفقاس. لەوێ چووەتە قوتابخانە. پاشان، وەك مامۆستا کاریکردووە. لەژێر کارکردنی بزووتنەوەی مارکسیستە رووسەکاندا، بەتایبەتی لێنین، لەشۆرشی ئۆکتۆبەری 1917دا بەشداریکردووەو، لەرۆژنامەی کۆمۆنیستیی ترکزمانی "ئاچق سوێز" (وتەی دانەپۆشراو، رەپوڕاست)و رۆژنامەی فارسیزمانی، "ئازربایجان بەشێکی ئێرانە، جیاناکرێتەوە لێی" زمانی حالی "حیزبی دێمۆکراتی ئێران" وتاری دەنووسی. ئەم دوو رۆژنامەیە، هەردووکیان لە باکۆ دەردەچوون. لە هاوینی سالّی 1919دا کرا بە ئەندامی کۆمیتەی نێوەندیی "حیزبی عەدالەت" (دادپەروەری). ئەم حیزبە لەمانگی گولانی 1917دا لەباکۆ دامەزراو لەسالّی 1920دا نێوی خۆی کردە "حیزبی کۆمۆنیستی ئێران". پیشەوەری گەلێك وتاری لەرۆژنامەی "حوڕڕیەت" (ئازادی)دا نووسی کە ئۆرگانی ئەم حیزبە بوو. هەروەها لەڕۆژنامەی "یۆلّداش" (هاوڕێ)دا. لەو وتارانەدا پرۆپاگەندەی بۆ بیرۆکەی "شۆرشی پرۆلیتاریا" لەئێراندا دەکرد، لەژێر ئالاّی (لێنینزم"دا. پیشەوەری لە "شۆرشی جەنگەلّ"یشدا بەشداریکرد، کە بۆ ماوەیەکی کورت "کۆماری سۆسیالیستی سۆڤێتی ئێران"ی لە گیلان دا دامەزراند. هەر لەم ماوەیەدا، وتاری لەڕۆژنامەی "حەقیقەت" (راستی)دا دەنووسی، کە زمانحالّی ئەم



هەواڵنامەی کتێب

پارتە کۆمۆنیستەی ئێران بوو. پاش ئەوەی ئەفسەری جەندرمەی قەزاق، رەزاخان، لەساڵی 1921دا، کودەتایەکی لەدژی رژێمی قاجاری کردو، بەیارمەتیی دەسەڵاتدارانی بەریتانیاو رووسیا، خۆی نێونا "شا"و ئەوجا، رژێمە ملهورەکەی هەموو جۆرە چالاکییەکی رامیاریی لەئێراندا رێبەند کرد، پیشەوەری هەڵات بۆ باکۆ، بەڵام پاش ماوەیەك گەڕایەوە بۆ ئێران. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، لەدووەمین کۆنگرەدا کە لەساڵی 1927دا بەسترا، ئێرانی وەك دەوڵەتێکی فرە نەتەوە لەقەڵەمدا. هەروەها دانی نا بەمافی هەریەك لەو نەتەوانەدا بۆ بڕیاردان لەبارەی چارەنووسی خۆیانەوەو، لەنێو ئەوانەشدا مافی سەربەخۆبوون. پیشەوەری لەساڵی 1931دا گیراو، لەبەندیخانەی رەزاشادا مایەوە تا ساڵی 1941، واتە ئەو کاتەی رەزاخان لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە کە ئێرانیان داگیر کرد، ناچار کرا دەست لەشایەتی بکێشێتەوەو، ئێران بەجێبهێڵێ. داگیرکردنی ئێرانو فنشکردنی رەزا شا بەتۆمەتی هاوکاریکردنی بوو لەگەڵ رژێمی ئەڵمانیای نازی. کە پیشەوەری بەرەڵلا بوو، چووە نێو حیزبی تودەی فەرمانبەگوێی مۆسکۆوە، کە لەلایەن دوکتۆر تەقی ئەرانییەوە دامەزرێندرابوو کە ئەویش ترکێکی ئێرانی بوو، بەڵام فارسچێتی دەکرد. پیشەوەری ماوەیەکی کورت لەنێو حیزبی توودەدا مایەوە، ناکۆکیی کەوتە نێوان وی وئەرانییەوەو، وازی لەحیزبی توودە هێناو چوو بۆ تەورێز. لەوێ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا، فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجانیان دروستکرد، وەك حیزبێکی بیرو باوەڕ تێکەڵێك لە کۆمۆنیستیو ناسیۆنالیزمی ترك. پیشەوەری کۆمۆنیستێکی باوەڕداربوو لەسەر هێڵی یەکێتیی سۆڤیێتو، لەمەشەوە باوەڕی بەوە بوو کە "هەڵەو ناتەواویو فرتوفێڵ" بۆ مارکسیزم- لێنینیزمو نوێنەرەکەی ئەو سەردەمەی، واتە ستالین نەبووەو نابێ.





قازی محەمەد، بەپێچەوانەی پیشەوەرییەوە، لەخێزانێکی دەوڵەمەندی دەستڕۆیشتووی رۆژهەڵاتی کوردستان هاتبووە جیهان. لەمنداڵییەوە، بە پەروەردەیەکی کوردانەی موسڵمانانە گەورە کرابوو. خێزانی قازی محەمەد، مینا خانم، لەوتووێژێکدا لەگەڵ رۆژنامەنووسی ئەڵمانی، دوکتۆر هەنە کویشلەر، لەم بارەیەوە دەبێژێ:

"مێردەکەم، قازی محەمەد، لەتەواوی ژیانیدا، هیچ کاتێك کۆمۆنیست نەبووە. قازی محەمەد موسڵمانێکی باوەڕداربوو. هەموو رۆژێك زوو، کاتی شەشی بەیانی دەچوو بۆ مزگەوت، لەوێ نوێژی دەکرد. بە هیچ جۆرێك کۆمۆنیست نەبوو". (هەنە کویشلەر: تروسکەیەکی رۆناکی پاش پەنجا ساڵ، کۆماری کوردستان لەساڵی 1946دا، وتارێکی رادیۆییە کە لەرۆژی 18/ 1/1996دا لەبەشی Studiozeitی رادیۆی دۆیچلاند فونك Deutschland Funk بڵاوکرایەوەو، هەروەها لەرادیۆی سوید دۆیچەروند فونك Schulfunk / Süddeutscher Rundfunk لەرۆژی 1997/2/5دا دووبارە کرایەوە (دۆیچلاند فونك رادیۆی سەرتاسەریی ئەڵمانیایە).

بەم پێیە قازی محەمەد، وەك سەرۆکێکی رێسایی کورد، باوەڕی بەشەڕی چینایەتی "دیکتاتۆرێتیی پرۆلیتاریا"، یان دامەزراندنی "دەوڵەتی خوا" لەکوردستاندا نەبوو. تایبەتکارەکانی سەرکردە رێساییەکانی کوردم، لەم لێکۆڵینەوەی "نیشتمان"داو، بۆ یەکەمجار، بەتێرو تەسەلی خستووەتە بەرچاو. قازی محەمەد، بەم پێیە، دوور بوو لە ئیدیۆلۆژیا پەرستییەوە. مرۆڤێکی لیبەرال بوو. لەکۆمارەکەی قازی محەمەدا، ئاشتیو هێمنی هەبوو و، هیچ شەڕێکی نێوخۆیی روویندا، هەر لەبەر ئەوەشبوو، زۆر لە ئازەربایجانییەکان: دەیانویست کۆچبکەن بۆ کوردستان. خێزانی قازی محەمەد، مینا خانم، هەر لەو وتووێژەی کە لەگەڵ هەنە کویشلەردا کردوویەتی دەبێژێ:

"سەرکۆماری ئازەربایجان، لەماوەی دەسەڵاتدارێتیی خۆیدا، زۆر کەسی کوشت. ئازەربایجانییەکان هێندە توورە بوون لێی، زۆر جار دەیانگوت: "ئێمە دەمانەوێ بێینە

کوردستانو، ببینە هاوولاّتیی کوردستان" دەیانگوت "دەمانەوێ لەژێر ئالاّی کوردستاندا بژین. نامانەوێ ئێدی لەتەوریز بژین" (هەر ئەوێ).

قازی محەمەد، یەکێتیی سۆڤێتو دەسەلاّتدارەکانی بە "هاورێی خۆی"و "بێ هەڵەو ناتەواوی" نەدەزانی. ئەوانە، بۆ قازی محەمەد، تەنێ "بەشداری بازرگانیی رامیاری" بوون، کە بەدوای بەرژەوەندیی خۆیاندا دەگەڕان. هەر لەبەر ئەوەش بوو، قازی محەمەدو فەرماندەی لەشکرەکەی، واتە جەنەراڵ مستەفا بارزانی، لەهەڵوێستی پیشەوەری نەدەگەیشتن، وەك زەربەخت لەم بارەیەوە لەباسی چاوپێکەوتنەکەیدا لەگەڵ بارزانی دەیگێڕێتەوە. قازی محەمەدو هاوخەباتەکانی، خۆیان بەپێوەنداری یەکێتیی سۆڤێت نەدەزانی. کاتێك دییان، کە کۆماری کوردستان ئێدی ناتوانێ بژی، هەڵوێستێکی دیکەیان هەبوو، جیا لەهەڵوێستی پیشەوەریو باقرۆف. بۆیە، نەهانایان بردە بەر ستالینو، نە تکای یارمەتییان کرد لێی. ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێ کە لە هەموو ئەو وتووێژانەدا کە لەنێوان هاوپەیمانانی جەنگی دووەمدا کرانو، لەنێو ئەوانەدا یەکێتیی سۆڤێت، تەنێ قسە لەبارەی ئازربایجانەوە کراو، بەیەك وشەش چییە، باسی کوردستان نەهاتە پێشەوە. چۆنکە یەکێتیی سۆڤێت، بەپێچەوانەی کێشەی ئازربایجانەوە، کێشەی کوردی، تەنانەت یەك جاریش، لەگەڵ ئێرانییەکان باس نەکرد.

قازی محەمەد، یەکێتیی سۆڤێتی بە "بەهەشتی سەر زەوی" دانەدەنا. بۆ وی، وەك سەرکردەیەکی رێسایی کورد، هەلاّتنو راکردن بۆ یەکێتیی سۆڤێت بە فەرمانی ستالین، کە پیشەوەری ئەو پێشنیازەی کردبوو بۆی، بەدەستەوەستانی بەرامبەر گەلەکەیو سەرشۆڕییەکی بێوێنە دەزانی، هەرچەندە بەتەواوی دەیزانی لەسێدارە دەدرێ. ئەمەش لەو قسەیەدا دەردەکەوێ کە زەربەخت لەبارەی سەردانەکەیەوە لە قازی محەمەد، تۆماریکردووەو، بووە بە بەڵگەیەکی مێژوویی. راستییەکەی قازی





محەمەدیشو جافەری پیشەوەریش، هەردووکیان خاوەنڕەوشت بوون. بەلاّم رەوشتیی هەردووکیان لەیەك جیاواز بوون. قازی محەمەد، خاوەنی رەوشتێکی کوردانەی رێساییانە بوو، لەکاتێکدا پیشەوەری خاوەن رەوشتێکی مارکسیستی سۆڤێتانە بوو. لەئەنجامی ئەمەوە. قازی محەمەد، لەلایەن رژێمی شای لێخراوی ئێرانەوە لەسێدارەدرا. لەکاتێکدا پیشەوەری لە پەنابەرێتیی تاراوگەی سۆڤێتداو، لەسەردەمی دەسەلاّتی ستالیندا، گوایە بوو بەژێر ترومبێلەوە. هەردووکیان بوونە قوربانیی رەوشتو باوەڕیان.

## کۆتایی:

لە 1/22ی ئەمساڵدا شەستو دوو ساڵ تێپەڕی بەسەر 1946/1/22دا، واتە، ئەو رۆژەی کۆماری دێمۆکراتو لیبەرالی کوردستان لەخۆرهەلاّتی ناڤینداو لەسەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا دامەزرا. ئەمساڵو لەو رۆژەدا، کورد، چ لە کوردستانو چ لە هەندەران، لەژێر ئەو ئالاّیەدا، کە قازی محەمەد لەکاتی خۆیدا هەڵیکردبوو، بەوپەڕی سەربەرزیو شانازییەوە، یادیانکردەوە. لێرەدا خۆشییەکی گەورەیە بۆ من کە لەم پێشگۆتنەدا، بە چەند بەڵگەنامەیەکی نوێوە، توانیومە پێشانی بدەم کە ئەم رامیارە کوردەو دەوڵەتبەرێوەبەرە، قازی محەمەد، کۆماری کوردستانی بە چ رۆمەتو شکۆیەکەوە بەڕێوە بردووەو، ئەوەش وایکردووە کە چ لەلایەن خەڵکی وڵاتەکەی خۆیەوەو، چ لەلایەن بیانیانەوە رێزی بگیرێو بەرز تێبڕوانرێ. ژیان بۆ کەس تا سەر نامێنێ، بەلاّم نێو، باش یان خراپ، بۆ هێندەك کەس دەمێنێ.

جەمال نەبەز

بەرلین 2008/11/25

## چاپی دووەم 2009


| پێڕستی باسەکان | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشگۆتنێك بۆ ئەم چاپە نوێیە........................................ | 3 |
| لەجیاتی سەرەتا.................................................... | 32 |
| بەندی یەکەم/ ناسیۆنالیزمی کوردی (کوردایەتی) ................... | 36 |
| بەندی دووەم/ ناسیۆنالیزمی کوردو سەرکردەیەتیی کلاسیك .......... | 47 |
| بەندی سێیەم/ هۆردە بۆرژوای کوردو بیری ناسیۆنالیزم ............... | 61 |
| بەندی چوارەم/ بیری نەتەوەیی‌و ناسیۆنالیزم‌و ڕێبازی کوردایەتی ....... | 75 |
| بەندی پێنجەم/ گۆڤاری "نیشتمان"- زمان حالّی "کۆمەڵەی ژێکاف".. | 84 |
| 1- ڕاستکردنەوەی چەند هەواڵێك لەبارەی "نیشتمان"ەوە........ | 84 |
| 2- ژمارەکان‌و شێوەی دەرەوەی گۆڤاری "نیشتمان" ........... | 86 |
| بەندی شەشەم "کۆمەڵەی ژێکاف" لەبەر ڕۆشنایی گۆڤاری "نیشتمان"دا ..... | 89 |
| (1) لەبارەی دامەزراندنی "کۆمەڵەی ژێکاف"ەوە...... | 89 |
| (2) ئامانجی "کۆمەڵەی ژێکاف"..................... | 96 |
| (3) "ژێکاف"و ئاین ............................. | 104 |
| (4) "ژێکاف" و مەسەلەی چینایەتی ................ | 110 |
| (5) "ژێکاف"و سۆڤێت‌و کۆمۆنیزم .................. | 113 |
| (6) "ژێکاف"و داگیرکەرانی کوردستان ............... | 125 |
| (7) "ژێکاف"و جەنگی دووەمی جیهانیی............. | 128 |
| (8) "ژێکاف"و مافی ژنان ......................... | 128 |
| (9) "ژێکاف"و کولتووری کورد ..................... | 133 |


هەوالنامەی کتێب

(10) کۆتایی باس‌و ئەنجام .......................... 134
پەراوێزەکان ............................................................ 138





## لەجیاتی سەرەتا

لەم مانگەدا، واتە تەمووزی 1983، چل ساڵی تەواو تێپەری بەسەر دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری "نیشتمان"دا کە لە تەمووزی 1943دا، وەك "بڵاوکراوەی کۆمەڵەی ژێکاف (ژ.ك)" پێی نایە مەیدانی رۆژنامەگەریی کوردییەوە، گرنگیی گۆڤاری "نیشتمان" هەر لەبەر ئەوە نییە کە چل ساڵ لەمەوبەر لەرۆژهەڵاتی کوردستانداو لەگەرماوگەرمی جەنگی دووەمی جیهانیی و کشانی لەشکری سۆڤێت‌و بەریتانیا بەسەر کوردستاندا؛ بەنهێنی دەرچووەو، لەم رووەوە، لەمێژووی رۆژنامەگەریی کوردستان‌و ئێراندا جێیەکی تایبەتی بۆ خۆی گرتووە، بەڵکو لەبەر ئەوەشە کە ئەم گۆڤارە زمانحاڵی رێکخراوێکی ناسیۆنالیستانەی کورد بووە کە لەلایەن هوردەبۆرژوای رۆشنبیری کوردستانەوە دامەزرێنراوەو، توانیوێتی لەماوەیەکی بەرێژە (نسبیاً) کورتدا؛ جەماوەرێکی زۆر گەورەی کوردی سەر بە هەموو چینێك‌و توێژێکی کۆمەڵایەتی (ئەریستۆکرات، سەرۆك هۆز، ئاغاوات، مەلای موسڵمان، قەشەی دیان، مامۆستا، قوتابی، کاسبکار، ژن... هتد) لەخۆی کۆبکاتەوەو، دوو ساڵ دوای دامەزراندنی، بەرێوەبەرێتیی خۆی بداتە دەست سەرکردەیەکی کلاسێکی نیشتمانیی وەك بەهەشتی قازی محەمەد (1893-1947/3/31)و، دوو ساڵێکیش پاش ئەوە، دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێنێ‌و ساڵێکێش رایبگرێ، کە ئەو دەوڵەتەش "دەوڵەتی جمهوری کوردستان"(1) بوو کە لە 1946/1/22دا بەسەرۆکایەتیی قازی محەمەد هاتەکایەی ژیانەوەو مەهابادی کرد بە پێتەختی خۆی.

لەبارەی "کۆمەڵەی ژێکاف"و گۆڤاری "نیشتمان"ەوە هەتا ئێستە باسێکی بابەتانەی گشتگرانە نەنووسراوەتەوە، بەڵام هێندێك زانیاری‌و هەواڵی پچرپچڕ لێرەو لەوێ بڵاوکراونەتەوە، کە بەشێکی سەرچاوەکانیان رۆژهەڵاتی‌و بەشێکی دیشی رۆژاواین،

لەپشکنینی ئەم سەرچاوانەوە دەردەکەوێ، کە ئەمانە هیچیان گۆڤاری "نیشتمان"یان لەبەردەستدا نەبووەو، دەنگوباسەکانیان هەر لە خەڵك بیستووە، یان لەیەکدی وەریان گرتووە، بۆیە یان بەجارێك هەڵەن، یان ناتەواون، لەبەر ئەوە، نووسەری ئەم چەند دێڕە خۆی بە بەختیار دەزانێ کە نەك تەنێ لەگەڵ چەند دامەزرێنەرێکی "کۆمەڵەی ژێکاف"و چەند نووسەرێکی گۆڤاری "نیشتمان"دا، هەر لەپەنجاکانەوە ناسیاویی هەبووەو، لەنێزیکەوە دەنگوباسی "کۆمەڵەی ژێکاف"ی بیستووە، بەڵکو هەموو بەرگەکانی گۆڤاری "نیشتمان"ی بێجگە لە دوو بەرگ کە نەیدیوون، ئەوانەی دیی هەموو کەوتووەتە بەردەستو، دەتوانێ لەبەر رۆناکاییی ئەوە، هەڵەو ناتەواوییەکانی راست بکاتەوە. ئەوەی راستی بێ؛ مێژووی کورد، نەك هەر مێژووی کۆنی، کەوا لەزەریایەکی تاریکیدا نوقوم بووە، بەڵکو تەنانەت مێژووی ئەم سەتەیەشی کە بەسەتەی چالاکیی بزووتنەوەی سیاسیو رۆشنبیریی کورد دادەنرێ، بەشی زۆری رووداوە گرنگەکانی لێڵو شێواوو پەرتك پەرتکە، ئەمەش، بەزۆری، بەهۆی ئەو زرووفە سیاسیو کۆمەڵایەتییە سەختەوەیە کە کورد تێیدا دەژی، کە لەئەنجامی ئەوەوە، زۆربەی زۆری بەڵگەنامە مێژووییەکانی کورد، یان بە جارێك لەنێوچوون، یان زۆر بەدەگمەن چنگ دەکەونو، ئەم دۆخە نالەبارەش، پێویستیی سەرشانی مێژوونووسو لێکۆڵەرەوەی یەکجار گران کردووە.

نووسەری ئەم پێشەکییە، کە لەتەمەنێکی زۆر خۆرتی ژیانییەوە خەریکی مێژووی کوردو رۆژهەڵاتی نێزیك بووە، هەر زوو هەستی بەم کەلێنە کردووە، لەبەر ئەوە هەتا پێی کرابێ بەڵگەنامەی کۆکردووەتەوەو پاراستوونیو لەگەڵ ئەو کەسایەتییانەشدا، کە خۆیان لەبزووتنەوە سیاسیو کولتوورییەکاندا بەشداربوون، پێوەندیی نێزیکی بەستووەو، لەرێی پرسیارو وەرامەوە گەلێك زانیاریی گرنگی لەو بارەیەوە دەستکەوتووە، کە ئەنجامی توێژینەوەو خستنەکاری زانستانەی هێندێك لەوانە





لەچارەکە چەرخی رابوردوودا، چ بەزمانی رۆژهەڵاتیو چ بەزمانانی ئەوروپاییی بڵاوکراونەتەوە. لێکۆڵینەوە لە "کۆمەڵەی ژێکاف" لەبەر رۆشناییی گۆڤاری "نیشتمان"دا کارێکە دەچێتە پاڵ ئەو کارانەی پێشوو، نووسەری ئەم چەند دێرە هیوای وایە کە بەو لێکۆڵینەوەیەو بڵاوکردنەوەی پێنج بەرگ لە گۆڤاری "نیشتمان"؛ ئەو گۆڤارەی کە ئەمڕۆ ژمارەکانی زۆر بەزەحمەت دەستدەکەون، خزمەتێکی گچکەی پێشکێش بە مێژوو و کولتووری کوردو رۆژهەڵاتی نێزیك کردبێ.

جەمال نەبەز

بەرلین 31ی تەمووزی 1983



هەولنامەی کتێب

## (*) سەرنجێکی پێویست

بێگومـان خوێنـەرەوەی بـەڕێز؛ پـاش لێبوونـەوەی لـە خوێندنـەوەی ئـەم سـەرەتایە، دەستبەجێ هەست بەوە دەکات کـە ئـەم نووسـراوە لـەهاوینی سـاڵی 1983دا تـەواو بووە، بەڵام لەساڵی 1985دا کەوتووەتە بەردەستی. بەڵێ، بەداخەوە وایە! چۆنکە – سەرەڕای هەموو هەوڵو تێکۆشانێکم- لەبەر گەلێك هـۆ، کـە گرنگترینیـان تەگـەرەی دەستکورتی بوو، نەمتوانی ئەم نامیلکەیە لەکاتی خۆیدا فریای خوێنەرەوە بخەم، خۆ ئەگەر (بنکەی چاپەمەنیی ئازاد) نەبووایە، ئەوا باوەڕ ناکەم ئـەم کـارە، بـەم زووانـە، تیشکی خۆی بدیایە، بۆیە لەکانی دڵمەوە سوپاسێکی گەرمی ئـەم (بنکـە)یـە دەکـەم کە خۆی بۆ پشتگیریی بیری ئازادیو یەکسانیو خزمـەتی کولتـووری نەتـەوەی کـورد تەرخان کردووەو لەم پێناوەشدا لە گەلێك دەسکەوتو بەرژەوەندیی تایبەتی براوە.

هەر لەم دەرفەتەشدا دەمەوێ ئەوە بخەمە بەرچاو کە ئەو باسـەی بـە ئـەڵمانی لەسـەر گۆڤاری (نیشتمان) نووسـیوومەو هـەر لـەم بەرگەشـدا بڵاوکراوەتـەوە، کوتومت وەك دەقە کوردییەکە نییە، بەڵکو لە هێندێك جێدا جیاواز بەرچاو دەکەوێ. ئەمەش تەنێ لەبەرئەوە نییە کە جۆری رستە دارشتنو مەبەست دەربڕین لەم دوو زمانەدا، بـەزۆری، لەیەك ناچن، بەڵکو لەبەر ئەوەشە کە باسەکەم بۆ دوو جۆرە خوێنەرەوە نووسیووە، کە کوردەکەیان شارەزای هێندێك لایەنی بابەتەکەیەو بەدوای روونکردنـەوەو درێژەپێدانـدا ناگەرێ، جا چۆنکە هەردوو تێکستەکە هەر هی خۆمن، ئـەوا ئـەو ئازادییـەم بـەخۆم رەوادیو بەپێویستم نەزانی لەنووسینە ئەڵمانییەکەدا خۆم زۆر بەدەقە کوردییەکـەوە ببەستم، لەگەڵ ئەوەشدا نیوەرۆکی هەردوو باسەکە، بەشێوەیەکی گشتی، وەك یەکن.

1985/3/21





## بەندی یەکەم

## ناسیۆنالیزمی کوردی (کوردایەتی)(2)

ناسیۆنالیزمی کوردی (کوردایەتی)، بەوێنەی ناسیۆنالیزمی عەرەبیو فارسیو ترکی، رابوردوویەکی هەیـەو قـۆپێی بـیری ناسـیۆنالیزمی رۆژئـاوایی یـان رۆژهـەڵاتی نییـە؛ بەڵکو لەئەرزی کوردستان خۆیدا سەوز بووەتەوە، وەك بەرهـەمێکی ئـەو هەلومەرجە سیاسـیو کۆمەڵایـەتیو رۆشـنبیرییەی کـە کۆمەڵگـەی کـورد تێیـدا ژیـاوەو دەژی. سەرچاوە مێژووییە عەرەبییە ئیسلامییەکان، بەڵگـەی ئـەوە پێـشان دەدەن کـە کـورد هـەر لـەنیوەی یەکـەمی سـەتەی حەوتـەمی فەرەنگییـەوە بەربـەرەکانێی پـەلاماری لەشکری عەرەبە موسڵمانەکانیان کردووە، کاتێك ئەمانە بەسەر کوردستاندا کشاون، یـان ویـستوویانە کوردسـتان داگیربکـەنو کـورد لەزۆربـەی ئـەو شـۆرشو راپـەڕینو ئاژاوانەدا بەشدارییان کردووە کـە لەلایـەن گـەلانی ناعـەرەبی، وەك فـارسو ترکـەوە، لەدژی فـەرمانڕەوایی عـەرەبی هەڵگیرسـاون، بـۆ وێنـە: شۆرشـەکانی خـەواریج(3)و بـەرەی شـعوبییەکان(4). ئەوانـەی ئـەو پەرتۆکـە عەرەبییانـە بخوێننـەوە کـە لەسـەر "فتووحاتی ئیسلامی" نووسراونەتەوە، وەك "فتوح الشام" و"فتوح بـلاد الـسواد" ی الواقـدی(5)و "فتـوح البلـدان"ی الـبلاذري(6)، هـەروەها پەرتۆکـە گرنگـە مێژووییەکانی وەك "تجارب الأمم"ی أبو علی ابـن مـسکویە(7)، ئەوسا دەوری کورد لەبەر هەڵـستی کردنـی دەسـەڵاتی بێگانـە لەوڵاتەکەیـدا بەئاشـکرا دەردەکـەوێ بۆیـان، بەڵگەیـەکی دیکـە بـۆ ئەمـە ئەوەیـە؛ کـە هـەتا ئـەمڕۆش لەکوردسـتاندا شوێنەواری هێندێك کۆنە گۆڕستان ماون کە تێکڕژانی خوێناویی کوردی ناموسڵمانو عەرەبی موسڵمان دێننەوە بیر، وەك "دۆڵی ئەسـحابان"و "دۆڵـی کـافران" لەکۆیـەو "ئەسحابە سپی" لەسلێمانیو "گردی شەهیدان" لەنێوان قەڵادزیو گەڵاڵەداو گوندی

"عەبابەیلیّ"ی نێزیك هەڵەبجە، واتە ئەو جێیەی کە ئەبو عوبەیدەی ئەنساریی تێدا نێژراوە. ئەم بەرهەڵستییەی کورد هێندە سەخت بووە، تەنانەت دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامیی ئەمەوی (کە لە 661دا دامەزرێنراو بەهەڵوێستی شۆڤینیستانەو رەگەزپەرستانەی بەرامبەر گەلانی ناعەرەبی ئمپراتۆرێتیی ئیسلامی بەنێوبانگ بوو) لەشۆرشێکی شعووبییەکاندا رووخێنرا، کە سەرکەردەیەتیی شۆرشەکە بەدەست کوردێکەوە بوو بەنێو بەهزادان ئەبو موسلیمی خۆراسانییەوە، کە لەشکرەکەی ئەبو موسلیم لەناوچەی زێی گەورە (خوارووی کوردستان)دا لەشکری ئەمەوییەکانی شکاند، ئەوجا بەغدای گرتو دەوڵەتی ئەمەوی رووخاندو دەوڵەتی عەباسی لە 750دا خستە جێی، بەڵام بنەماڵەی عەباسییەکان، پاش ئەوەی بوونە فەرمانڕەوا؛ ئەوانیش کەوتنە بەربەرەکانێی ناعەرەبەکانو خەلیفەی عەباسی ئەبوجەعفەری مەنسوور، بەفێڵو تەڵەکە ئەبوموسلیمی کوشت، هۆزانی عەرەب ئەبو دولامە (أبو دُلامة- کە لەدەوروبەری ساڵی 778دا مردووە) پاش کوشتنی ئەبو موسلیم بەهۆنراوە جنێو بە باڤو باپیری ئەبو موسلیم دەدا کە کورد بوون:

أبَا مُجْرِمَ هَلْ غَيَّرَ اللهُ نِعْمَةً عَلى
عَبْدِهِ حَتّى يُغَيّرَها العَبْدُ
أفِي دَوْلَةِ المَنْصُورِ حَاوَلْتَ غَدّرَةً
ألاَ إنَّ أهْلَ الغَدْرِ أباؤَك الكُردُ(8).

واتە: "ئەی باوکی تاوانبار -هۆنەر لێرەدا نێوی (أبو مسلم) کە مانای (باوکی موسڵمانو سەلامەتکارە) پێچەوانە دەکاتەوە بە (أبَا مُجْرِمَ) واتە باوکی تاوانکار یان تاوانبار- ئایە خودیّ ئەوەی بە بەندەی خۆی بەخشیۆیتی گۆڕیوێتی؛ تا بەندە (بتوانێت) بیگۆڕیّ —مەبەستی هۆنەر ئەوەیە؛ خودیّ مەنسوری گەورە کردووە، تۆیەك کە بەندەی خودێیت؛ ناتوانیت لە گەورەیەتیی بخەیت- تۆ لەدەوڵەتی





مەنسووردا هەوڵی ناپاکیت دا؟... بەڵیّ بێگومان راستە، باڤو باپیرانی کوردی تۆ ناپاك‌و بیّ ویژدانن".

پاش کوشتنی ئەبوموسلیم؛ کوردەکان ملیان بۆ سەرکردەیەتیی عەرەبە عەباسییەکان نەداو لەسەر بەرگریی خۆیان رۆشتن، یەکێك لەسەرکردە گەورەکانی ئەو دەمەی کورد جەعفەری کوڕی میر حەسەنی داسەنی بوو، کە لەساڵی 226 کۆچی (841/840ف)دا لەلایەن عەباسییەکانەوە بەدیل گیرا، بەڵام وەك دوو مێژوونووسی نێوداری ئیسلام؛ تەبەری(9)و ئیبنولئەسیر(10) دەگێڕنەوە؛ جەعفەری ئاوڕووی نەیهێناوە سەرشۆڕیکات، لەبەرئەوە ژەهری نۆشیوەو پاڵەوانانە مردووە(11).

شایانی باسە کە لەم کاتانەدا جۆرە هەستێکی شۆڤێنیانەو نزمبینانە لەنێو عەرەبدا بەرامبەر کورد پەیدا بووە، بۆ وێنە کاتێك کە کوردەکان فەرمانداری مووسڵ، کە عەرەبێك بووە، لەسەر کار لایان بردووەو کوردێکیان خستووەتە جێی، شاعیرێکی عەرەب کە نێوی العجینی یە بەهۆنراوەیەك کەوتووەتە گاڵتەکردن بە کورد:

ما رأى الناسُ لِهذا الدَّهرِ مُذْ كانوا شَبِيهاً
دَلّتْ للوَصْلِ حَتىّ أمرَ الأكرادُ فِيها(12).

بێجگە لەوەش، هەر لەم کاتانەدا هێندێك هیقایەتی سەیر سەیر لەلایەن مێژوونووسە عەرەبەکانەوە بڵاوکراونەتەوە کە بنەچەو رەچەڵەکی کوردیان بردووەتە سەر "جنۆکە"و "شەیتان"و "دێو"(13). شان بەشانی ئەمەش، لەنێو کورددا بزووتنەوەیەکی رۆشنبیریی پەیدا بووە؛ کە لەوەشەوە هێندێك ئاینی سینکرێتیستی لەکوردستاندا لەسەر بنچینەی ئاینە کۆنەکانی کورد، بەتایبەتی ئاینی زەردەشتی، دروستبوون، وەك ئاینی ئێزدی و ئاینی یارسان (ئەهلی هەق، کاکەیی) و شەبەك(14) کە هەر یەکێك لەم ئاینانە جۆرە رێزو جێیەکی تایبەتی بەلایەنگرەکانیان رەوا دەبینن، کە دوور نییە ئەمەش کاردانەوەیەکی ناهۆشانە (لاشعوری)ی ئەو "هیپۆتێزی جنۆکەو دێوو

شەیتان"ە بێ کە عەرەبەکان بەکوردیان ڕەوا دیتووە(15). بۆ وێنە: بەپێی لێکدانەوەی ئێزدییەکان، ئەمانە ڕاستەوخۆ لەتۆوی ئادەم خۆی دروستبوون، لەکاتێکدا کە ئادەم نێرینەش‌و مێینەش بووەو هێشتا دایە حەووا لە "پەراسووی ئادەم" دروستنەبووە. لەکاتێکدا کە هەموو مرۆڤی دی، بێجگە لە ئێزدییەکان، لەئەنجامی زاوزێی ئادەم‌و حەوواوە هاتوونەتە بوون، واتە یەکەمین دەستەی مرۆڤ کە هاتوونەتە جیهانەوە ئێزدییەکانن(16). هەر بەپێی میتۆلۆژیای ئێزدی، خودێ هەموو ساڵێك جارێك لەجێژنی سەرساڵدا دێتە نێویان‌و چارەنووسی ساڵی دێ بەش دەکات لێیان‌و بەزمانی کوردی دەپەیڤێ لەگەڵیان، کە ئەم زمانە زمانی "هەق"ە، لەبەرئەوە زمانێکی پیرۆزە(17). ئەمجا یارسانییەکانیش (کاکەییەکان)- کە ئاینەکەیان لەبارەی ڕامانی میتۆلۆژانەوە لەگەلێك ڕووەوە لەئاینی ئێزدی نێزیکە، پێیان وایە کە تیشکی ئێزدانی لەتەنی "سوڵتانی ساق"دا "مێوان"ە، کە ئەم "سوڵتانی ساق"ە(18) خودێی کاکەییەکانەو بەپێی میتۆلۆژیای کاکەییەکان لە کچێکی جاف لەدایك بووە، کە ئەم کچە، بێ بوونی پێوەندیی لەگەڵ هیچ پیاوێکدا، زکی پڕ بووەو "سوڵتانی ساق"ی هانیوەتە جیهان، بەوێنەی لەدایکبوونی "سائۆشیانت" لای زەردەشتییەکان‌و حەرزەتی عیسا لە مریەم لای دیانەکان، هەر بەپێی لێکدانەوەی کاکەییەکان، هەر ئەوان بەتەنێ "نهێنیی ئێزدانی" دەزانن، چۆنکە سەرگەورەی فریشتەکانی کاکەییەکان کە نێوی "پیر بنیامێن"و یارمەتیدەری ئێزدانە، ئەم "نهێنی"یەی بەزمانی کوردی بەئەهلی هەق ڕاگەیاندووە، کە ئەم زمانەش زمانێکی پیرۆزە"(19).

بێجگە لەم "ئاینە کوردییانە"(20)، گەلێك تەریقەتی دەروێشی لەکوردستاندا پەیدا بوون، وەك قادری‌و نەقشبەندی‌و نیعمەتوللایی کە ڕێی "ئیسلامەتیی گەلیر"یان(21) بەخەڵك پێشان داوە.



لەکورتی ببڕمەوە، بەربەرەکانێی کورد لەدژی فەرمانڕەواییی عەرەب‌و ئیدیۆلۆژیی دەزگەی دەوڵەتەکەیان، کە هەر لەسەرەتای "فتوحاتی ئیسلامی"یەوە درێژەی کێشاوە تا ڕووخانی دەوڵەتی عەرەبیی عەباسی بەهۆی پەلاماری هۆلاکۆوە لەساڵی 1258دا، هەر تەنێ بەربەرەکانێیەکی چەکدارانەی ڕووت نەبووە، بەڵکو بەرهەڵستکردنێکی ڕۆشنبیرانەش بووە. جا ئەگەرچی بەشێك لە کورد لەسەرخۆ موسڵمان بوون‌و زانای وامەزن هەڵکەوتوون تێیاندا کە خزمەتی گەورەی کولتووری عەرەب‌و ئیسلامیان کردووە(22) یان پیاوی وەك سەلاحەددینی ئەییووبی(1137-1193) لەنێویاندا دەرکەوتووە کە عەرەب‌و ئیسلامیان لەمەترسیی لەنێوچوون پاراستووە، لەگەڵ ئەوەشدا، کورد خۆی لەبۆتەی عەرەبدا نەتواندەوە، وەك گەلەکانی میسرو سووریاو لوبنان‌و فەلەستین‌و ژوورووی ئەفریکا، بەڵکو زمان‌و کولتوورو سەربەخۆیی سیاسی‌و ڕێکخستەی کۆمەڵایەتیی خۆی پاراستووەو، لەسنووری ئەو میرنشینانەدا ژیاوە کە دوور لەدەسەڵاتی بێگانە بەڕێوەی بردوون، ئەم پاراستنی سەربەخۆییەش هەر بەرامبەر بەدەست تێوەردانی عەرەب نەبووە، بەڵکو بەرامبەر هەموو دەستڕێژکەرێکی بێگانە بووە، بۆ وێنە: کە شەپۆلی کۆچکردنی هۆزە ترك‌و ترکمانەکان لەوڵاتی ئاڵتایەوە دەستی پێکرد بەرەو ئاسیای گچکە، وەك "غەزەکان"و سەلجووقییەکان‌و قەرەقۆینلوو ئاق قۆینلوو مەغۆلەکان، هەر کاتێك ئەمانە بەکوردستاندا تێپەڕبوبن بەنیازی داگیرکردنی، لەلایەن کوردەوە بەربەرەکانێ کراون‌و کورد نەچووەتە ژێر ڕکێفیانەوە. تەنانەت ترکە عوسمانییەکان کە وەك دانیشتووانی زۆربەی زۆری میرنشینە کوردەکان موسڵمانی سوننی بوون؛ لەگەڵ ئەوەشدا میرنشینەکانی کوردستان بەدرێژاییی سەتەی 13و 14 -واتە ئەو سەتانەی کە بنەماڵەی عوسمانی خەریکی دامەزراندنی دەوڵەتێك بوو بۆ خۆی لەئاسیای گچکەداو، بۆ ئەمەش بەنێوی ئیسلامەتییەوە بانگی غەزای دابوو لەدژی "بیزانتییە کافرەکان"و

ئەرزەکەی داگیر دەکرد لێیان- سەربەخۆیی خۆیان پاراست و تێکەڵ بە "دەوڵەتی ئیسلامیی سوننی"ی عوسمانییەکان نەبوون. بەڵام پاش ئەوەی فارسەکان بەسەرکردەیەتیی بنەماڵەی سەفەوییەکان، لەسەرەتای سەتەی پانزەیەمدا، دەوڵەتێکی ئیسلامیی شیعەیەتییان دامەزراند لەتەنیشت دەوڵەتی عوسمانییەوەو، کەوتنە کوشتاری سوننییەکانو بەربەرەکانێی دەوڵەتی عوسمانی، ئەو دەمە کوردستان کەوتە نێوان دوو هێزی دوژمن بەیەك: ترکی سوننیو فارسی شیعە، ئەوجا بەشێکی زۆری میرنشینە کوردەکان لەگەڵ ترکە عوسمانییەکاندا یەکیانگرت لەدژی بنەماڵەی سەفەوی. بێگومان لەم یەکگرتنی ترکو کورددەدا، خوێنرێژیی شیعە سەفەوییەکان لەنێو کوردی سوننیدا دەورێکی بنچینەییی نوواندو، کارێکی وای کرد کە سوڵتانی عوسمانی بتوانێ مەلای هەرە گەورەی ئەو دەمەی کوردستان؛ ئیدریسی بیتلیسی (لە 1520دا مرد)، کە لەنێو میرە کوردەکاندا زۆر دەستی دەڕۆی، بە بەرتیل رازی بکاتو، وای لێ بکات ببێتە (وسیط) لەنێوان ئەوو مێرە کوردە سوننییەکانداو هەر لەرێی یارمەتیی کوردەوە شەڕی چاڵدێران لە 1514دا بباتەوەو تەنانەت هەنگاوێکی دیش بنێ بەرەو یەکگرتنی سیاسیی کوردستانو دەوڵەتی عوسمانی لە 9ی ئابی 1515دا.

رێککەوتنی کورد لەگەڵ ترکە عوسمانییەکان تێکەڵبوونو خۆتواندنەوە نەبوو، بەڵکو لەسەر بنچینەیەك دامەزرابوو نێزیك بەو سیستێمەی کە ئەمڕۆ بە سیستێمی "فیدرالی" ناسراوە. واتە میرنشینە کوردەکان دەبوو لەکاروباری نێوخۆییی خۆیاندا بەسەربەخۆیی بمێننەوە، بەڵام سوڵتانە ترکەکانی عوسمانی رێزی ئەم پەیمانەیان نەگرتو هوردە هوردە لەسەربەخۆییی میرنشینەکانیان کەم کرەوە. لەبەر ئەوە؛ لەنیوەی دووەمی سەتەی شانزەدا شەڕو بە یەکدادان لەنێوان کوردو ترکە عوسمانییەکاندا دەستیپێکردو بەتایبەتی پاش ئەوەی ترکە عوسمانییەکانو فارسە





سەفەوییەکان، سەرەڕای ناکۆکیی ئاینزاییی خۆیان، لەساڵی 1639دا، کوردستانیان لەسەر کاخەز لەخۆیان بەشکرد، راپەڕینی جیابوونەوەخوازانەی چەکدارانە لەنێو کورددا پەرەی سەند" وەك بزووتنەوەی جونبولات پاشا(23)و شۆرشی ساڵی 1666 کە کوڕی شێخێك لەناوچەی بادینان بەنێوی پەیدابوونی "مەهدی"یەوە هەڵیگیرساند لەدژی خەلیفەی عوسمانی(24). هەر لەم کاتەدا ترکە عوسمانییەکان کەوتنە بەکارهێنانی چەکی ئاین لەدژی کورد. ئەوجا "هیپۆتێز"ی مێژوونووسە کۆنەکانی عەرەب لەبارەی بنەڕەتو بناوانی کوردەوە؛ کە کورد گوایە لەبنەمادا لە "جنۆکەو شەیتانو دێو" کەوتوونەتەوە، جارێکی دی هاتنەوە مەیدانو، پتر لەوەش لەلایەن دەستەی رۆشنبیرانی ترکی سەر بەفەرمانڕەواییی عوسمانییەوە؛ هێندێك "ئەفسانەی ئاینی" هێنرانە کایە بۆ راگرتنی بزووتنەوەی کوردو ساردکردنەوەی پشتیان لەتێکۆشین بۆ پێکەوەنانی دەوڵەتێکی خۆیان، بۆ نموونە: ئەو ئەفسانەیەی کە مفتی ترك خواجا سەعدەددین، مفتی ئیمپراتۆرێتیی عوسمانیو مامۆستای سوڵتان موراد دەیگێڕێتەوە. خواجا سەعدەددین(1537-1599) لەپەرتۆکەکەیدا "تاج التواريخ" دەفەرموێ، گوایە پەیامبەری ئیسلام محەممەد، دۆعای لە کورد کردووەو داوای لەخودێ کردووە کە نەیەڵێ کورد هیچ کاتێك یەکبگرن، ئەگەرنا، ئەگەر بێتو کورد یەکبگرن، یەکگرتنیان دەبێتە هۆی تێکدانی هەموو جیهان(25). لەبەرئەوە کورد — بەقسەی خواجا- هیچ کاتێك نەیانتوانیوە "دەوڵەتی گەورەو فەرمانڕەواییی مەزن"یان هەبێ. سوڵتانە ترکەکان، شان بەشانی ئامادەکردنی بنکەی دۆگماتێکی، سووتیشیان وەرگرتووە لەناکۆکیی میرە کوردەکان لەسەر سەرکردەیی‌و، کردوونیان بەگژ یەکدا. ئەوی لە ئەدبیاتی کوردیدا بەهوردی بکەوێتە گەڕان، گەلێك بەڵگەی رۆناك دەبینێ کە رێبازی ناسیۆنالیزمی کورد هەر لەسەتەی شانزەوە تا ئەمڕۆ بەجوانی پێشانی دەدەن. پەرتۆکی "شەرەفنامە" (شرفنامە) کە بەرهەمی بیری زاناو

میری کورد؛ شەرەفەددینی بیتلیسییە لە 1596/7دا سنووری کوردستان دیاری دەکاو چیرۆکی ئەو میرنشینە کوردانە دەگێڕێتەوە، کە بەسەربەخۆیی لەکوردستاندا فەرمانڕەواییان کردووە. شەرەفنامە ئەوەشی لەبیر ناچێ کە دەست بۆ بیروڕای مێژوونووسانی عەرەبو تركو فارس لەبارەی "بنەچەو رەچەڵەك"ی کوردەوە رابکێشێ؛ واتە "هیپۆتێزی جنۆکەو دێو شەیتان بوونی کورد لەبنەڕەتدا"و لەم رووەوە دەبێژێ "هێندێك دەبێژن، کورد تاقمێك جنۆکە بوون، خودێ پەردەی لەسەریان لابردووە"(26)و لەهەمان کاتدا ئەفسانەکەی خواجا سەعدەددینیش باس دەکاتو لەپاشدا –دووریش نییە بەتەوسەوە بێ– دەبێژێ "والعلم عند الله على کل تقدیر"(127).

لێرەدا زۆر بەگرنگی دەزانم کە دەست بۆ ئەو راستییە رابکێشم، کە ناسیۆنالیزمی عەرەبو تركو فارس، هەر لەرۆژانی کۆنەوە هەتا سەتەی نۆزدە، واتە کاتی پەلاماردانی ناپلیۆنی یەکەم بۆ سەر میسر لە 1798/7/1دا، هەموو کاتێك هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی تێریتۆریاڵیان داوە کە بنەماڵەیەك سەرکردەی بووە، وەك دەوڵەتی ئەمەوی (750-661)و دەوڵەتی عەباسی (1258-750)و دەوڵەتی بویەهی (946/945- 958-959)و دەوڵەتی عوسمانی (1924-1299)و دەوڵەتی قاجاری (1925-1794)و... هتد. بیرکردنەوە لەدامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنال لەلایەن عەرەبو تركو فارسەوە، لەسەتەی نۆزدەدا هاتە کایە، وەك لاساییکردنەوەیەکی کولتووری سیاسیی ئەوروپایی. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە هیچ کاتێك دەوڵەتی عوسمانی بەنێوی دەوڵەتی تركەوە نەبوو،و دەوڵەتی سەفەویش (پاش ئەویش قاجاری) بەنێوی دەوڵەتی فارسەوە یان ترکمانەوە نەبوو، ئەگەرچی زمانی ترکی لەیەکەمداو زمانی فارسی لەدووەمدا، زمانی رەسمیی دەوڵەت بوون، بەپێچەوانەی ئەمەوە؛ بیری دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنال لەلای کورد، بەپێی ئەو





بەڵگانەی بەدەستەوەن، بەلایەنی کەمەوە لەسەتەی شانزەدا پەیدا بووە. بەڵگەیەکیش بۆ ئەمە ئەو قسانەیە کە مفتی ترکی دەوڵەتی عوسمانی خواجە سەعدەددین دەیگێڕێتەوە لەپەرتۆکەکەیداو بەو شێوەی لەسەرەوە باسمان کرد. چۆنکە ئەگەر مەسەلەی هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەت لەلایەن کوردەوە لەمەیداندا نەبووایە لەو کاتەدا کە مفتی پەرتۆکەکەی نووسیوەتەوە (نیوەی دووەمی سەتەی شانزەیەم)، ئەو دەمە هیچ پێویستێك نەدەبوو کە مفتی باسی "دەوڵەتی گەورەو فەرمانڕەوایی مەزنی کورد" بخاتە پەرتۆکەکەیەوە، "قسەی پەیامبەری ئیسلامیش بکات بە بەڵگە کە کورد ناگەن بەو رۆژە". بێجگە لەوەش، ئەوی تراژیدیای "مەمو زین" کە شاکاری بیرکەرەوەو هۆنەری گەورەی کورد ئەحمەدی خانی (1651/1650-1706)یە بخوێنێتەوە(28) کە لە 1695/1694دا نووسراوەتەوە، دەبینێ خانی دەوڵەتی عوسمانیو قاجاری بە "دەوڵەتی کورد" نەزانیوەو، تركو فارسو تاجیکی بە "هاوئاینو برا" نەزانیوە، بەڵکو بەزۆرداردو داگیرکەرو بێگانەی زانیونو، بانگی کوردی کردووە بۆ یەکگرتن لەژێر سایەی "شایەکی کورد"و "تاجێکی کوردی"داو، بۆ دامەزراندنی "دەوڵەتێکی کوردی" کە خزمەتی کوردو زمانی کوردیو کولتووری کورد بکات، لەمەشەوە هیچ گومانێك لەوەدا نامێنێ کە بیری دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆنال لەکوردستان خۆی دا دروستبووەو چەند سەتەیەك بەر لەوەی کە تركو فارسو عەرەب، لەژێر نێوی بیرو کولتووری ئەوروپادا لەکۆتاییی سەتەی نۆزدەدا هەوڵ بدەن بۆی.

ناسیۆنالیزمی کورد هێندێك بنەمای هەیە کە بەشێك لەوانە دەچنەوە سەر رامان (تصورات)ی میتۆلۆژیاییو بەشێکیشی گرێدراوە بە بەسەرهاتی مێژوویی کۆنو تازەی کوردەوە. میتۆلۆژیای کورد پڕە لەپاڵەوانانی ئەفسانەیی وەك کاوەو رۆستەمو حسەینی کوردو عەرەبی زەنگیو... هتد کە هەر یەکێك لەمانە چەند داستانێکی

لەسەرەو تەنانەت لەداستانەکانی ئەو گەلانەی دراوسێی کوردن، وەك فارس‌و ترك، جێی خۆیان کردووەتەوە، چیرۆکی لەنێوبردنی ئەژدەهاك (زوحاك)ی زۆردار بەدەستی کاوەی ئاسنگەرو "رزگارکردنی گەل"و داهاتنی چێژنی نەورۆز، جێی خۆی لەداستانێکی "شاهنامە"ی فیردەوسیدا کردووەتەوە. "شاهنامە" کورد بە نەوەی ئەوانە دادەنێ کە لەدەست خوێنرێژیی "زوحاك" رزگاریان بووەو داویانەتە کێو. جا ئەگەر یەکێك بێت‌و بلێ ئەم داستانە ئەفسانەییە تازەو لەم سەتەیەدا کراوە بە "ماڵی کورد"، دەبێژم وانییە، چۆنکە جێژنی نەورۆز وەك جێژنێکی کورد لە مەم‌و زینی ئەحمەدی خانی دا باسی هاتووەو بێجگە لەوەش James Morier لە "گەشتنامەی دووەمی"دا(29)، دەبێژێ کە خۆی بەچاوی خۆی، لەساڵی 1812داو لەناوچەی زەماوەند (دەماوەند)دا لە 31ی ئابدا، جێژنێکی دیوە کە بەیادی رزگاربوون لە زۆرداریی "زوحاك"ەوە گیراوەو پێی گوتراوە "عەیدی کوردی" واتە "جێژنی کوردی"، بێجگە لەمەش، کورد خۆی بە پاشماوەی ئەو گەلە دەزانێ کە لەدەوروبەری ساڵی 750ی پێش ز.دا یەکێك لەئیمپراتۆرێتیی کۆنەکانی جیهانی دامەزراندووە کە ئیمپراتۆرێتیی مادە، جا ئەگەر ئێستە بەقسەی ئەو رۆژهەڵاتناسە ناودارانە باوەڕ نەکەین کە دەڵێن مادەکان کورد بوون، بۆ وێنە مینۆرسکی(30)، خۆ دەبی باوەڕ بەوە بکەین کە دەوڵەتی ماد لەکوردستانی ئەمڕۆدا بووە، ئەمەش مافی داوە بە کورد کە لەمارشی ناسیۆنالی خۆی "ئەی رەقیب"دا؛ دەست بۆ ئەمە رابکێشێ‌و مێژووی خۆی بە 612 پێش ز، دابنێ، کە ئەمەش ئەو ساڵەیە کە مادەکان نەینەوایان داگیرکرد، لەمەش بترازێ، کورد میراتی رۆشنبیریی زەرەدەشتێتی بە هی خۆیان دەزانن. زەرەدەشت، پەیامبەرو فەلسەفی رۆژهەڵات، کە خاوەنی فەلسەفەی سێ کوچکەی "بیری باش‌و وتەی باش‌و کردەوەی باش"ە، بەپێی چیرۆکێك لەوڵاتی کورددا‌و لەنێزیك زەریاچەی ورمێ وە لەدایك بووە، ناسیۆنالیزمی کورد؛





رەوایەتی (مشروعیت)ی خۆی هەر لەم رابوردووە سیاسی‌و کولتوورییەدا نابینێ، بەڵکو پشت بە مێژووی تێکۆشانی ئازایانەو بێ وچانی خۆی لەپێناوی سەربەخۆییی وڵاتەکەیدا دەبەستێ، ئەو تێکۆشانەی کە چیرۆکەکانی، هەموو لەئەدەبیاتی فۆلکلۆریی کورددا تۆمار کراون‌و سەتان ساڵە دەماو دەم دەگێڕرێنەوەو زۆربەشیان بەڵگەی مێژوویيان لەسەرە کە بەڕاستی قەوماون، لەهەموو ئەمانەش پتر، ناسیۆنالیزمی کورد رەوایەتیی ئامانجەکەی کە سەربەخۆییی کوردستانە، لەمافی مرۆڤو بڕیاری چارەنووسی گەلاندا بەدەستی خۆیان، دەبینێ، ئەو مافەی کە تائێستە لەگەلێك پەیماننامەی ئینتەرناسیۆنالی (وەك پەیمانی سێڤر 1920)و گەلێك پەیماننامەی ناوچەییدا دەستنیشان کراون، بەڵام هەتا ئێستا هەر لەسەر کاخەز ماونەتەوەو نەخراونەتە مەیدانی کار، چۆنکە هەر قسەی رووتبوون‌و قسەش ناچێتە نێو گیرفانەوە.



هەولنامەی کتێب

## بەندی دووەم

# ناسیۆنالیزمی کوردو سەرکردەیەتیی کلاسیك

بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد لەسەتەی 17و 18و 19دا بۆ سەربەخۆییی کوردستان، واتە خۆ جیاکردنەوە لەدەسەڵاتی سیاسیو بەڕێوەبەرێتیی عوسمانیو قاجاری کەوتە کار. پاش جەنگی یەکەمی جیهانیی، واتە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنال بۆ عەرەبو تركو فارس، بزووتنەوەکە هەر بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە لەسەر تێکۆشانی خۆی رۆیبەرێوە. ئەم بزووتنەوە ناسیۆنالیستانەیە لەلایەن چینی کلاسیکەوە سەرکرەیەتی دەکرا، کە دەسەلاتەکەی دوو سەرچاوەی هەبوو:

1- یان بنەماڵەیی بوو، وەك دەسەڵاتی میرەکانو سەردارەکانو سانەکان لەمیرنشینەکانی بابانو بۆتانو سۆرانو بادینانو ئەردەڵانو هەرێمەکاندا. خاوەنی ئەم دەسەڵاتە چینی ئەریستۆکراتی کورد بوون کە دەسەلاتەکە پشت لەدوای پشت بەجێ دەما بۆیان.

2- یان ئاینی بوو، لێرەشدا دوو دەستەی سەرکردەی کلاسیك لەیەك جیا دەکرێنەوە:

(أ) ئەو سەرکردە ئاینییانەی کە پێڕەوی "شەریعەت" بوون. ئەمانە بەزۆری مەلاکانو زانا موسڵمانەکان بوون(31) کە پێڕەوی "سوننە" بوون، واتە، قورئانو حەدیسی پەیامبەرو رای گشتی موسڵمانان (الاجماع)و خالآنە (القياس)(32)، بەوتەیەکی دی "ئیسلامی فیقهێتی". ئەو دەستەیە کە بیری ناسیۆنالیزمی کوردییان وەرگرت، هەوڵیاندا بۆ سەربەخۆییی کوردستانو جیاکردنەوەی لەفەرمانڕەواییی ئەو گەلانەی بەنێوی موسڵمانەتییەوە کوردستانیان داگیر کردبوو، وەك تركو فارسو عەرەب. لەمانە مەلای جزیری(1570-1640)، ئەحمەدی خانی(1650/1651-1706)، مەلا عەلی تەڕەماخی (لەسەتەی شانزەیەمدا ژیاوە)(32)، مەلا یۆنسی





هەلکەتەینی(34)، مەلا مەحموودی بایەزیدی(35)و مەلا سەلیمی خێزانی(36)و لەم سەتەیەشدا قازی محەممەد، سەرۆك کۆماری کوردستان کە لەپێشەوە باسمان کردو دواییش هەر باسی دەکەین. ئەم سەرکردانە، دەسەڵاتیان لەنێو خوێندەوارو کاسبکارو بازرگانو خەلکی نێو شارەکانو ئەریستوکراتەکانی کورددا هەبووەو هەیە.

(ب) ئەو سەرکردە ئایینییانەی کە پێڕەوی "تەریقەت" بوون. ئەمانە بەزۆری "شێخەکان" بوون، ئەم شێخانەش، یان ئەوەتە لەباوو باپیرانەوە شێخێتی دەمایەوە بۆیانو بەمانەیان دەگوت "سەیید"؛ واتە لە "نەوەی پەیامبەری ئیسلام"(37)، وەك شێخ عوبێدوڵلای نێریو شێخ قادری شەمزینی(38)و سەیید تەهای شەمزینیو شێخ عەبدولسەلامی بارزانیو شێخ مەحموودی بەرزنجی(39)، یان لەرێی خودیّ پەرستییەوە دەبوون بە شێخو، بەمانە دەگوترێ "شێخی بەرماڵ". ئەم شێخی تەریقەتانە، چ شێخی پشتاو پشتیو چ شێخی بەرماڵ، لەنێو جەماوەری رەشورووتی کوردستاندا، بەتایبەتی گوندییەکان، دەسەڵاتێکی گەورەیان هەبوو و هەیە. چۆنکە "تەریقەت" وەك "شەریعەت" پێویستی بەخوێندەواریی بەرزو زانستی یاسا (قانون) نییە، بەڵکو لەسەر بنچینەی "تەقوا"و "پێوەندیی رەوانی" (الصلة الروحية)ی مرید (دەروێش) بە "مرشد" (شێخی تەریقەت)ەوە دامەزراوە. لەبەر ئەمە، لەنێو جەماوەری نەخوێندەوارو رەشورووتو زەحمەتکێشدا زوو بلاودەبێتەوە. شایانی باسە کە زۆربەی زۆری ئەوانەی لەسەتەی 19و 20دا شۆرشی کوردیان بردووە بەرێوە، یان لەشێخەکانی تەریقەت بوون، یان لە نەوەی ئەوان بوون، وەك شێخ عەبدولسەلامی بارزانیو سمایل خانی سمکۆو شێخ قادری شەمزینیو شێخ سەعیدی پیران(40)و شێخ مەحموودی بەرزنجیو مستەفا بارزانی.

پێویستە لێرەدا دەست بۆ ئەوە رابکێشین کە دەسەڵاتی سەرکردەی کلاسیکی کورد، هیچ کاتێك دەسەڵاتێکی ماددی نەبووە، بەلکو دەسەڵاتێکی بنەماڵەییو لەبنەڕەتدا

ئاینی بووە. جیاوازیی ژیانی رۆژانەی زۆربەی سەرکردە کلاسیکییەکانی کوردستان، لەگەڵ هی رەشە خەڵکەکەدا، یەکجار کەم بووەو جاری واش بووە ئەم سەرکردانە زۆر دەستکورتو هەژار بوون(41). ژیانی ساکارو بێ کەشوفشیان، زۆرتر بووەتە هۆی ئەوەی لەنێو جەماوەردا خۆشەویست بنو قسەیان بڕوا. لێرەدا نابێ ئەوەمان لێتێکبچێ کە سەرکردایەتیی ناسیۆنالیستی کلاسیکی کورد لەگەڵ "دەرەبەگ"و "ئاغاوات"ی کوردستان، یەك دەستە نەبوونو نین. "دەرەبەگەکان"و "ئاغاوات"ی کوردستان کە خاوەن زەویی گەورەو چینێکی کۆمەڵایەتین، مێژوویەکی زۆر کۆنیان نییە" بەڵکو لەسەتەی نۆزدەداو بەهۆی سیاسەتی رژێمی عوسمانییەوە لەکوردستاندا دروستبوون. عوسمانییەکان، پاش ئەوەی لەنێوانی ساڵانی 1839و 1859دا چەند یاسایەکی "ریفۆرمانە"یان بەنێوی "تەنزیمات"ەوە دەرکرد، بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سەرکردە کلاسیکییەکانی کوردستان (میرەکانو شێخەکان)ی کوردستان، هاتن زەیو زاری کوردستانیان؛ کە تا ئەوکاتە مڵکی تایبەتیی هیچ کەسێك نەبوو، بەڵکو موڵکی گشتیی هۆزێك، یان چەند هۆزێك، یان تیرەیەك، یان گوندێك، یان چەند گوندێك بوو- کرد بە موڵکی دەوڵەتو پیاوی خۆیان نارده سەر بۆ بەڕێوەبردنی. جا لەبەر ئەوەی ئەم فەرمانەی دەوڵەتی عوسمانی ئاژاوەیەکی گەورەی نایەوە لەکوردستانداو خەڵکەکە دژی بنکدارەکانی دەوڵەتی عوسمانی راستبوونەوە، چۆنکە ئەمانە لەخۆیان نەبوون، ئەمجا سوڵتان ناچاربوو هێندێك لەکوردەکان خۆیان هەڵبژێریو بیانکاتە بنکدارو "باوەڕپێکراو"ی خۆی لەکوردستاندا. ئەمەش جۆرە دەسەڵاتێکی بۆ ئەم بنکدارە کوردانەو خێزانو خزمەکانیان دروستکردو، پاش ماوەیەك ئەم زەوییانە بەنێوی ئەم "بنکدارانە"وە کە "دڵسۆژ"ی سوڵتان بوون "تاپۆ" کرانو لەمەوە "ئاغاوات"و "دەرەبەگ"و "خاوەن زەویی گەورە" دروستبوونو ئەمانە بوونە دەسکەلای دەستی دەوڵەتی عوسمانیو، کە دەوڵەتی





عوسمانیش نەما، زەوییەکان بۆ نەوەی ئەو "خاوەن زەوی"یانە مانەوەو بوون بە "موڵکیان". لەوکاتەشەوەو تائێستەش، ئەم چینە خاوەنزەویو دەرەبەگە، (وەك چینێکی کۆمەڵایەتی، نەك وەك تاکە تاکە) لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان بوونو هەن، دژی بزووتنەوەی کوردایەتی.

سەرکردەیەتیی کلاسیکی ناسیۆنالیستی کورد، هێندێك تایبەتکاریی خۆی هەیە کە تائێستە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر نەکراوە. وا لێرەدا بۆ یەکەمجارو بەکورتی باسی دەکەم، بەهیوای ئەوەی لەهەلێکی دیدا بێمەوە سەری(42).

(1) هەرچەندە دەسەڵاتی سەرکردەی کلاسیکی کورد لەبنەڕەتدا دەسەڵاتێکی ئاینییە، بەڵام ئەم سەرکردەیەتییە هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئاینی لە کوردستاندا نەداوە ونادات، بەلکو هەمیشە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆنالی کوردی هەوڵدەدات، بەمەرجێك لەسنووری ئەو دەوڵەتدا ئاینی ئیسلامو ئاینەکانی دیی کوردستان، رێزیان بگیرێ. بۆ وێنە: ئەحمەدی خانی، داوای لە میرو سەرکردە کوردەکان کردووە کە لەژێر سەرکردەیەتیی "گەورەیەکی کورد"دا یەکبگرنو بۆ دامەزراندنی "دەوڵەتێکی کوردی" هەوڵ بدەن کە هەم "دین"و هەم "دەوڵەت" تەواو (تکمیل) بکات(43)، واتە خانی "دین"و "دەوڵەت"ی لەیەك جیاکردووەتەوە. گەورەترین سەرکردەی ناسیۆنالیستی کورد لەنیوەی یەکەمی سەتەی نۆزدەدا بەدرخان پاشا (1802-1867) بوو کە بە شایەتی سیۆنارە دیانەکان، دەیویست لەنیوەی یەکەمی سەتەی نۆزدەدا، واتا (1843-1847) دەوڵەتێکی کوردستانی دروستبکات کە موسڵمانو دیانو جوو و، لایەنگرانی ئاینەکانی دی مافی وەك یەکیان هەبێ(44)و لەمیرنشینەکەی خۆیدا هەموو ئەو نیشانەی ریسوا کردنانەی لابرد، کە دەوڵەتی عوسمانی بەسەر دیانو جوولەکەکانیدا سەپاندبوو، وەك هەستان

لەبەر موسڵمانێك كە بەلادا تێپەڕیبێ‌و لەبەركردنی جلكێكی تایبەتی‌و... هتد(45).

شێخ عوبێدوڵڵای نیری كە لەساڵی 1881دا لەشكری كێشایە رۆژهەڵاتی كوردستانەوە، وەك دەستپێكردنێك بەدامەزراندنی دەوڵەتی كوردستان، دیانەكانی ئەوێ بە هاناهانەی مسیۆنارەكانی ئەوروپاو گەلێك لایەنی دی، كەوتنە بەربەرەكانێكردنی شێخ. لەم كاتەدا هێندێك لەهاوكارەكانی شێخ پێیانگوت "دەبێ تۆڵە لە دیانەكان بكرێتەوە". بەڵام شێخی نیری ئەم پێشنیازەی دایە دواوە، چۆنكە دەیویست موسڵمان‌و دیانی كوردستان یەكبگرن دژی دەوڵەتی عوسمانی‌و قاجاری. لەبەر ئەوە شێخ گوتی: "عوسمانییەكان ئێستە پێویستیان بە ئێمەیە كە دیانەكان لەنێوببەین بۆیان، بەڵام كە ئێمە دیانەكانمان لەنێو برد، ئەوجا عوسمانییەكان ئێمە لەنێو دەبەن"(46). شێخ سەعیدی پیران، كە بەشێخ سەعیدی نەقشبەندی ناسراوەو، سەركردیەتیی شۆرشی ساڵی 1925ی دیاربەكری كرد، هەر لەمارتی 1924دا بەیاننامەیەكی بۆ نەتەوەی كورد بڵاوكردەوە كە لەویدا "كوردایەتی"و "ئاینی ئیسلام"ی لەیەك جیاكردەوەو بەئاشكرا گوتی "تركەكان ئەمە 400 ساڵە بەنێوی ئاینی ئیسلام‌و خەلیفەی ئیسلامەوە ئێمەیان كردووە بە بەندەی خۆیان"(47). هەر لەو بەیاننامەیەدا باسی "برایەتی"و "مرۆڤدۆستی"و "چاوپۆشی"و گرنگیی "زانست"و "هونەر" دەكات(48).

بەكورتی، سەركردەی ناسیۆنالیستی كلاسیكی كورد دەیویست‌و دەیەوێ "دەوڵەتێكی ناسیۆنالی كورد" دروستبكات كە رژێمی فەرمانڕەوایی ئەو دەوڵەتە تێهەڵكێشێك بێ لەدەستوورەكانی دەوڵەتێكی بۆرژاو- لیبراڵی رۆژئاوایی‌و كولتووری ئیسلام‌و خوورەوشتی كۆمەڵگەی كوردەواری. بۆ وێنە: شێخ مەحموودی بەرزنجی؛ پاش جەنگی یەكەمی جیهانیی توانی لە 1918ەوە تا 1924 دەوڵەتێك لەخوارووی كوردستاندا





دروست بكات‌و لەسەرەتاوە وەك "حوكمدار"و ئەوجا وەك "شا" فەرمانڕەوایی بكات. یاساكانی دەوڵەتەكەی بەتەواوی لەسەر "شەریعەتی ئیسلام"، یان "كولتوور"ی "ئیسلام" دانەمەزرابوون، بەڵكو تێهەڵكێشێك بوون لەكولتووری ئیسلام‌و دەستوورەكانی دەوڵەتە بۆرژوا- لیبراڵەكانی ئەوروپاو خوورەوشتی كۆمەڵگەی كوردەواری. هەر بۆ نموونە: ئەوی دزی بكردایە؛ دەستیان نەدەبڕی، وەك شەریعەتی ئیسلام دەبێژێ، بەڵكو حەپسیان دەكرد تا ئەوكاتەی ئەو شتانەی دزیبوونی دەیدایەوە بەخاوەنی یان ئامادەییی خۆی پێشاندەدا بۆ دانەوەیان. خۆ ئەگەر دزی لێكراو لەدزەكە ببوردایە، ئەوا كەس مافی ئەوەی نەدەبوو دوای دزەكە بكەوێ، چۆنكە دزی بەپێی دەستووری نەنووسراوی كۆمەڵگەی كوردەواری، هەرچەندە شتێكی زۆر ناشیرینە؛ بەڵام دواكەوتنی دز "مافێكی تایبەتی" دزیلێكراوەو "مافێكی گشتی" نییە. ئەوی ئارەقی بخواردایەوە، داركاریان نەدەكرد —وەك لەو وڵاتانەدا دەكرێ كە لەسەر شەریعەتی ئیسلام دەڕۆنبەڕێوە- بەڵكو دەیانخستە گرتووخانەوە تا تۆبەی دەكرد. ژنێكی مێردار، یان پیاوێكی ژندار، ئەگەر داوێنپیسی (زنا)یان لێ دەربكەوتایە، بەردەباران نەدەكران تامردن، وەك شەریعەتی ئیسلام دەبێژێ، بەڵكو هەردووكیان بەپێی رەوشتی كوردەواریی ئەو دەمە، پشتاوپشت سواری كەرێكیان دەكردن‌و خۆڵ‌و دۆیان دەكرد بەسەریانداو لەو شارە دەریاندەكردن. لەمەسەلەی "كوشتن"دا شەریعەتی ئیسلام دەخرایە كار، واتە، ئەوی یەكێك دەكوژێ، نیزیكترین كەسی كوژراو مافی ئەوەی هەیە، ئەگەر لەكوژەر خۆش نەبوو، یان بە "خوێنبایی" رازینەبوو، كوژەر بكوژێتەوە. بەڵام لێرەشدا هەر دەستووری نەنووسراوی كوردەواری دەخرایە كار. چۆنكە هەرچەندە لەبنچینەدا —وەك شەرعی ئیسلام دەبێژێ- ماف دەدرا بەوەی كەسێكی كوژراوە، كە بەكوردی "خوێنەخوێ"ی پێ دەڵێن مرۆڤكوژ بكوژێتەوە، بەڵام هەروەك لەكوردەواریدا باوبوو "مرۆڤكوژ" بەر لەوەی بگیرێ، ئەگەر

پەناییبردایە بەر یەکێکی ناسراو؛ پەنایدەداو دەیشاردەوە، هەتا خەڵك‌و خوا دەکەوتنە نێوان‌و کارێکیاندەکرد مەسەلەکەیان پاکتاو دەکرد. جا چۆنکە بەپێی رەوشت‌و خووی کوردەواری؛ زۆر شەرمە بۆ خێزانێك کەسێکی لێ بکوژرێ کەچی بچێ لەجیاتی "خوێنەکەی" بە "خوێنبایی" رازی بێ، لەبەر ئەوە دەبوو لەجیاتی ئەو کەسەی کە کوژراوە، یان یەکێك بکوژێتەوە، تا لە هەردوو خێزانەکە "یەکێك" کەمببێتەوە، یان "گیانێکی نوێ" بدرێتەوە بەخێزانی کەسکوژراو. ئەمەش بەوە دەبوو "زارۆ"یەك بێتە جیهان، کە ئەمەش لەڕێی "ژن‌و ژنخوازی"یەوە لەنێوان هەردوو خێزانەکەدا؛ "زیان لێکەوتوو"و "زیان لێدەر" جێبەجێ دەکرا. راستییەکەی لیبەراڵێتیی ئاینی، لەدەورانی حکوومەتی شێخ مەحموددا، لەرادەیەکدا بوو کە دیان‌و جوولەکە، نەك هەر بەسەربەستی، ئاینی خۆیان دەپەرست، بەڵکو لەحکوومەتی کوردستانیشدا پایەی بەرزیان هەبوو، بۆ وێنە کەریمی ئەلەکە کە لەخێزانێکی دیانی بەنێوبانگی کوردستان بوو، وەزیری دارایی حکوومەتی کوردستان بوو(49). زۆر جار کە جوولەکەکان لەنێو خۆیاندا شەڕیان ببوایە، شێخ مەحموود خۆی دەچوو ئاشتی دەکردنەوە، شێخ عەبدولسەلامی بارزانی کە لە 1908ەوە بۆ وەدەستهێنانی مافی کورد لەنێوچەی بادیناندا دەستیکرد بە شۆرش دژی رژێمی "ژۆن ترکەکان"و لەساڵی 1914دا لەموسڵ لەسێدارەدرا، بەشایەتیی قەشەیەکی دیان کە نێوی Wigramە(50) "وەکیەکییەکی تەواوی لەنێوان موسوڵمان‌و دیاندا پێکهانیبوو". لەم سەتەیەشدا مستەفا بارزانی کە لەخوارووی کوردستاندا لە 1961/9/11ەوە تا 1975/3/26 سەرکردەیەتیی شۆرشی ئەیلوولی کردو پێشمەرگەکانی چەند ساڵێك نێوچەیەکیان بەدەستەوەبوو، حوکمیان دەکرد، دەستوورو یاساکانی "دەوڵەتەکەی" وەك دەستوورەکانی عێراق وابوون کە سەرچاوەیان لایستییە. تەنێ لەهێندێك دۆخی تایبەتیدا بەپێی "شەریعەتی ئیسلام" کار دەکرا(51). بابۆ پۆلس بیداری کە





قەشەیەکی بەڕێزی دیانەکانی کوردستان بوو، هەروەها شێخ تەحسینی میری ئێزدییەکان‌و خواجا حینۆ (کە یەکێك بوو لەو جوولەکە کوردانەی لەساڵی 1948ەوە لە ئیسرائیل دەژیا) لە هاوڕێ نێزیکەکانی بارزانی بوون.

(2) سەرکردەیەتیی کلاسیکی ناسیۆنالیستی کورد، خۆی نابەستێتەوە بە هیچ ئیدیۆلۆژییەکەوە. ئامانجی ئەو دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆنالی کوردییە بەسەرۆکایەتیی خۆی. بۆ ئەمەش پێویستی بەوەیە کە هەموو کۆمەڵانی گەلی کورد لەبەرەیەکی گەورەدا بەنێوی "کوردبوون"و "کوردایەتی"یەوە یەکبخات لەژێر سەرکردایەتیی خۆیدا. جا چۆنکە بوونی چەند ئیدیۆلۆژییەك لەتەنیشت یەکەوە لەوڵاتێکدا، دەبێتە هۆی هێنانەکایەی چەند تاقم و کۆمەڵەیەك‌و لەئەنجامدا، بەرەئی وی، دەبێتە هۆی "پارچە پارچەکردنی کورد"، لەبەر ئەوە، سەرکردەی کلاسیك، نەك هەر رکی لە ئیدیۆلۆژییەو بەس، بەڵکو زۆر دژی حیزب‌و حیزبایەتیشە. خۆ ئەگەر جارێك لەجاران ناچار بێت لەگەڵ ئەم حیزب، یان ئەو حیزبدا هاوکاری بکات، ئەوا تەنێ بەوە رازی دەبێ کە خۆی ببێتە سەرکردەی حیزبەکە، کە بووش بە سەرکردەی حیزبێك، گوێڕاڵیی پێڕۆی نێوخۆیی حیزبەکەو پرۆگرامەکەی ناکات، بەڵکو ئەو حیزبە وەك "سکرتارێتییەك" (نووسینگە)ی خۆی تەماشا دەکات. راستییەکەی سەرکردەی کلاسیکی کورد، خۆی وەك سیاسییەك تەماشا ناکات، بەڵکو خۆی بە "باوکێك" دەزانێ‌و لەهەموو کوردێکیش، لەباری سەرەتاوە، وەك "کوڕو کیژ"ی خۆی دەڕوانێ. بەپێی داوو دەستووری نەنووسراوی کۆمەڵگەی کوردەواری، لەسەر کوڕو کیژ پێویستە گوێڕایەڵی باوك‌و دایکی خۆیان بن‌و، لەسەر باوك‌و دایکیش پێویستە نەیەڵن زارۆکانیان لەنێوخۆیاندا تێکبچن‌و بیانپارێزن، لەبەرئەوە سەرکردەی کلاسیك گوێناداتە ئەوەی ئەو کوردە لە چ چینێك‌و دەستەیەکی کۆمەڵایەتییە. بۆ ئەو، ئەوە گرنگە کە هەموو لایەك گوێڕایەڵی بن‌و بۆ ئامانجەکانی ئەو، کە

سەربەخۆیی کوردستانە هەوڵ بدەن. لەبەرئەوە، زۆر قینی لەوەیە کە بەنێوی جیاوازیی چینایەتییەوە، ناکۆکی بکەوێتە کۆمەڵگەی کوردەوە، کە ئەو بەخێزانی خۆی دادەنێ. بۆ سەرکردەی کلاسیك، هەژارو دەوڵەمەندو ئاغاو جۆتکارو پاڵەو سەرمایەدارو دەستکورتو دەسترۆیشتوو و کارکەرو خاوەن کارگە؛ وەك یەکە. هەر کەسێك "کوردایەتی" کرد بەسەرکردەیەتیی وی، هەژار بێ یان دەوڵەمەند، ئەوە مرۆڤێکی باشە. خۆ ئەوی لەو هێڵە دەرچووە دەرێ، ئەوا هەژار بێ یان دەوڵەمەند، خزمی خۆی بێ یان نەناسێك بێ، ئەوە "مرۆڤێکی خراپە؟. بەلای وییەوە، کوردی دەسترۆیشتوو لەکۆمەڵگەدا "برا گەورەیە"و کوردی دەستنەرۆیشتووش "برا گچکەیە"و، هەر بەپێی دەستووری کوردەواری، لەسەر "برا گچکە" پێویستە "گوێڕایەڵ" بێ‌و لەسەر "برا گەورە"ش پێویستە "بەزەیی"ی بە "برا گچکە"دا بێتەوەو تا پێی دەکرێ "نازی بکێشێ". خۆ ئەگەر ناکۆکییەك کەوتە نێوانی "برا گەورە"و "برا گچکە"وە، ئەوا سەرکردەی کلاسیك کە خۆی بە باوك دەزانێ، چارەسەریی دەکاتو، ئەوجا دەبێ هەرچییەك سەرکردە گوتی، هەموو لایەك رێزی بگرن. ئەو لایەی رێزی نەگرت، ئەوا سەرکردە سەرکۆنەی دەکات، تا "هۆش دەهێنێتەوە بە بەری دا". ئەمەش مانای وایە کە سەرکردەی کلاسیك، بەرژەوەندییە چینایەتیو دەستایەتییە جۆرجۆرەکانی کۆمەڵگەی کورد رەچاو ناگرێو دەیکاتە قوربانی "ناسنامەی ناسیۆنال". جا لەبەر ئەوەی پێوانەی "باش"و "خراپ"و "باشی"و "خراپی" بەلای سەرکردەی کلاسیکی کوردەوە، تەنێ گوێڕایەڵی"ی تاکە تاکەی کۆمەڵگەی کوردە بۆ سەرکردەو خزمەتی ئامانجەکانێتی، ئەوا ئەو "زارۆیەی" "گوێڕایەڵ"ی باوکێتی؛ زۆرتر لەپێشەوەیە لەو "زارۆیەی" سەرپێچیو دەمە دەمێو قسەی بەرزو نزم دەکات. بەمەشدا دیارە، کە ئەوانەی رەخنە دەگرنو دەمەتەقێ دەکەن، لەلای سەرکردەی کلاسیك خۆشەویست نینو، بۆیە سەرکردەی کلاسیکی





کورد، زۆر جار، بەخەڵکی ماستاوساردکەرەوەو دووڕروو و دووەكو تەشیرێسو تەنانەت نۆکەری بێگانەش دەوردەدرێ، کە دیارە ئەمانە هەموو لەژێرەوە بۆ ئامانجی خۆیان کار دەکەنو زیان بەسەرکردەی کلاسیك خۆیو بزووتنەوەی کوردایەتیش دەگەیەنن. راستییەکەی سەرکردەیەتیی بارزانی، هەر لەکاتی دامەزراندنی "پارتی دێمۆکراتی کورد"ەوە کە هوردە بورژوای مارکسیستی کورد لە 1946/8/16دا دروستی کردو، بارزانی کردە سەرکردەیو، ئەو هەموو ناکۆکیو ئاشتبوونەوەیەی کە لەنێوان بارزانیو هوردە بورژوای کورددا روویدا، چ لەپێش شۆرشی ئەیلوولی 1961و، چ لەپاش شۆرشی ئەیلوولو، هەتا هەرەسەکە لە 1975/3/26دا، هەریەکەیان نموونەیەکی زیندووی ئەم قسانەی سەرەوەن.

(3) لەبەر ئەوەی ئامانجی سەرکردەیەتیی ناسیۆنالیستی کورد، دامەزراندنی "دەوڵەتێکی ناسیۆنال"ە بە "سەرکردەیەتیی خۆی"، بۆیە بەلای ئەم سەرکردەیەتییەوە، خەڵکی هەموو، لە "دووبەرە"دا کۆدەبنەوە (1)- بەرەی دۆست: دۆستەکان ئەوانەن کە پشتگیریی سەرکردەی کلاسیك دەکەن لەتێکۆشانیدا بۆ گەیشتنە ئامانجەکانی. (2)- بەرەی دوژمن. ئەمەش ئەوانەن کە دژی دەوەستن لەم تێکۆشانەدا. لەبەرئەوە لەهەڵبژاردنی هاوپەیماندا، ئیدیۆلۆژیی هاوپەیمانو تایبەتکارەکانیی دیی هاوپەیمان، هیچ جۆرە دەورێکی سەرەکی نابینێ لای سەرکردەی کلاسیك. بۆ وێنە: شێخ عوبیدوڵلای نێریی نێوبراو، کە خۆی شێخێکی تەریقەت بوو و، لەساڵی 1880دا شۆرشێکی گەورەی لەدژی دەوڵەتی عوسمانیو قاجاری هەڵگیرساندبوو، هەر زوو (لەساڵی 1878دا) بیرخەرەوەیەکی لەبارەی کێشەی کوردەوە ناردبوو بۆ قۆنسوڵی ئەمریکا لەئێرانو، لەوێدا دۆزی کوردی باسکردبوو بۆیو، هەر لە گەرماوگەرمی شۆرشەکەیدا گوتبووی کە "کورد زۆریان پێخۆشە ئەگەر بەریتانیاو ئەمریکا یارمەتییان بدەن بۆ رزگار بوون لەدەست زۆرداریی

عوسمانیو فارس"(52). مەلا سەلیمی خێزانی کە یەکێك بوو لە زانا موسوڵمانە ناودارەکانی کوردستانو سەرکردەی کۆمەڵێك شۆرشگێر لە بیتلیس، لە پێش جەنگی یەکەمی جیهانیی دا، لەگەڵ چارەکانی رووسیا قسەی کردبوو و، داوای یارمەتی کردبوو لێیان لەدژی سوڵتانی عوسمانیو بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ(53). میر عەبدولرەزاق بەدرخانیش کە لەپێش جەنگی یەکەمدا بۆ سەربەخۆییی کوردستان تێدەکۆشا، پێوەندیی لەگەڵ چارەکان گرتبوو و، داوای یارمەتیی کردبوو لێیان(54). شێخ مەحموودی بەرزنجی کە لەنێو کورددا پایەی ئاینی هێندە بەرزبوو، کە خەڵکی کەشفوکەراماتیان دەگێڕایەوە لێی(55)، لەهاوینی ساڵی 1918دا نامەیەکی بۆ سێر ئارنۆڵد ویلسن، نوێنەری هێزی کۆلۆنیالیستی بەریتانیا لەمیزۆپوتامیادا، ناردبوو و، داوایکردبوو لێی کە یارمەتیی بدات بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆو پشتگیریی بکات لەدژی سوڵتانی عوسمانی(56). ئەوجا هەر ئەو شێخ مەحموودە کە لە ئینگلیزەکان ناهومێد بوو، کەوتە وتووێژ لەگەڵ نوێنەری مستەفا کەمالدا کە ئوێزدەمێر بوو(57). کە لەویش هیوا بڕاوبوو، نامەیەکی نووسی بۆ لێنین لە 1923/1/20داو، داوای یارمەتیکرد لێی دژی کۆلۆنیالیستەکانی بەریتانیا(58). ئەمە هەمووی بێ ئەوەی شێخ مەحموود رۆژێ لەڕۆژان لایەنگیریی "دێموکراتێتیی بەریتانیایی"، یان "ترکیزمی کەمالی،" یان "کۆمۆنیزمی سۆڤیاتی" بووبێ، هەروەها گەورەترین سەرکردەی کلاسیکی کورد لەم سەتەیەدا، واتە، مستەفا بارزانی کە لەسەرەتای چلەکانەوە کەوتە سەر بیری دامەزراندنی "دەوڵەتی ناسیۆنالی کورد"، لەپێشەوە لەگەڵ کاربەدەستانی بەریتانیا لەعێراق زۆر بەشێنەیی کەوتە وتووێژ بۆ مەسەلەی کورد(59)، کە لە بەڵێنو پەیمانی ئینگیزەکان ناهومێد بوو، ئەوجا روویکردە مەهابادو کەوتە خزمەتکردنی کۆمارە ساواکەی کوردستان بەسەرۆکایەتیی قازی محەممەد، لەکاتێکدا ئەو دەمە سۆڤێتەکان





هێزی داگیرکەربوون لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا. دوایی کە کۆماری کوردستان رووخا، بارزانی ویستی بچێ بۆ ئەمریکاو لەوێ ببێ بە پەنابەر(60). بەڵام ئەمریکاییەکان پەنابەرێتییان پێنەدا، چۆنکە بە کۆمۆنیستیان دەزانی(61). ئەویش چوو بۆ سۆڤێتو لەوێ بوو بە پەنابەر. کاتێك ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم، رژێمی شایەتیی لەعێراقدا رووخاند (لە 1958/7/14دا)، بارزانی گەڕایەوە بۆ عێراقو ویستی ببێتە هاوپەیمانی قاسم. بەڵام کە قاسم ناپاك دەرچوو لەگەڵی لەسەرەتای شەستەکاندا، پێوەندیی لەگەڵ ناسریستەکانو یەکێتیی سۆڤێتدا پەیدا کرد. لە 11ی مارتی 1970دا لەگەڵ بەعسییەکاندا پەیماننامەیەکی ئیمزا کرد. بەڵام کە بەعسییەکان هەوڵی کوشتنی بارزانییان داو پەیمانەکەیان نەهانیە جێ(62)، ئەوجا لەگەڵ شای ئێرانو شا سعوودو ئەمریکاو ئیسرائیل پێوەندیی بەست. چەند رۆژێك بەر لەوەی کۆچی دوایی بکات لەئەمریکا لە 1979/3/31دا، تەلگورافێکی پیرۆزبایی لێدا بۆ خومەینی؛و بەتەمابوو بگەڕێتەوە بۆ ئێران، بەڵام ئەوەبوو مردن رێی نەدا. بەڵام بارزانی خۆی، بێگومان، نە سەر بە "دێمۆکراسیی بەریتانیایی" بوو، نە "رێی ژیانی ئەمریکایانەی بەدڵدا چووبوو"، نە "کۆمۆنیستو مارکسیست" بوو، نە "سەهیۆنیست" بوو، نە موسڵمانێکی بنچینە گریش بوو، هەروەها نۆکەرو بەکرێگیراوی هیچ دەوڵەتێکیش نەبوو(63). بارزانی نموونەی سەرکردەیەکی کلاسیکی کورد بوو بە هەموو مانای وشەو، وەك هەموو سەرکردەیەکی کلاسیکی کورد، لەهەڵبژاردنی هاوپەیماندا لیبراڵ بوو. شایانی باسە کە ئەم لیبەراڵیزمە لەهەڵبژاردنی هاوپەیماندا، هێندێك سووت بە سەرکردەی کلاسیکی کورد، لەهێندێك کاتی تایبەتیدا، دەگەیەنێ، بەڵام زۆر جاریش زیانی زۆر گەورە بەسەرکردەی کلاسیكو تەواوی مەسەلەی کورد دەگەیەنێ، بەتایبەتی کاتێك کە هێندێك لەناحەزانو نەیاران بیانەوێ دەست بخەنە مەسەلەی کوردەوە بەنیازی خراپەکاریو،

خۆیان بەهاوپەیمان پیشان بدەن بۆ ئەوەی بگەنە ئامانجی شارەوای خۆیانو لەژێرەوە بەدزییەوە تێبکۆشن بۆی. هاوپەیمانێتیی بارزانیو بەرەی رۆژاواو دەستکێشانەوەیان لەبارزانی، بەوێنەیەکی دزانەو، لەکاتی تەنگانەدا، بێ ئەوەی بەهیچ جۆرێك لەوەپێش ئاگاداریان کردبێ، نموونەیەکی رۆنی ئەم قسەیەی سەرەوەمە. شای ئێران کە چەند سالێك خۆی کردبوو بە "هاوپەیمانی" بارزانی و "دۆستی شۆرشی کورد"، لە 6ی مارتی 1975داو پاش چەند سالێك تیروشیر سوون لە سەددام حوسێن، دەستیکردە ملی سەددامو پشتی بارزانی وا بەرەڵڵا کرد کە بەجارێك پشتی شکاند. لەوتووێژیکدا لەگەڵ رۆژنامەنووسی میسری محەمەد حەسەنەین هەیکەل لەساڵی 1975دا شا گوتی:

"بەڵێ، ئێمە یارمەتیی شۆرشی کوردمان دا. لەسەردەمی دواییی (شۆرش)دا ئێمە هێزی کاریگەر بووین لەپشتییەوە... ئێمە شۆرشی کوردمان هەڵنەگیرساند، بەڵکو شتێك بوو هەبوو و دەماندی. چەند ساڵێك بوو رژێمەکانی بەغدا هەڵوێستێکی دوژمنانەی ئاشکرایان بەرامبەر ئێمە دەنواند. خراپکارانیان دەناردە ئەم دیو سنوورو گەلێك بەیەکادان روویدا، شۆرشی کورد هەلێکی رەخساند بۆ ئێمەو ئێمەش قۆزتمانەوە. (بەلام) ئایە ئێمە بەراستی دەمانویست مەسەلەیەکی کوردیی گەورە دروست بکەین؟ نەخێر. ئێمە خۆمان کەمایەتییەکی کوردیی گەورەمان هەیە".

(تەماشای لاپەڕەی پێنجی رۆژنامەی "کەیهان ئینتەرناشنال" بکە، کە بەزمانی ئینگلیزی لەتاران، لەرۆژی 1975/9/20دا دەرچووە).

بەراستی ئەم قسانەی شای لێخراوی ئێران، هێندە بێ پێچوپەنان کە پێویستییان بەهیچ جۆرە لێدوانێك نییە، تەنێ ئەوە هەیە کە ئەم تاقیکردنەوەیەی سەرکردەیەتیی کلاسیکی کورد؛ یەکەمین تاقیکردنەوە نەبووەو دواتاقیکردنەوەش نابێ.



هەواڵنامەی کتێب

# بەندی سێیەم

## هوردە بۆرژوای کوردو بیری ناسیۆنالیزم

هوردە بۆرژوای کورد، لەنیوەی دووەمی سەدەی رابوردوودا، لەپێتەختەکانو شارە گەورەکانی وڵاتی عوسمانیو قاجاردا، تاکە تاکە دروستبوو. ئەم دەستە کۆمەڵایەتییە تازەیە، کە بەژمارە، یەکجار کەمو، بەجۆرێتیش رەنگێکی خۆگرتووی نەبوو، بەزۆری، بریتی بوو لەو قوتابییانەی دەچوونە قوتابخانە بەرزەکانی ئەستەموولەوە بۆ خوێندن. چۆنکە ئەو دەمە هەموو قوتابخانەکانی کوردستان تێکڕا قوتابخانەو زانستگەی ئاینی بوونو، لەیەك دوو شاری کوردستاندا نەبێ، وەك دیاربەکرو سلێمانی، کە قوتابخانەی "روشدیەی مولکی"یان تێدا هەبوو، قوتابخانەو زانستگەی نائاینی نەبوو. بێجگە لەمەش، هێندێك کوردی دیش رێیان کەوتبووە شارە گەورەکانی وڵاتی عوسمانیو سەریان بە کاسبکارییەوە گیربووبوو و، لەوێ نیشتەجێ بووبوون. ئەم قوتابیو کاسبکارانە، نەك هەر پێوەندییان بە خزمو کەسوکاریانەوە لەکوردستاندا نەبڕیبوو و، بۆ سەردان دەچوونەوە کوردستان، بەڵکو لەشارە گەورەکانیشدا، بەتایبەتی لە ئەستەموول، پێوەندییان بەسەرکردەیەتیی کلاسیکی کوردەوە هەبوو، کە ئەوکاتە لەدەوڵەتی عوسمانیدا دەستی زۆر دەڕۆیو، لە هەل دەگەڕا بۆ ئەوەی کوردستانێکی سەربەخۆ بهێنێتەبوون. یەکێك لەم سەرکردە کلاسیکانە شێخ قادری شەمزینی بوو کە ئەندامی پەرلەمانی عوسمانی بوو. لەبەرئەوە دەستەی هوردەبۆرژوای کورد، بیری ناسیۆنالیزمی کوردی لەسەرکردەی کلاسیکەوە وەرگرتو، لەمەشەوە دەستەیەك کوردی "خوێندەوار" دروستبوو، کە لەخوێندەوارە کۆنەکانی کوردستان، کە هەموو قوتابیی قوتابخانە ئاینییەکان بوون، جیا دەکرایەوەو، بەم دەستەیە دەگوترا "منەوەر"، واتە "رۆناکبیر"، هێندێك لەم "منەوەرانە"، لەسەرەتاوە، لەگەڵ ئەو





ترکە "منەوەرانە"دا کاریاندەکرد کە داوای "ریفۆرم"یان دەکرد لە ئیمپراتۆرێتیی عوسمانیداو، تەنانەت هێندێك لەم کوردانە لەپێش راپەرینی "مەشرووتییەت"ی عوسمانی لە 1908داو، ماوەیەکیش دوای ئەوەش، لەگەڵ "ژۆن ترکەکان"دا هاوکارییان دەکرد، لەمانە دوکتۆر جەودەت(64)و عەبدولرەحمان بەدرخان(65)و مارف جیاووك(66). بەڵام زۆربەی زۆری "منەوەرەکان"ی کورد هەریەکسەر لەخزمەتی ئامانجەکانی سەرکردەی کلاسیکی کورددا بوون. خۆ ئەگەر "کۆمەڵە"یەکیش لەلایەن ئەم دەستەیەوە دروستکرابێ، وەك ئەو کۆمەڵەیەی کە لەساڵی 1910/1911دا بەنێوی "هێڤی"یەوە لەلایەن قوتابییە کوردەکانی ئەستەموولەوە دروستکراو گۆڤارێکی بەنێوی "رۆژی کورد"ەوە دەردەکرد، ئەوا ئەوەش هەر بۆ پشتگیریی سەرکردەی کلاسیك بوو، وەك گۆڤاری "رۆژی کورد" کە زمانی حاڵی ئەم کۆمەڵەیە بوو، بە ئاشکرا دەری دەخات.

پاش تەواو بوونی جەنگو رووخانی دەوڵەتی عوسمانی، بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد بەسەرۆکایەتیی سەرکردە کلاسیکییەکان لە هەموو لایەکەوە بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەستیپێکرد. لەخوارووی کوردستاندا شێخ مەحموودی بەرزنجی توانی لە 1918/11/2دا ببێتە "حوکمداری کوردستان"و ژمارەیەکی زۆر لە "منەوەرە کوردەکان" لەهەموو لایەکی ئیمپراتۆرێتیی عوسمانییەوە روویان کردە سلێمانی (شارباژێری خوارووی کوردستان)و خۆیان خستە خزمەتی دەزگەی دەوڵەتیی شێخ مەحموودەوە. دەنگوباسی گەڕانەوەو هەواڵی دامەزراندنی ئەم "منەوەرانە" لەسەر کار، لەرۆژنامەکانی دەورانی حکوومەتی شێخ مەحموودا، وەك "رۆژی کوردستان" (1922-1923)و "بانگی کوردستان" (1922-1923)و "ئومێدی ئیستیقلال" (1923-1924)دا، دەخوێنرێنەوە. ژمارەیەکیش لە "منەوەرە کوردەکان" لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا کەوتنە یارمەتیی سمایل خانی سمکۆ، کە

لەسەرەتای بیستەکاندا نێوچەیەکی گەورەی رزگارکردبوو و لە 1922دا ورمێی کردبوو بە پێتەختی خۆی‌و سەربەخۆ فەرمانڕەوایی دەکردو رۆژنامەیەکی بەنێوی حکومەتەکەیەوە دەردەکرد. ئەم رۆشنبیرە کوردانە لەدەزگای دەوڵەتی سمکۆدا بەشدارییان دەکرد. هوردەبۆرژوای کوردی ژووروی کوردستانیش لەژێر فەرمانی شێخ قادری شەمزینیدا بوون، کەسەرکردەی هەرە گەورەی هەموو بزووتنەوەی کوردایەتی بوو لەژووروی ولاتداو، چاوەڕوانی بڕیاری کۆمەڵە ئینتەرناسیۆنالەکانی دەکرد لەبارەی مەسەلەی کوردەوە(67). هەر هوردەبۆرژوای رۆشنبیری کورد بوون، وەك ژەنەراڵ شەریف پاشا، کە توانیان بە پشتگیریی سەرکردەی کلاسیك لە کۆنفرانسی ئاشتیدا، لە 1919دا، دوو بەند بخەنە پەیمانی سیڤرەوە بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

بەپێچەوانەی سەرکردە کلاسیکییەکانەوە، کە، بەنێزیکە، هەموویان لەکوردستاندا لە دایکبووبوون‌و گەروەبووبوون، پێوەندیی شەوو رۆژیان بەدەروێش‌و جەماوەری رەشوڕووتی کوردەوە هەبوو، لەخۆڕەوشتی کۆمەڵگەی کورد زۆر شارەزابوون، دەستەی هوردەبۆرژوای رۆشنبیری کورد، هێندێکیان هەر لەو کوردانە بوون کە لەکوردستاندا لەدایك نەبووبوون. هێندێکیشیان هەر زۆر بەگەنجێتی کوردستانیان بەجێهێشتبوو، چووبوونە نێو ترك‌و عەرەب‌و فارسەوە، ئەو رۆشنبیرێتییەی کە هەیانبوو، رۆشنبیرێتییەکی کوردانە نەبوو، بەڵکو رۆشنبیرێتییەك بوو کە لەقوتابخانەکانی ترك‌و عەرەب‌و فارسەوە وەریانگرتبوو. لەبەرئەوە هەڵسوکەوتی کۆمەلایەتیشیان لاساییکردنەوەیەکی رۆشنبیرانی ترك‌و عەرەب‌و فارس بوو، بەتایبەتی رۆشنبیرانی ترك، کە ئەوانیش تا هەندازەیەکی زۆر، لاساییەکی ناشییانەی ئەوروپاییەکانیان دەکردەوە. سەبارەت بەوە، ئەم کوردە رۆشنبیرانە، کە لەپاش رووخانی دەوڵەتی عوسمانی، هاتنە کوردستان‌و پێوەندییان لەگەڵ جەماوەری کورددا بەست، لەنێو کۆمەڵگەی کوردا- کە بێجگە لەوان، بەنێزیکە، لە رەشوڕووت‌و نەخوێندەوارو





خەڵکی دوور لە کولتووری ترك‌و عەرەب‌و فارس‌و زۆر دوورتر لە کولتووری ئەوروپایی پێکهاتبوو- نامۆ(غریب)و تاکهەڵکەوتوو(نشاز) دەهاتنە بەرچاو، چۆنکە بەشی زۆری قسەو هەڵسوکەوتەکانیان لەگەڵ دۆخ‌و هەڵومەرجی کۆمەڵگەی ترادیسیۆنالی کوردا نەدەگونجان. لەبەر ئەوە خەڵکەکە ئەمانەیان -وەك لەمەوبەر گوتم- بە "منەوەر" دەدایە قەڵەم، کە هەرچەندە وشەکە لەترکەکانەوە وەرگیرابوو، لێ لەبنەڕەتدا عەرەبییەو مانای "رۆناکبیر" دەگرێتەوە، بەڵام "منەوەر" لەنێو خەڵکی ئەو دەمەی کوردستاندا مانای "کافر"و "بێ دین"و"بێبەندوبار"ی دەدابە دەستەوە. هێندێك جاریش ئەم "منەوەرانە" لە لایەن خەلکەوە بە "فەرمەسۆن" نێودەبران، کەمەبەست لە وشەکە "خودێ نەناسی" بوو(68). ئەمانیش -دەستەی هوردەبۆرژوا- بەرامبەربەوە، راستە خەڵکەکەیان بە "ساویلکە"و "دواکەتوو"و "نەزان"و "لەگوێی گا دا نوستوو"و "کێوی" دەزانی و، خۆشیان بە "مۆدێرن"و "شارستانی"و، لەمەشەوە ناکۆکی پەیدا دەبوو لەنێوان سەرکردەی کلاسیك‌و ئەم هوردەبۆرژوایانەدا، چۆنکە سەرکردەی کلاسیك رەوایەتیی دەسەلاتەکەی خۆی لە پشتگیری ئەم رەشوڕووت‌و "نەخوێندەوارانە" وەردەگرت، بۆیە نەیدەتوانی دڵیان بشکێنێ بۆ کەمەیەکی کەم هوردەبۆرژوای "وەك نیسك بێبار"ی لە "خورەوشتی کوردەواری لاداو". جا سەبارەت بەوەی ئەم دەستە هوردە بۆرژوا رۆشنبیرە، لەنێو جەماوەری کوردا، بنکەیەکی کۆمەلایەتی نەبوو پشتببەستێ پێی، ناچار دەبوو بگەڕێ بەدوای هاوپەیمانێکدا کە جێی سەرکردەی کلاسیکی کورد بگرێتەوە بۆی. ئەم "هاوپەیمانە"شی لە نوێنەرانی هاوپەیمانەکانی ئەوروپا (بەریتانیاو فەرەنسا)دا دەدوزییەوە، کە لەپاش جەنگی یەکەمی جیهانی خوارووی کوردستان‌و رۆژئاوای کوردستانیان داگیرکردبوو، بەتایبەتی "بەریتانیای گەورە" کە خوارووی کوردستان‌و میزۆپۆتامیایی بەرکەوتبوو، هەروەها لەنێو ئەو رۆشنبیرە دەستڕۆیشتووە عەرەب‌و

ترك‌و فارساندا كە بەپشتی دەوڵەتە گەورەكانی وەك بەریتانیاو سۆڤیێت‌و ئیتاڵیاو فەرەنسا خەریكی دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنالی خۆیان بوون. لەبەر ئەوە، هێندێك لە هوردەبورژوای رۆشنبیری كورد، خۆی خستە خزمەتی هێزی داگیركەری بەریتانیاو دەزگەی بیرۆكراتیی دەوڵەتی، تازە دروستكراوی عێراقەوە، بەسەرپەرشتیی بەریتانیا. هێندێكی دیش خۆی خستە خزمەتی هێزی داگیركەری فەرەنساو دەزگەی بیرۆكراتیی دەوڵەتی تازە دروستكراوی سوریاوە، بەسەرپەرشتیی فەرەنسا. هێندێكیش بووبوو بە "جلخوار"(69)، واتە دەیویست كوردستان بكەوێتەژێر دەستی حكومەتی تركەوە، بۆ ئەمەش هاوكاریی لەگەڵ چەتەكانی مستەفا كەمال دەكرد، وەك ئەو ئویزدەمیرەی كە بەخۆی‌و چەند چەتەیەكەوە هاتبوونە رەواندز. هێندێكیش خۆی لە شۆڤێنیستە فارسەكان‌و داروودەستەی رەزا خان نیزیككردبووەوە كە دەیانویست دەوڵەتی قاجار بەپشتگیریی بەریتانیاو سۆڤیێت بڕووخێنن‌و دەوڵەتێكی ناسیۆنالی فارس دروستبكەن. شایانی باسە، بەشێك لەم هوردەبۆرژوا رۆشنبیرە كوردانە، نەك هەر خزمەتێكی زۆری كۆلۆنیالیستەكانی بەریتانیاو فەرەنسایان كرد، بەڵكو لە دروستكردنی دەوڵەتە ناسیۆنالەكانی ترك‌و عەرەب‌و فارسدا بەشدارییەكی تەواویانكرد(70). بەڵام هەر لەنێو ئەم رۆشنبیرە كوردانەدا هی واشیان هەبوو كە چارەنووسی خۆی هەتا سەر، بە چارەنووسی بزووتنەوەی كوردایەتییەوە، بەسەرۆكایەتیی سەركردەیەتیی كلاسیك، بەتایبەتی شێخ مەحموودەوە، بەست. كە ئەم باسەش بەشێوەیەكی خەستترو دووروودرێژتر لەهەڵێكی دیدا پێشكێش دەكەم.

بەستنی پەیمانی لۆزان لەساڵی 1923دا كە بوو بەهۆی ئەوەی ژووروی كوردستان بدرێ بە دەوڵەتی تازە دروستكراوی "تركیا" كە نێونرا "تركیای تازە"، بەپێی بەرژەوەندیی كۆلۆنیالیستەكانی ئەوروپا (بەریتانیاو فەرەنساو ئیتاڵیا)و بەبێ ئەوەی هیچ پرسیارێك لەكورد كرابێ، ئەوجا دامەزراندنی "تركیای كەمالی" هەر لەساڵی





1923دا، دوای ئەوەش رووخاندنی دەوڵەتی خوارووی كوردستان لەلایەن هێزەكانی بەریتانیاوە لە 1924/7/19داو نووساندنی بەزۆر بە دەوڵەتی عێراقەوە، ئەوجا بڕیاری كۆمەڵەی گەلان "لەساڵی 1925دا بۆ نووساندنی خوارووی كوردستان (ویلایەتی مووسڵ) بە عێراقەوە، سەرەڕای رازینەبوونی گەلی كورد كە زۆربەی زۆری دانیشتووانی "ویلایەتی مووسڵ" بوون، ئەمجا رووخاندنی بنەماڵەی قاجاری‌و دامەزراندنی "ئێرانی پەهلەوی" لە 1925داو، بوونی رەزا خان بە "رەزا شای پەهلەوی" بەیارمەتی بەریتانیاو سۆڤیێت. بەكورتی، دوای دابەشكردنەوەی كوردستان، پاش جەنگی یەكەمی جیهانی‌و دروستبوونی "تركیای كەمالی"و "ئێرانی پەهلەوی"و "عێراقی هاشمی" بەیارمەتی‌و پشتگیریی دەوڵەتەكانی رۆژئاواو رۆژهەڵات، هەلومەرجێكی زۆر سەخت هاتەپێشەوە بۆ كورد، كە سەركردەی كلاسیك لە كوردستانی پارچەپارچەكراودا، نەیدەتوانی بەمێتۆدی كۆنی خۆی، دەرەقەتی دەوڵەتە ناسیۆنالەكانی ترك‌و عەرەب‌و فارس‌و پارێزەرەكانیان، بەریتانیاو فەرەنساو سۆڤیێت، بێ، لەئەنجامی ئەوەوە، بەربەرەكانێی چەكدارانەی كورد بەسەركردایەتیی كلاسیك لە 1925 (لەدیاربەكر بەسەرۆكایەتیی شێخ سەعیدی پیران) لە 1920-1930 (لەرۆژهەڵاتی كوردستان بەسەرۆكایەتیی سمكۆ)، لە 1919-1931 (لەخوارووی كوردستان بەسەرۆكایەتیی شێخ مەحمود)، لە 1927-1930 (لەنێوچەی ئارارات بەسەرۆكایەتی ئیحسان نووری)، هیچیان هیچ ئامانجێكی سەركردەی كلاسیكی كوردی لەسەربەخۆیی كوردستاندا نەهانیەدی. بەڵام سەركردەی كلاسیكی كورد، بەمە لەنێو نەچوو، بەڵكو جەماوەری كورد زۆرتر لەدەوروپشتی كۆبووەوەو دەستەی هوردەبۆرژوای كوردیش كە لەژێر ئەم دەوڵەتە "مۆدێرنكراوانە"دا دەژیا، بەكردەوە زۆروزەنگی شۆڤێنیزمی ترك‌و فارس‌و عەرەبی چێشتبوو، هەتا دەهات زۆرتر پشتی سەركردەی كلاسیكی كوردی دەگرت‌و پتر لەژێر ئاڵای سەركردەی

کلاسیکدا بۆ سەربەخۆییی کوردستان هەوڵی دەداو خزمەتی زمانو کولتووری کوردی دەکرد، بەتایبەتی لەعێراقو سوریادا، کە سەرەڕای بوونی حکومەتی ناسیۆنالی عەرەب لەم دوو وڵاتەدا لەژێر چاوەدێریی بەریتانیاو فەرەنسادا، "سەربەستیی بەکوردینووسین" تا هەندازەیەك بەکورد درابوو.
لەپاش جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تا جەنگی دووەمی جیهانی، هوردەبۆرژوای کورد، بەتایبەتی لەعێراقو ئێراندا، گەلێك کۆمەڵەی سیاسیو رۆشنبیری دامەزراند، کەهەموو ئەمانە ئامانجیان سەربەخۆیی کوردستان بوو، کە ئەمەش -وەك لەمەوبەرگوتمان- درۆشی کرۆکی (مرکزی)ی سەرکردەیەتیی کلاسیکیی کورد بوو.
بەڵام لەبەر ئەوەی رۆشنبیرانی هوردەبۆرژوای کورد هێشتا بە چەندایەتیو چۆنایەتی نەبووبوو بەچینێکی وا بەدەستەڵات کە بتوانێ بەتەنێ بەسەرپێی خۆیەوە بوەستێ، هیوایان بڕیبووە یارمەتیی بەریتانیاو فەرەنسا، زۆر بەتایبەتی "بەریتانیای گەورە" کە ئەو دەمە لە عێراقو رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەستی زۆر دەڕۆیی. سەرکردەی کلاسیك کە بەتاقیکردنەوەی هاوپەیمانێتیی رابردووی لەگەڵ بەریتانیادا، "دڵسۆزی"و "ویژدان"ی "بەریتانیای گەورە" دەرکەوتبوو بۆی، باوەڕی بەبەریتانیا نەمابوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەلایەوە مەبەست نەبوو کێ یارمەتی سەربەخۆیی کوردستان دەدات.
لەبەر ئەوە ئەو دوو کۆمەڵە سیاسییە گەورەیەی کە لەجەنگی دووەمی جیهانیی دا لە رۆژهەڵاتو خوارووی کوردستاندا لەلایەن هوردە بۆرژوای رۆشنبیری کوردەوە دروستبوون، واتە "ژێکاف" (1942-1945)و "هیوا" (1939-1945)، لەبارەی ئامانجو تاکتیکەوە، هیچ نوختەیەکی تێدا نەبوو کە بەدڵی سەرکردایەتیی کلاسیك نەبێ. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە "کۆمەڵەی هیوا" لەساڵی 1939 دا لەلایەن قوتابیانی کوردەوە دروستبوو، ساڵێکی رەبەق بێ سەرکردە مایەوە، چۆنکە دامەزرێنەرەکانی هیچیان لەخۆیان رانەدەدی، ببنە سەرکردەی(71)، مامۆستا رەفیق





حیلمی (1898-1960/8/4) کە یەکێك بوو لە پێڕەوانی سەرکردە کلاسیکییەکانی کوردو، کۆنە یارمەتیدەری شێخ مەحموود بوو، بێ چەندو چۆن، رازیبوو ببێتە سەرکردەی "کۆمەڵەی هیوا" وەك چۆن لەساڵی 1944دا قازی محەممەد (1893-1947/3/31) بەئاسانی رازیبوو ببێتە سەرکردەی "کۆمەڵەی ژێکاف".
لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانیی دا هێندێك کارەسات روویاندا کە دڵی هوردەبۆرژوای رۆشنبیری کوردی لەپشتبەستن بەبەریتانیا ساردکردەوە. لەئابی 1943دا، شۆرش لەنێوچەی بارزاندا بەسەرۆکایەتیی شێخ ئەحمەدی بارزانیو مەلا مستەفای برای روویدا. "کۆمەڵەی هیوا" کەوتە یارمەتی بارزانییەکان، بەڵام هێندێك کاربەدەستانی هیوا، وەك ماجید مستەفا کە بەسەرزاری "کوردپەروەر"و لەژێرەوە پیاوی ئینگلیز بوو، بۆ سووتی ئینگلیزەکان، شۆرشگێرەکانی هێور کردەوە، بەنێوی وتووێژەوە لەگەڵ حکوومەتی عێراقداو چاوەڕوانکردنی "لوتفی بەریتانیای گەورە بەرامبەر بە کورد" شەڕی لەخوارووی کوردستاندا راگرت بە هێندێك بەڵێن کە هەمووی دەستیدەستی (مماطلة)و کاتبردنەوە بوو بۆ سووتی عێراقو بەریتانیا، بێ ئەوەی کورد هیچی دەستبکەوێ لێی. سەبارەت بەوە ناکۆکی کەوتە نێوان ریزەکانی حیزبی هیواوە. جا لەبەرئەوەی لەهاوینی ساڵی 1941ەوە لەشکری سۆڤێتو بەریتانیا بەنێوی بەربەرەکانێی پڕوپاگەندەی نازێتییەوە کشابوونە نێو کوردستانی ئێرانەوە، سۆڤێتەکان لەکوردستاندا لەگەڵ "کۆمەڵەی ژێکاف"دا وتووێژیان دەستپێکردبوو، ئەودەمەش هێشتا کورد سۆڤێتی تاقینەکردبووەوە، بەڵام بەریتانیای تاقیکردبووەوە، بێجگە لەوەش، کۆمۆنیستەکانی عێراقو کۆمۆنیستەکانی ئێران (توودەییەکان) لەنێو رۆشنبیرانی کوردا پڕوپاگەندەیان زۆر دەکرد بۆ سۆڤێت، لەبەرئەوە هوردەبۆرژوای کورد بەربەرە گومانی پەیداکرد لە "دڵسۆزی"ی بەریتانیا بۆ کوردو دڵی خۆیدا بە سۆڤێتەکان، بەتایبەتی کە دەیدی لەپاش بیست ساڵێك

لەدیکتاتۆریەتیی رەزاخانو ڕێبەندکردنی زمانی کوردیو جلکی کوردیو گۆرانی کوردی، سۆڤێتەکان لەئێراندا، چاو لە بزووتنەوەی سیاسیو کولتووریی کورد دەپۆشن، بەهەڵسوکەوتەکانیشیاندا وادیارە کە چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ لێیان شتێك بۆ کورد بکەن. بەپێچەوانەی ئەمەوە، بەدبینیی بەرامبەر بەریتانیاو بەڵێنەکانی هەتا دەهات بەهێزتر دەبوو لەنێو کوردا بەگشتی و، لە نێو هوردەبۆرژوای رۆشنبیری کورددا بەتایبەتی. لەمەشەوە ناهومێدیو خەفەتباری، رۆژ لەدوای رۆژ، رۆشنبیرانی کوردی پتر دادەگرت. هۆنەری ناسیۆنالیستی کورد فایەق بێکەس (1905-1948/12/18) کە خۆی ئەندامی "کۆمەڵەی ژێکاف" بوو، لەسەرەتای ساڵی 1944دا داخو خەفەتی دڵی خۆی بەمجۆرە هەڵڕشتبوو:

دەنگ بڵاوە، خەڵك ئەڵێن ئەمجارە کورد سەربەست ئەبێ
چی ئەڵێن، بیڵێن، لام وایە درۆو چاوپەست ئەبێ
سەتهەزار جارمان سیاسەت تەجروبەکردو کەچی
ئێستەکەش زۆرمان بە فیشاڵی وەها سەرمەست ئەبێ
بێتو بەینی ترك وئینگلیز زەڕەیەك تێکچێ ئیتر
مەسەلەی کوردایەتی ئەوسا بەجارێ خەست ئەبێ
کەی حوقوق ئەدرێ، ئەسەنرێ، عەیبە ئیتر تێبگەن
سەربەخۆیی چۆن نسیبی قەومی وا بێ دەست ئەبێ
میللەتی جاهیل لەدنیادا ئەبێ هەر بەندەبێ
نۆکەری هەر خشت بەباڵای قەومی دیلو پەست ئەبێ

شایانی باس ئەوەیە، هەرچەندە هوردەبۆرژوای رۆشنبیری کورد لەساڵانی جەنگدا، ڕێبازی هومێدو چاوەڕوانیی لەبەریتانیاوە گۆڕی بەسۆڤێت، بەڵام هۆی ئەمە ئەوە



نەبوو کە هوردەبۆرژوای کورد بووبووە مارکسیست یان کۆمۆنیست. کۆمۆنیستەکان کە ئەو دەمە لەکوردستاندا بە "مسقۆف" یان "بۆڵشەویك" نێویان رۆیبوو، بەهۆی پرۆپاگەندەی بەریتانیاوە هاومانای "کافر"و "رەوشتنزم" بوون. لەبەر ئەوە خۆشەویستیی سۆڤێت لەلایەن کوردەوە، بەتایبەتی لەلایەن رۆشنبیری هوردەبۆرژوا ی ناسیۆنالیستی کوردەوە، پێوەندیی بەبیروباوەڕی کۆمۆنیزمەوە نەبوو. نووری شاوەیس (1922-1983/11/15) کە رۆشنبیرێکی مارکسیستی کورد بوو، لەبیرەوەری ساڵی 1939دا دەبێژێ:

"پاش پشووی خوێندن، لەکۆتایی ساڵی 1939دا ژمارەمان زۆربوو، وامانلێهات بیر لە گۆڕینی نێوی کۆمەڵە بکەینەوە، ئەم بیرە لەخەڵکی دییەوە بۆمان دەهات، ئەگەرچی هێندێکمان دەیوست نێوی کۆمەڵە هەر بە "دارکەر" بمێنێتەوە. چۆنکە ئێمە لەو دەمەدا خۆمان بە کۆمەڵەی چینی زەحمەتکێشو هەژار، واتە، جۆتکارو کاسبکار دەزانی..... ئەگەرچی بیرکردنەوەو هەستیمان لەسەر بنچینەیەکی زانستانە نەبوو، چۆنکە راستییەکەی بیری مارکسیزم، تەنانەت ئەو سەردەمەش لەنێوماندا بڵاونەبووبووەوە. باسی باوەڕوبیری کۆمۆنیزممان دەبیست، بەڵام باوەڕمان نەدەکرد پێی، چۆنکە بەبیری خوانەناسیو بێڕەوشتی دەهاتە بەرچاومان"(72).

بەڵام لەساڵی 1944 بەدواوە، مەسەلە جۆرێکی دی لێهات. لەنیوەی دووهەمی ئەم ساڵەدا پاش ئەوەی شۆرشی بارزان سێ ساڵ بوو وەستێنرابوو لەسەر بەڵێنی بەریتانیا گوایە کە لەعێراقدا نێوچەیەکی کوردیی خاوەن ئۆتۆنۆمی دروستدەکرێت، کەچی نەکرا، تاقمێك رۆشنبیری کورد کە تا ئەو کاتە سەر بە حیزبی هیوا بوون، لە "هیوا" جیابوونەوەو لقێکی "پارتی کۆمۆنیستی عێراق" یان لەخوارووی کوردستاندا بەنێوی "لقی کورد"ەوە داناو رۆژنامەیەکیان بەنێوی "یەکێتیی تێکۆشین"وە دەرکرد(73) پاش ئەوەی لەکۆتایی هاوینو سەرەتای پاییزی ساڵی 1945دا، فڕۆکەکانی هێزی

بەریتانیا نێوچەی بارزانیان بۆمباباران کرد بۆ پشتگیریی لەشکری عێراق، مستەفا بارزانی ناچار بوو لەکۆتایی مانگی ئەیلولی هەر ئەو ساڵەدا رابکات بۆ کوردستانی ئێرانو بچێتە مەهاباد کە ئەو دەمە لەشکری سۆڤێتی تێیدا بوو، هێندێك لە سەرکردەکانی یەکێتیی تێکۆشین "وەك سالح حەیدەریو نافیع یونس (1926-1963)و عەلی عەبدوڵلاو... هتد". لەنۆڤێمبەری 1945دا "حیزبی شیوعی کوردستانی عێراق"یان دامەزراندو رۆژنامەیەکیشیان بەنێوی "شۆرش"ەوە بڵاوکردەوە، لەبەرئەوە حیزبەکەشیان بە "حیزبی شۆرش" نێویرۆیی.

هەر لەساڵی 1945دا ئەم حیزبەو چەند تاقمو دەستەیەکی مارکسێتیی گچکەی دی "حیزبی رزگاری کورد" (1945-1946) یان دامەزراند کە حیزبێکی مارکسیستی بوو، بۆ سەربەخۆیی کوردستان تێدەکۆشاو، یەکێك لەسەرکردەکانی، زەید ئەحمەد عوسمانی پارێزەر (1920-1978) بوو کە ئەو دەمە خوێندەڤان بوو لەزانستگەی قاهیرە، لەوێ پەرتۆکێکی بەزمانی عەرەبی بەنێوی "نضال الاكراد"و نێوی خواستەمەنی **محەممەد** شێرزادەوە نووسیبوو. گەلێك لەبەیاننامەکانی "پارتی کۆمۆنیستی کورد"و پەیرەو پرۆگرامی ئەم حیزبە لەم کتیبەدا خراونەتە پێش چاو. لەگەڵ ئەم هەوڵەشدا بۆ کارکردنی سەربەخۆ، هوردەبۆرژوای کورد، چ مارکسیستو چ نامارکسیست، هەستی بەبێ هێزی خۆی دەکردو نەیدەتوانی بەبێ سەرکردەیەتیی کلاسیك بکەوێتە کاروچالاکی بەردار، بەتایبەتی ئەگەربیویستایە لەگەڵ دەوڵەتێکی مەزنی وەك یەکێتیی سۆڤێت بکەوێتە وتووێژ، پێویستی بەسەرکردەیەکی ناساروی بەدەستەڵات هەبوو. لەبەر ئەوە "کۆمەڵەی ژێکاف" لەرۆژهەڵاتی کوردستان (ئێران)دا، هەر لەئۆکتۆبەری 1944ەوە سەرکردەیتیی خۆی دایە دەست قازی **محەممەد**، کە ئەوێش نێوی حیزبەکەی لەنۆڤێمبەری 1945دا گۆری بە "حیزبی دێموکراتی کوردستان"(75). هەروەها هوردەبۆرژوای کورد، لەخوارووی کوردستاندا (عێراق) لە 1946/8/16دا -واتە چەند مانگێك دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان بەسەرۆکایەتیی قازی **محەممەد**، حیزبێکی تازەی دروستکرد کە پێکهاتبوو لەیەکگرتنی لقی "کۆمەڵەی ژێکاف" لە کوردستانی عێراقو "حیزبی رزگاری کورد"و... هتد بەنێوی "پارتی دێمۆکراتی کورد"ەوە و، سەرکردەیەتیی خۆی دایە دەست مستەفا بارزانی کە ئەو دەمە لەکوردستاندا وەك پاڵەوانێکی کورد نێوی دەرکردبوو(76). شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموودی بەرزنجی (1917-1972/5/12)ش کرا بە جێگری سەرۆك.

ئەم یەکگرتنە لەنێوان سەرکردە کلاسیکەکان و هوردەبۆرژوای مارکسیستی کورددا بۆ دامەزراندنی رێکخراوێکی کوردی، شتێکی ناچاری بوو لە هەردوو لاوە، چۆنکە بەهۆی ئەو هەلومەرجەوە کە لەرۆژهەلاتی نێزیکدا دروست بووبوو، سەرکردەی کلاسیکی کورد نەیدەتوانی وەك جاران بەتەنێ کاربکاتو پێویستی بە رۆشنبیرو بیرۆکراتو خاوەنقەڵەم هەبوو. هوردە بورژوای کوردیش، بەهۆی ئەوەوە کە جەماوەری کوردی لەپشت نەبوو، نەیدەتوانی بەتەنێ بگاتە هیچ ئامانجێك. لەبەرئەوە هەوڵدان بۆ "تێکهەڵکیشێك"ی هەردوولاو "مساوەمە"یەك لە هەردوولاوە باری ناچاری بوو، دەبوو بکرایە. جا لەبەرئەوەی هوردەبۆرژوای کوردی مارکسیست، بەکارتێکردنی مارکسییزمی ستالینیزمو نزیکبوونەوە لە هوردەبۆرژوای تركو عەرەبو فارس، ناهومێد بوو بوو لەسەربەخۆیی کوردستان پاش جەنگی دووەمی جیهانی، وایلێهاتبوو مەسەلەی کوردی لەهەر وڵاتێکدا بەمسەلەی نیشتمانیی تێکرای ئەو وڵاتە دەدایە قەڵەم (بۆ وێنە: مەسەلەی کورد لەعێراقدا وەك بەشێك لەمەسەلەی نیشتمانیی عێراق)و داخوازییە کرۆکییەکەی، واتە، ستراتیژەکەی بووبوو بە "ئۆتۆنۆمی"ی بۆ کوردستانو "دێمۆکراتی" بۆ ئەو دەوڵەتەی کە ئەوپارچە کوردستانە نووسێنراوە پێوەی، سەرکردەی کلاسیکی کورد ناچار بوو بەسەرزاری مل بۆ "ئۆتۆنۆمی" بدات،

هەرچەندە لەدڵەوە باوەڕی پێی نەبوو. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، بەهیچ جۆرێك رازینەبوو بەوەی کە بیری مارکسێتی بکاتە ماڵ بەسەرخۆیەوە، ئەگەر تەماشای دەستوورو یاساکانی دەورانی فەرمانڕەوایی قازی محەممەد بکەین، دەبینین هیچ نیشانەیەکی مارکسێتی تێدا نییە، ئەگەرچی کۆماری کوردستان کاتێك هاتەکایە کە لەشکری سۆڤێت لەکوردستاندا مۆڵی بەستبوو. جا هەرچەندە پاش دامەزراندنی "پارتی دێمۆکراتی کورد"، سەرکردەکەی کە بارزانی بوو، ناچار بووبچێ بۆ سۆڤێتو لە "حیزبەکەی"دووربکەوێتەوە، بەڵام هەر پاش گەڕانەوەی بارزانی لەمۆسکۆ، هەڵوێستی بارزانی بەرامبەر مارکسیزمو کۆمۆنیزم ئاشکرا بوو. جا هەموو لێکدانو تێکرژانو ناکۆکییەکی نێوان بارزانی و هوردەبۆرژوای مارکسیستی کورد، لەشەستەکانو سەرەتای حەفتاکاندا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەم نەگونجانە لەنێوان هوردەبۆرژوای کوردی سەر بە مارکسیزمو سەرکردەیەتیی کلاسیکی کوردی دژ بەهەموو ئیدۆلۆژییەك. بەکورتی: هەر لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانییەوە تا ئەمڕۆ، بیری مارکسیزم بوو بە ئیدیۆلۆژیی هوردەبۆرژوای کورد. جا هەرچەندە لەچوارچێوەی ئەم بیرەدا، گەلێك رێبازی جیاجیا هەیە، وەك لێنینیزمو ستالینیزمو ریفۆرمیزمو ماویزمو ترۆتسکیزمو ئەلبانیزمو... هتد، لەگەڵ ئەوەشدا، مارکسیزم، وەك "ئیدیۆلۆژی" یەکێکە لەتایبەتکارەکانی هوردەبۆرژوای ئەمڕۆی کورد، کە دیارە ئەم باسەش لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی پێویستە(77).

سەرنج: ئەم سەرنجەی سەرەوە هی چارەکە چەرخێك لەمەوبەرە. پاش رووخانی رژێمی سۆڤێت، چینی هوردەبۆرژوای کورد -وەك چین- بووە بە درۆزەکەرێکی نێونەتەوەیی.

## بەندی چوارەم

## بیری نەتەوەیی‌و ناسیۆنالیزم

## قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم‌و ڕێبازی کوردایەتی

لەنێوەڕاستی پەنجاکاندا بیرێکی نوێ کەوتە نێو ئەو ڕۆشنبیرە کوردانەوە کە نە بەمێتۆد (اسلوب)‌و جۆری بیرکردنەوەی سەرکردەیەتیی کلاسیکی کورد ڕازیدەبوون و، نە بەبیری مارکسیستانەی هوردەبۆرژوای کورد (چ کوردستانی‌و چ ناکوردستانی) دابیندەبوون. ئەمانە سەرەتای کاریان بەشیکردنەوەی مێژووی کولتوریی‌و سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیی‌و ئاینیی کورد و، ڕەخنەگرتن لەسەرکردەیەتیی کلاسیکی نیشتمانی‌و سەرکردەیەتیی هوردەبۆرژوای مارکسیستی کورد دەستپێکرد، لەبەر ئەوە لەپێشەوە نێویان بە "هێزی سێیەم" ڕۆیی. لایەنگرانی ئەم ڕێبازە هزری (فکری)یە، هەڵوێست‌و سەرنجە سیاسیی‌و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان لە قاڵبێکی فەلسەفیدا دەردەبڕی، لەمەوە بەرەبەرە قوتابخانەیەکی ڕۆناکبیریی کوردی دروست بوو، کە بە "قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم" نێوبرا، هەر لەم قوتابخانەیەشەوە بیرێکی تازە سەریهەڵدا کە بە "بیری نەتەوەیی" نێویرۆیی، دووایی بوو بەفەلسەفەی ئەو ڕێکخراوەی لە 1959/4/14دا بەنێوی "کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوەو یەکێتیی کورد"ەوە (کاژیك) دامەزرێنرا.

بنچینەی هزریی "قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم"لەسەر بنەمای کولتووری کۆنی کورد دامەزراوە، بەتایبەتی لەسەر بناخەی یەکێتیی سێکوچکەی "بیرو دەربڕین‌و کردەوە" کە بۆ یەکەمین جار فەیلەسووفی ڕۆژهەڵات زەردەشت خستیەڕوو، کاتێك "بیری باش‌و وتەی باش‌و کردەوەی باش"ی پێکەوە بەست و، بە "یەکەیەکی لەیەکجیانەکراوە" داینان.





ئەم قوتابخانە کوردییییە "مرۆڤ"و "بیر"بە هاومانایییەك دادەنێ‌و دەبێژێ "ئەوی بیریکردەوە مرۆڤە، ئەوی مرۆڤە بیردەکاتەوە". هەر بەلای ئەم قوتابخانەیەوە "بیری مرۆڤی ژیر، خۆی لەئازادیدا دەردەبڕێ"، چۆنکە "ئازادی" ئەو "خۆماڵە"یە کە لەگەڵ هەموو مرۆڤێك لەدایکدەبێ، وەك بەشێك لەمرۆڤ خۆی، لەبەرئەوە "ئازادی" شتێك نییە کە شێوای کڕین‌و فرۆشتن‌و بەخشین بێ. جا لەبەرئەوەی "ئازادی" تایبەتکارێکی خۆڕسکی هەموو مرۆڤێکە، دیارە ئازادیی مرۆڤ، کەمی‌و زۆری "هەڵناگرێ"، ئەوجا وەك چۆن لە "نێوان ژیان‌و مردن دا "نێوەند"ێك نییە، واتە: "کەمێك ژیان" یان "زۆر مردن" نییە، چۆنکە مرۆڤ، یان "زیندوو" دەبێ، یان "مردوو" دەبێ، هەروەها وەك چۆن "لەنێوان سکپڕبوونی ژنێك‌و سکپڕ نەبوونی"دا "نێوەڕاستێك" نییە، واتە: "ژنەکە یان سکی پڕە یان سکی پڕ نییە"، هەروەهاش لەنێوان "ئازادی‌و نائازادی"دا هیچ "نێوەڕاستێك" نییە، واتە: مرۆڤ، یان دەبێ ئازاد بێ، یان ئازاد نەبێ، ئەوجا ئەگەر باوەڕمان بەوە هێنا کە ئازادی، "مافی سرۆشتیی هەموو مرۆڤێکە"و مرۆڤ دەبێ ئازاد بێ، ئەگەرنا مرۆڤ نییە، ئەو دەمە خۆیایەکە "کەمێك ئازادی"و "زۆرێك ئازادی" نییەو ناشبێ ببێ. واتە: مرۆڤ هەموویان مافی ئازادییان وەکیەك هەیە. کەواتە دەبێ بێژین "وەکیەکی لەئازادیدا مافی بنچینەیی مرۆڤە". بەڵام ئازادی "لەخۆییدا" بریتییە لە "بیرێك" کە خۆی لە "کردەوە"یەکدا دەردەخات، کە ئەو کردەوەیەش هەوڵی "یەکسانی"یە لەنێو مرۆڤدا. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کاتێك "ئازادی خرایە مەیدانی کار" ماناکەی "یەکسانی"یە. هەر لەبەر ئەوەشە کە "ئازادی" بێ "یەکسانی" نابێ‌و ئەوانەی وەکیەك "ئازاد" نین، وەکیەکیش "یەکسان" نین و، ئەوانەی وەکیەك "یەکسان" نین، وەکیەکیش "ئازاد" نین. بەم پێیە "قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم"، کە "سۆسیالیزم" بە "ئازادی‌و یەکسانی، وەك تەواوکەرییەك" دەزانێ، مرۆڤایەتی

(واتە: خاوەن بیر) لەگەڵ ئازادیو یەکسانیدا، بە "یەکێتییەکی سێکوچکە" دادەنێ کە لەیەك جیاناکرێنەوەو بێ یەکیش نابن.

شایانی باسە کە "قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم" سەرنجی تایبەتی خۆی هەیە بەرامبەر بە هەموو لایەنەکانی ژیان، وەك "مەسەلەی چینایەتی"، "دەزگەی دەوڵەت،" مەسەلەی ئاشتی"، "مەسەلەی ئاین"، "مەسەلەی ناسیۆنال"و "مەسەلەی ژن"و... هتد و هەمووی لەسەر بنچینەی ئەم بیرە دامەزراوە، کە ئەمەش باسێکی تایبەتیی گەرەکەو جێی ئێرە نییە(78)، بەڵام ئەوەی لێرەدا باسکردنی پێویستە هەڵوێستی ئەم قوتابخانەیە لەبارەی دۆزی ناسیۆنالەوە.

بەپێی ئەم قوتابخانەیە "هەستی ناسیۆنالیزم" هەستێك نییە کە لەپلەی پەیدابوونی بۆرژوازێتیدا پەیدا ببێ، وەك مارکسیستەکان دەبێژن، بەڵکو هەستێکە لەگشت پلەیەکی هەموو کۆمەڵگەیەکی ئێتنی- ناسیۆنال دا هەیە، هەر لەرۆژی دروستبوونی ئەو کۆمەڵگەیەوە. جا لەبەر ئەوەی ئەم قوتابخانەیە مێژووی کۆمەڵگەی ئادەمزاد بەسێ پلە بەش دەکات:

1- پلەی بەرەڵایی (بێدەوڵەتی).

2- پلەی نایەکسانی (بوونی دەوڵەت).

3- پلەی یەکسانی (بوونی کۆمەڵگە بەدەوڵەتو دەوڵەت بە کۆمەڵگە)،

دەبێژێ: هەستی ناسیۆنال لەپلەی یەکەمو دووەمدا بووەو هەیەو لەپلەی یەکسانیشدا هەر دەمێنێو لەنێو ناچێ، بەڵام دووربیە ژیارییەکانی ناسیۆنالیزم لەهەر پلەیەکی کۆمەڵایەتیدا، لە هی پلەکەی دی جیاوازە. ئەم قوتابخانەیە، "بیری ناسیۆنالیزم" بە "فۆرمێکی سەرەتایی"ی "بیری نەتەوەیی" دادەنێ، چۆنکە "ناسیۆنالیزم" لەرێی پێشەمیی دانەوە بە "ناسنامەی ناسیۆنال" (الهویة القومیة)، ناچارە هەموو جیاوازییەکانو ناکۆکییەکانی نێو کۆمەڵگەی نایەکسان بکات بەژێر لێوەوە و،





بەرامبەر ئەم جیاوازییانە هەڵوێستێکی گونجێنەرانە بنوێنێ کە بەوەش، نایەکسانیی کۆمەڵایەتی (ئابووریو رۆشنبیری) لە کۆمەڵگەدا بهێڵێتەوە.

سەبارەت بەوە، بیری ناسیۆنالیزم ناتوانێ "کۆمەڵگەی هاوئاهەنگ" دروستبکات، بەڵکو "نەتەوەیەکی یەکنەگرتوو" لەسنووری "دەوڵەتێك"دا دەهێنێتە بەرهەم، کە ئەو دەوڵەتە دەوڵەتی هەموو ئەندامەکانی ئەو نەتەوەیە نییە، وەك یەك. ئەمە لەکاتێکدا کە بیری نەتەوەیی هەڵوێستێکی شۆرشگێرانەی هەیە بەرامبەر بەم جیاوازییانەو بۆ لەنێوبردنیو یەکسانکردنی کۆمەڵگە تێدەکۆشێتو بەوە، نەتەوەیەکی هاوئاهەنگ دەهێنێتە کایە. لەبەر ئەوە، بەپێی ئەم قوتابخانەیە، "نەتەوەی راستەقینە"، واتە: "نەتەوەی هاوئاهەنگ" هەر تەنێ لەکۆمەڵگەیەکی یەکساندا شێوای دروستبوونە. هەر بەپێی ئەم لێکدانەوەیە، بوونی "دەوڵەتێکی ناسیۆنال" لەکۆمەڵگەیەکی ئێتنی- ناسیۆنالدا، مانای بوونی یەکسانیی ئەندامەکانی ئەو نەتەوەیە نییە کە ئەو کۆمەڵگە ئێتنی-ناسیۆنالە پێکدێنن. جا لەبەر ئەوەی ئازادیو یەکسانی، هاوکێشو تەواوکەری یەکن، دیارە، بوونی "دەوڵەتێکی ناسیۆنال" بەتەنێ، بوونی ئازادیی ئەو نەتەوەیە ناگەیەنێ. ئەمەش مانای وایە کە "دەوڵەتی ناسیۆنال"ی دامەزراو لەسەر بنچینەی "بیری ناسیۆنالیزم"، دەوڵەتی هەموو ئەندامەکانی بەشەکانی ئەو نەتەوەیە نییە، وەك یەك. جا بۆ ئەوەی "دەوڵەتی ناسیۆنال" ببێتە دەوڵەتی "هەموو ئەندامەکانی نەتەوەیەك"، دەبێ ئەو نەتەوەیە "هاوئاهەنگ" بێ، واتە "یەکسان"بێ. ئەو دەمە "دەوڵەتی ناسیۆنال"و "نەتەوەی یەکسان" دەبنە یەك، واتە: "کۆمەڵگە"و "دەوڵەت" دەبنە دوو دیوی "پارچەپارەیەك"، کە بەبێ یەکدی پێیان ناگوترێ "پارە"و "نرخ" یان نابێ بە تەنێ. بەکورتی، لە کۆمەڵگەیەکی نەتەوەییدا، "دەوڵەت" بریتیدەبێ لە "تەرجەمەکردنی بیری ئازادی بۆ یەکسانی بەکردەوە".

جا هەر بەم پێیە، ئەگەر کۆمەڵێك خەڵك هەبوون کەهێندێك تایبەتکاریی ئێتنی-ناسیۆنالییان هەبوو، وەك هەستی نێوکۆیی بە چارەنووسی هاوبەش (الشعور بالمصیر المشترك)، و، زمانی وەك یەك و، رابوردوویەکی نێوکۆیی و، سەرزەوییەك کە پێکەوە لەسەری بژین، ئەوا ئەو تاقمە خەڵکە گەلێك "پێکدێنن کە مافی دامەزراندنی" پێکەوە ژیانێکی ناسیۆنالانە، واتە، پێکهێنانی بەڕێوەبەرێتییەکی سەربەخۆی هەیە لەسنووری ئەو سەرزەوییەدا، بەڵام هەر بەپێی ئەم بیرە -وەك گوتمان- "سەربەخۆیی تێریتۆریال" مانای "ئازادیی تەواوی ئەو گەلە" نییە کە لەو سنوورەدا دەژی، بەڵکو بۆ ئەوەی "گەلێك" ئازادبێ، دەبێ هەموو جۆرە جیاوازییەکی چینایەتیی (ئابووریو رۆشنبیری) (لەچەشنی ئەلیتێریو ئۆتۆریتێریو... هتد) لەنێو بچێو کۆمەڵگەیەکی یەکسان دروستبێ، ئەو دەمە ئەو "گەلە" دەبێتە "نەتەوەیەکی یەکسان".

شایانی باسە کە "بیری نەتەوەیی" هۆکاری (فاکتەر) "هەستکردن بە چارەنووسی وەك یەك" بەبەهێزترین نیشانەیەکی بوونە "نەتەوە" دادەنێ، ئەجا "زمان"و "رابردووی نێوکۆیی"و "سەرزەوییەکی نێوکۆیی"و لەم رووەشەوە بۆ یەکەمینجار "بیری نەتەوەیی کوردی" رەخنەی لە تاریفی ستالین گرت لەبارەی نەتەوەوە، بەتایبەتی لەوەدا کە ستالین ئابووریی نێوکۆیی بەنیشانەیەك دادەنێ بۆ "بوونە نەتەوە"، بەڵام "نەبوونی دەوڵەت" بەنیشانەیەك دانانێ بۆ "نەبوونە نەتەوە"، ئەمە لەکاتێکدا ئەوەی "ئابووریی نێوکۆیی" لەکۆمەڵگەیەکدا دروست دەکات، تەنێ "دەوڵەت"ەو، ئەگەر "گەلێك" دەوڵەتی نەبێ، ئابووریی نێوکۆیشی نابێ. "بیری نەتەوەیی" وەك لە کاژێکنامەدا باسکراوە، "ئابووریی نێوکۆیی"بە "نیشانەی نەتەوە" دانانێو هەڵوێستەکەی ستالین بە هەڵوێستێکی فریودەرانەو دووزمانانە دەداتە قەڵەم(79).





بەم پێیە، کورد نەتەوەیەو مافی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆنالی خۆی هەیە. جا لەبەرئەوەی "ئازادیی مرۆڤ"-وەك گوتمان- بەپێی ئەم بیروباوەڕە، "زۆریو کەمی" هەڵناگرێ، لەبەر ئەوە دەبێ کورد خۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن و، کەسیش مافی ئەوەی نابێ جۆرە شێوەیەکی تایبەتیی خۆبەڕێوەبەرێتیی تێریتۆریالو ناسیۆنال دیاریبکات بۆیان. ئەمەش مانای وایە کە تركو عەرەبو فارسو هیچ گەلێکی دی، مافی ئەوەی نییەو نابێ کە بێژێ کورد دەبێ بە "ئۆتۆنۆمی" یان "دەوڵەتێکی فیدراڵی" یان.... هتد رازی بن، لەکاتێکدا تركو عەرەبو فارسو ئەو گەلانەی دی، خۆیان "دەوڵەتی ناسیۆنال"ی خۆیان هەبێ. چۆنکە ئەمە مانای کەمکردنەوەی ئازادییە لەلایەك (لای کورد)و زیادکردنی ئازادییە لەلایەکی دی (لای عەرەبو تركو فارسو گەلانی دی)، لەکاتێکدا کە ئازادی مرۆڤ -وەك گوتمان- بەلای بیری نەتەوەییەوە، "زۆریو کەمی" هەڵناگریو، دەبێ بۆ هەموو مرۆڤێك (لێرەدا نەتەوە جیاوازەکان) یەکسان بێ.

هەر بەپێی بیری نەتەوەیی، بڕیاردان لەسەر چارەنووسی گەلێك- لەلایەن خۆیەوە، دەبێ هەر "لەئازادییدا" بدرێو هەر "بۆ ئازادیش بدرێ". ئەمەش مانای وایە کە هیچ کەسێكو هیچ کۆمەڵێكو هێچ کۆمەڵگەیەكو هیچ گەلێك، مافی ئەوەی نییە "لەدژی ئازادی" دەنگ بدات، تەنانەت ئەگەر ئەو بڕیارەش "لەدژی ئازدیی خۆی"یشی بێ. "بیری نەتەوەیی" لێرەدا نموونەیەك پێشاندەداتو دەبێژێ، ئەو کەسەی کە دەیەوێ خۆی بکوژێ، تۆ ناتوانیت بێژیت، ئەو کەسە ئازادە، چۆنکە لەش لەشی خۆیەتیو گیان گیانی خۆیەتی، با خۆی بکوژێ، بەڵکو دەبێ بچیت دەستیبگریتو نەیەڵیت لەدژی ئازادیی خۆی بوەستێ، راستییەکەی ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە یەکەم، ئازادی خۆماڵێکی خۆڕسکییەو لەگەڵیدا هاتووەتە جیهانو خۆی نەیبەخشیوە بەخۆی، تا لەخۆیی بسێنێتەوە، دووەم: لەبەر ئەوەی ئازادی

تایبەتکارێکی مرۆڤەو مرۆڤیش تاقە گیانداریکی ژیرە، دیارە "ئازادی"و "ژیری" هاوکێشەی یەکن، بۆیە هەموو "بڕیاردانێك لەدژی ئازادیی، لەژێرییەوە نایەتو نەهاتووە". جا ئەگەر هاتو نەتەوەیەکیش لەدژی ئازادیی خۆی بڕیارێکی دا، ئەوا ئەو بڕیارە -تەنانەت ئەگەر زۆربەی زۆری نەتەوەکە، یان هەمووشی بەجارێك، دابووی- ئەوا هەر ڕێزی لێناگیریٚو بەرەبەرەکانی دەکریٚ. چۆنکە ئەو بڕیارە لەژێرییەوە نەهاتووە. جا لەبەر ئەوەیە هەر بڕیارێك کە نەتەوەی کورد، یان هەر نەتەوەیەکی دی بیدات لەدژی ئازادیو بۆ هێنانەکایەی ڕژێمێکی وا کە لە ئازادی کەمبکاتەوە، یا کەمکردنەوەی ئازادیی خۆیشی بیٚ، وەك ئەوەی بێژین بڕیار دەدات بۆ دامەزراندنی ڕژێمێکی خواردەستی (تەبەعیەت)، یان ڕژێمێکی ژێردەستەیی، یان ڕژێمێکی تۆتالیتێرانە، یان ڕژێمێکی ئۆتۆریتێرانە، یان ڕژێمێکی ڕەگەزپەرستانەو.... هتد- بەپێی بیروباوەڕی نەتەوەیی- ڕێزی لێناگیریٚو بەربەرەکانی دەکریٚ.

هێندەی کێشەکە پێوەندی بە "کوردایەتی"یەوە هەیە، ئەوا "بیری نەتەوەیی" پێی وایە کە سەرکردەیەتیی کلاسیکیی کوردو سەرکردەیەتیی هوردەبۆرژوای کورد، هیچ کاتێك پێیان ناکریٚ کە کۆمەڵگەیەکی "نەتەوەیی" پێکبهێنن. چۆنکە سەرکردەیەتیی کلاسیك، جیهانبینییەکەی "نیشتمانی"یەو هەموو جیاوازییە چینایەتیو توێکایەتییەکانی نێو کۆمەڵگە دەخاتە پشتگویٚو دەیانکاتە قوربانی "ناسنامەی ناسیۆنالی کوردی"و لەئەنجامدا کۆمەڵگەی کوردەواری، وەك کۆمەڵگەیەکی "دژ ئاهەنگ" دەهێڵێتەوەو، سەرکردەیەتیی هوردەبۆرژواش، لەبابەتی کۆمەڵگەی کورد خۆیەوە دەست پێناکاتو، لێوەشی ناچێتە دەرەوە، بەڵکو بەپێوانەو تەرازوویەکی بێگانە بەکۆمەڵگەی کورد کە تەواوی مارکسییانەیە، ڕووداوەکانی کۆمەڵگەی کورد دەپێویٚو دەکێشیٚو سەبارەت بەمەیە کە ئەم دوو سەرکردەیەتییە ناتوانن چارەسەری ڕاست بۆ نەهێشتنی ناکۆکییەکانی کۆمەڵگە ئامادەبکەن. ئەمە





لەباری ستراتیژەوە، لەباری تاکتیکیشەوە، هەردوو سەرکردەیەتییەکە -وەك بەتاقیکردنەوەش دەرکەوتووە- وەك ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی ئەو بیروڕیٚ نالەبارەی گرتوویانە -کە بەکورتی لەبەندی دووەمو سێیەمدا باسمانکرد- ئەوەیان لەباردانییە، تەنانەت "دەوڵەتێکی ناسیۆنالی نایەکسان"، یان "ئۆتۆنۆمییەکی ڕاستەقینە"ش بهێننەدی.

بیری نەتەوەیی پێیوایە کە هیچ نەتەوەیەك مافی ئەوەی نییە خۆی بکاتە "نوێنەری "نەتەوەیەکی دی"، یان "هیچ کەمە نەتەوەیەك"، چۆنکە ئەمە مانای کەمکردنەوەی ئازادییە. لەبەر ئەوە هەڵگرانی بیری نەتەوەیی، خۆیان بە نوێنەری کەمایەتییە ناسیۆنالەکانی کوردستان نازانن، بەڵکو دەبێژن: ئەم کەمایەتییانە پێویستە ڕێکخراوی تایبەتیی خۆیان هەبیٚو ڕێکخراوە نەتەوەییەکانیش لەسەریان پێویستە: پشتی کەمایەتییە ناسیۆنالەکانی کوردستان بگرنو بۆ یەکسانکردنیان لەگەڵ کورد هەوڵ بدەن.

## بەندی پێنجەم

## گۆڤاری نیشتمان – زمانحاڵی "کۆمەڵەی ژێکاف"

### 1- راستکردنەوەی چەند هەواڵێك لەبارەی "نیشتمان"ەوە

لەبارەی کاتی دەرچوونی گۆڤاری "نیشتمان"ەوە تا ئێستە، هێندێك زانیاری بڵاوکراونەتەوە، گرنگەکانیان ئەمانەی خوارەوەن:

مامۆستا عەلائەددین سوجادی لە "مێژووی ئەدەبی کوردی"دا دەبێژێ، کە یەکەمین ژمارەی گۆڤاری نیشتمان لەحوزەیرانی ساڵی 1943دا بڵاوکراوەتەوە(80).

رەحیمی قازی کە خۆی کوڕی مامی قازی محەممەدو برای محەمەد حسەینی سەدری قازییە کە وەزیری جەنگ بوو لەکۆماری کوردستاندا(81)، یەکێك بوو لەو خۆرتە کوردانەی لە ساڵی 1945دا نێردران بۆ یەکێتیی سۆڤێت بۆ خوێندن، لە دکتۆرانامەکەیدا کە لە باکۆ لە 1954 دا بەزمانی ترکی ئازەربایجانیو کورتەیەکی بەزمانی رووسی بڵاوکراوەتەوە، دەبێژێ، کە یەکەمین ژمارەی "نیشتمان" لەمایسی 1943دا چاپکراوە(82).

جەمال خەزنەدار، کە تائێستا چەند رۆژنامە و گۆڤارێکی کوردیی لەبەردەستدا نەماوی، وەك "رۆژی کوردستان" (1922-1923)، "بانگی کوردستان" (1922-1923)، "رۆژی کورد" ( ساڵی1913)ی چاپکردووەتەوە و، بەوە خزمەتێکی گەورەی بەژیاندنەوەی کەلەپووری رۆژنامەنووسیی کورد کردووە، لەساڵی 1973دا لەبەغدا "رابەری رۆژنامەگەریی کوردی" لەچاپدا. ئەم "رابەرە" لەلایەن ئەحمەدی شەریفییەوە کرا بەزمانی فارسیو بەنێوی "روزنامەنگاری در کردستان" لە آذر ماه 1357( نۆڤێبمەر/دێسەمبەری 1978)دا لە ئێران لەچاپدراوە(83)، لە

"رابەرەکە"دا لەبارەی "نیشتمان"ەوە دەبێژێ، نیشتمان دوو ساڵ دەوامی کردووە، ژمارە (9)ی کە دوا ژمارەی بووە لە ئەیلولی 1945دا دەرچووە(84).

دوکتۆر کەمال مەزهەر لە "تێگەیشتنی راستی"دا دەبێژێ کە لەگۆڤاری "نیشتمان" تەنێ ژمارە 7، 8، 9ی لەبەردەستدا بووە کە ئەم ژمارانە بەسەریەکەوە لەبەرگێکدا دەرچوون لەمانگی مارت نیسانو مایس 1944دا(85). لەبارەی کاتی دەرچوونی یەکەم ژمارەی "نیشتمان"ەوە دەبێژێ "لەناوەندی ساڵی 1943دا دەرچووە"(86).

ئەوەی راستی بێ، یەکەمین ژمارەی گۆڤاری "نیشتمان" وەك لەسەر بەرگەکەی بەئاشکرا نووسراوە، لەمانگی پووشپەڕی کوردیی ساڵی 1322ی کۆچیی خۆری (ئێرانیی ئیسلامی)و جولای (تەمموز)ی ساڵی 1943ی رۆژئاوایی دا دەرچووە. جا لەبەر ئەوەی مانگی پووشپەڕی کوردی دەکەوێتە نێوان 21ی حوزەیرانو 20 تەمموز، بەمەدا دەردەکەوێ کە یەکەمین ژمارەی "نیشتمان" لە نێوان 1ی تەمموز و21 تەمموزی 1943دا دەرچووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو زانیارییانەی سەرەوە هیچیان راست نین و، ئەوانەی ئەو هەواڵانەیان راگەیاندووە، هیچیان، بەلایەنی کەمەوە، ژمارەی یەکەمی "نیشتمان"یان نەدیوە.

گۆڤاری "نیشتمان"، هەمووی دە ژمارەی لێ دەرچووە، ئەم دە ژمارەیە لەحەوت بەرگدا دەرچوون، ژمارەی (3، 4)ی لەبەرگێکداو ژمارەی (7، 8، 9)ی لەبەرگیکدا. شەش بەرگی "نیشتمان" لەرۆژهەلاّتی کوردستاندا دەرچوونو، بەسەرەوکاری عەبدولرەحمانی زەبیحی(87) وەك خۆی لە پەنجاکاندا گێڕایەوە بۆم، "نیشتمان" لەچاپخانەی کابرایەکی ئەرمەنی لەتەوریز بەدزییەوە چاپدەکرا. هەروەك زەبیحی خۆی گوتی ژمارە (10)ی "نیشتمان" پاش رووخانی کۆماری کوردستان دەرچووە. ئەم ژمارەیەی لەشارباژێر دەرچووە، لەکاتێکدا کە زەبیحی لەلای شێخ لەتیفی شێخ مەحموود پەنابەربووە.





2- ژمارەکان و شێوەی دەرەوەی گۆڤاری "نیشتمان"

لەسەر هەر ژمارەیەکی "نیشتمان" مانگی کوردی و ساڵی ئێرانیی ئیسلامی نووسراوە، بەلاّم هەر لەسەر ژمارەی یەکەم، مانگو ساڵی رۆژئاوایی نووسراوە. لەسەر بەرگی هەر ژمارەیەك دروشمی "ژێکاف" دروستکراوە، کە ئەویش بریتییە لە خۆرێكو دوو تیپی "ژ"و "ك" کە بەلاتینی نووسراون- ئاوا ( J.K ) لەنێوەڕاستی خۆرەکەدا. لەژێر وشەی "نیشتمان"دا نووسراوە "بلاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ.ك- گۆڤارێکی کۆمەلاّیەتی، ئەدەبی، خوێندەواریو مانگیی کوردی"یە. لەهەر ژمارەیەکدا بەدەوربەری دروشمەکەدا، واتە بەدەوروبەری "خۆرەکەدا"، هەر جارە، ئایەتێکی قورئان نووسراوە. سەر بەرگی دەرەوە وێنەی سولتان سەلاحەددینی ئەیوبی پێوەیەو هەر جارەش هۆنراوەیەك نووسراوە لەمەتحی سەلاحەددیندا.

ئەمەش لیستەیەکی ژمارەکانی گۆڤاری "نیشتمان"ە لەگەڵ کاتی دەرچوون و ژمارەی لاپەڕەکانیان:

| ژمرە | گەورەیی | کات (مانگی کوردی/ ساڵی ئێرانی) | کات (مانگو ساڵی ئەوروپایی) |
| --- | --- | --- | --- |
| 1 | 25 لاپەڕە | پووشپەڕی 1322 | جولای (تەمموز)ی 1943 |
| 2 | 25 | خەزەڵوەری 1322(*) | 21 ئۆکتۆبەر- 20 نۆڤێمبەری 1943 |
| 3، 4 | 36 | سەرماوەز ورێبەندانی 1322 (**) | |
| 5 | 24 | رێبەندانی 1323 | 21 یانوار- 20ی فیبریواری 1944 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 6 | 22 | ڕەشەمەی 1323 | 21 فێبریوار- 20ی مارتی 1944 |
| 7، | 32 | خاکە لێوە/ بانەمەڕ/ | مارتو نیسانو مایسی |
| 8، 9 | | جۆزەردانی 1323 | 1944 |
| 10 | 88؟ | ............... | ساڵی 1948 |

**سەرەنج:**

*- مانگی "خەزەڵوەر" مانگی "گەلاڕێزان"یشی پێدەڵێن.

**- لێرەدا هەڵەیەك هەیە، چۆنکە مانگی "ڕێبەندان" دوای مانگی سەرماوەرز نایەت، بەڵکو بەدوای مانگی "سەرماوەرز"دا، کە مانگی "کەوبەدار"یشی پێدەڵێن، مانگی "سەهۆڵبەندان" دێ و بە مانگی "بەفرانبار"یش نێوبڕۆیەوە، بەلاّم "ڕێبەندان" کە "چلە"یشی پێ دەبێژن، لە 21ی یانوارەوە تا 20ی فێبریوارە، لەکاتێکدا کە "سەرماوەرز" لە 21ی نۆڤێمبەرەوە تا 20ی دێسمبەرو "سەهۆڵبەندان" لە21ی دێسمبەرەوە تا 20ی یانوارە. بەڵگەش بۆ ئەم هەڵەیەی لەسەرەوە باسم کرد ئەوەیە لەسەر ژمارە (5)ی "نیشتمان" جارێکی دی نووسراوەتەوە "ڕێبەندان".

## بەندی شەشەم

## کۆمەڵەی ژێکاف لەبەر رۆشنایی گۆڤاری "نیشتمان"دا

1- لەبارەی دامەزراندنی "کۆمەڵەی ژێکاف"ەوە

لەبارەی کات وچۆنیەتی دامەزراندنی "کۆمەڵەی ژێکاف"ەوە گەلێك زانیاری بڵاوکراونەتەوە، وا لێرەدا لەهێندێکی گرنگییان دەدوێین:

گۆڤاری "رۆژی نوێ"(89) لەژمارە (10)ی ساڵی یەکەمی (1)ی کانوویی دووەمی 1961داو لاپەڕە (6)دا لەبارەی دامەزراندنی "کۆمەڵەی ژێکاف"ەوە دەبێژێ:

"کاتێ کە لەشکری ئینگلیز هاتە (سنە)وە، لەشکری سۆریش هاتە مەهاباد و نێوچەکانی کەی کوردستانەوە.... حیزبی ئازادیخوازی کوردستان بڕیاریدا کە بەرنامەی خۆی بگۆڕێ، ونەك هەر ئەوە، بەڵکو نێوی خۆشی گۆڕی وکردی بە (ژ.ك) ژیانەوەی کورد".

کەی لەشکری ئینگلیز هاتووەتە سنە و، کەی لەشکری سۆر هاتووەتە مەهاباد، "رۆژی نوێ" باسینەکردووە. بەڵام ئێمە ئەوە دەزانین کە هەردوو لەشکرەکە لە ئابی 1941دا هاتنە ئیرانەوە، وەك لەمەوبەر باسمانکرد. لەبارەی "حیزبی ئازادیخوازی کوردستان"ەوە کە حیزبێکی نهێنی بووە، زانیاریمان زۆر نییە، هەر هێندە دەزانین کە ئەم حیزبە بەسەرۆکایەتیی دکتۆر عەزیزی زەندی (90) لەدەوربەری ساڵی 1939دا لەنێوچەی موکریان دامەزرێنراوە. ئەم حیزبە هەتا مانگی ئابی 1941، واتە ئەو کاتەی لەشکری سۆڤێت هاتە ئازەربایجانو رۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەر مابوو. چونکە بەیاننامەیەك لەم حیزبە بەجێماوە کە بەخێرهاتنی لەشکری سۆڤێت دەکات بۆ کوردستان، کە ئەمەش هەر لەمانگی ئابی 1941 دا بووە. پاش ئەمە، حیزبی "ئازادیخوازی کوردستان" بەجارێك نێوی نەماوە. ئەوەڕەحمانی زەبیحی، کە خۆی





یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی "کۆمەڵەی ژێکاف"و بەرێوەبەری گۆڤاری "نیشتمان"، لەپەنجاکاندا پێمیگوت کە گوایە عەزیزی زەندی، بەهۆی ئەوەوە کە هێندێك لە هاوکارەکانی بە "ناپاك"یان داناوە، دوورکەوتوونەتەوە لێیو، بەوە "حیزبی ئازادیخوازی کوردستان" تێکچووە، ئەوجا ماوەیەك کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بێ رێکخراو ماونەتەوە، هەتا بە نهێنی "کۆمەڵەی ژێکاف"یان لەساڵی 1942دا دروستکردووە، بۆ ئەمەش یەکەمین کۆبوونەوەیان لەباخێك کردووە لە نزیك مەهاباد، لەو رۆژەدا بڕیاریانداوە کە "کۆمەڵەی ژێکاف" دابمەزرێنن. کەواتە بەم پێیە "ژێکاف" لەگۆڕینی نێو و پرۆگرامی "حیزبی ئازادیخوازی کوردستان"ەوە نەهاتووەتە بوون، وەك "رۆژی نوێ" باسیکردووە.

ویلیام ئیگلتن (کوڕ) کە خۆی چەند ساڵێك لەکوردستان ( کەرکووك و ورمێ)دا ژیاوەو زانیارییەکانی لەهێندێك لە کۆنە ئەندامەکانی "ژێکاف "و بێگومان لە داوودەزگە دەوڵەتییەکانی ئێرانی شاو ئەمریکا وەرگرتووە(91) لە پەرتۆکەکەیدا "کۆماری کوردی ساڵی 1946"، کە لەساڵی 1963دا بڵاوکراوەتەوە، دامەزراندنی "کۆمەڵەی ژێکاف" بەمجۆرەی خوارەوە دەگێڕێتەوە:

"لە 25ی شەهریوەری 1321دا کە دەکاتە 16ی ئەیلولی 1942ی رۆژئاوایی، کۆمەڵەیەکی گچکە کە سەر بەچینی نێوەڕاست بوون لەشاری مەهابادەوە چوونەدەرەوەو، رێ خۆڵاوییەکی رەزائیە (ورمێ)یان گرتەبەر بۆ ئەوەی لەژێر درەختەکانی باخی حاجی داوودا کە لەنێزیك چەمی سابلاخەوەیە کۆببنەوە. گچکەترینیان بەتەمەن، خۆرتێکی 19 ساڵانە بوو کە نێوی رەحمانی حەلەوی بوو لەقوتابخانەی نێوەندیی ورمێ دەرچووبوو، هەرە گەورەکەشیان کە دەوری پەنجا ساڵێك دەبوو، مەلا عەبدوڵڵای داودی توتنفرۆش بوو. هەموویان 15 کەس بوون. لەو رۆژەدا کۆبووبوونەوە بۆ ئەوەی باسی نەتەوەیەکی کوردو دامەزراندنی حیزبێکی

سیاسیی کورد بکەن. ئامانجەکەیان پێویستیی بەهاندانی دەرەوە نەبوو. چۆنکە چەند ساڵێك بوو بەشێوەی تایبەتیو دیاریکراوی خۆیان بیریان لە پێکهێنانی دەزگەیەك کردبووەوە بۆ پێشخستنی مەسەلەی ناسیۆنالیستانە. لەگەڵ ئەوەشدا، کوردەکانی عێراق کە لەباری سیاسییەوە لەوان پێگەیشتووتربوون، خرابوونە بەرچاو بۆ تەگبیرو رای کردەیی. تەگبیرو راکەر لەو پاشنیوەڕۆیەدا کەپتانێك بوو لە لەشکری عێراقدا کە ئەویش هەر کورد بوو نێوی میرحاج بوو. میرحاج لەوکاتەدا نوێنەری کۆمەڵەیەکی کوردی بوو کە لەژووررووی عێراقدا دروست بووبوو لەکاتی مانداتی (بەریتانیا)داو نێوی خۆی نابوو هیوا. ئەندامەکانی هیوا، هەموو خەڵکی شارەکان بوون و، سەرکردەکانی رۆشنبیرە شارستانییەکان بوون. پرۆگرامەکەشی پرۆگرامێکی ناسیۆنالیستانەی کوردیی رووت بوو... هتد(92).

ئەوەرحمانی قاسملۆ کە ئێستە سکرتێری گشتیی "حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران"ە، لەپەرتۆکەکەیدا "کوردو کوردستان" کە لەساڵی 1964دا لە براتسلاڤا (چیکۆسلۆفاکیا) بەزمانی سلاڤی و، ساڵێك دوایئەوەلە 1965دا بەزمانی ئینگلیزی بڵاوکراویەوە، کە ئەم پەرتۆکەش لە بنەڕەتدا دوکتۆرانامەی قاسملۆبوو-و وەك قاسملۆ خۆی لەسەرەتای پەرتۆکەکەیدا دەبێژێ- هەوڵدانێکە بۆ خستنەڕووی دیاردە ناسیۆنالو سیاسییەکانی مەسەلەی کورد لەبەر رۆناکیی تەعالیمی مارکسی – لینینی (93). لەبارەی "ژێکاف "ەوە دەنووسێ:

"راستییەکەی، بەشی ژوورووی کوردستانی ئێران، بە پێتەختەکەشییەوە کە مەهابادە، بەدرێژایی ساڵانی جەنگ هیچ کاتێك لەلایەن هاوپەیمانانەوە داگیرنەکرا. پاش ئەوەی دوا فیرقەی پۆلیسی ئێران لەمەهاباد لەساڵی 1944دا دەرکران، ئەوجا گەل خۆی بوو بەفەرمانڕەوای ئەم ناوچەیە. لەو کاتەوە رێکخراوێکی ناسیۆنالیستانە





بەنێوی "کۆمەڵەی ژیانی کورد"ەوە دەستیکرد بە چالاکی نواندن لەکوردستاندا"(94).

ئێمە با لێرەدا لەوە بگەڕێین کە قاسملۆ نێوی "ژێکاف"ی بە هەڵە نووسیوەو بە "کۆمەڵەی ژیانی کورد"ی داناوە، راستییەکەی -ژ.ك- "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد"ە، نەك "کۆمەڵەی ژیانی کورد"، چۆنکە لێرەدا هەر مەبەستم دەستنیشانکردنی کاتی هاتنەکایەو چالاکینواندنی"کۆمەڵەی ژێکاف"ە، کە ئەو بەساڵی 1944ی داناوە. بەڵام سەیرکردنێکی ژمارەی یەکەمی "گۆڤاری نیشتمان" کە زمانحاڵی "کۆمەڵەی ژێکاف" بووە، پێشانمان دەدات کە ئەم مێژووەی قاسملۆ دیاریکردووە راست نییە. چۆنکە یەکەمین ژمارەی "نیشتمان" -وەك لەمەوبەر گوتمان- لەنێوان 1ی تەمموزو 20ی تەمموزی 1943دا دەرچووە. ئەوی ئەم گۆڤارە بخوێنێتەوەتێدەگات، کە کۆمەڵەی ژێکاف بە لایەنی کەمەوە، لە نێوەڕاستی 1943دا زۆر چالاك بووە. شایانی باسە، هەر کەسێکی دی بکەوتایە ئەم هەڵە زەقەوە، نەدەبوو یەکێکی وەك قاسملۆ تێی بکەوتایە. چۆنکە ئەو خۆی لەو نێوچەیەدا گەورەبووە کە "کۆمەڵەی ژێکاف" تێیدا پەیدا بووە و، لەگەڵ گەلێك لەوانەی کە دامەزرێنەری"ژێکاف" بوونو بەرێوەبەری "نیشتمان" بوون، وەك ئەوەرەحمانی زەبیحی، یان لە "نیشتمان"دا شتیان بڵاوکردووەتەوە، وەك هێمنو هەژار، ناسیاوی و پێوەندیی هەبووە، چ لە ئێرانو چ لە عێراق. بێجگە لەوەش خۆی بەلایەنی کەمەوە لەنێوەڕاستی پەنجاکانەوە ئەندامی "حیزبی دێمۆکراتی کوردستان"ە(95) کە "حیزبی دێمۆکراتی کوردستان" جێگرو درێژەپێدانی "ژێکاف"ە. لەوەش بترازێ، پەرتۆکەکەی ئیگلتن کە ساڵێك بەر لەپەرتۆکەکەی قاسملۆ (لە 1963دا) کەوتە بازێڕەوە، لەبەردەست قاسملۆدا بووە و دەیتوانی سووت وەربگرێ لێی. سەرەڕای ئەمانەش، مامۆستا عەلائەددین سوجادی -وەك لەمەوبەر باسمانکرد- لە "مێژووی ئەدەبی

کوردی"دا کەچاپی یەکەمی لەساڵی 1952دا بڵاوکراوەتەوە، باسی "گۆڤاری نیشتمان" دەکاتو ساڵی 1943 دادەنێ بەساڵی بڵاوکردنەوەی. لەمانە هەمووی بەولاوە، ئەو وتارەی کە لەسەر "ژێکاف" لەگۆڤاری "ڕۆژی نوێ"دا نووسراوە و، لەساڵی 1961دا بڵاوکراوەتەوە، واتە 13 ساڵ بەر لەدەرچوونی پەرتۆکەکەی قاسملۆ، باسی تێنو گوڕی چالاکییەکانی "ژێکاف"ی بە جوانی تێدایە.

گۆڤاری "نیشتمان" وەرامی ڕاستەقینەی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە کەی "کۆمەڵەی ژێکاف" دامەزراوە. لەلاپەڕە (2)ی ژمارە (2)ی "نیشتمان"دا هەواڵێك نووسراوە کە:

"جەژنی سەرساڵی کۆمەڵە لە25ی گەلاوێژدا گیراوە". کە ئەمەش ساڵڕۆژی دامەزراندنی "ژێکاف"ە. مانگی گەلاوێژی کوردیی، دەکەوێتە نێوان 21ی ئابو 20 ئەیلولەوە، واتە 25ی گەلاوێژ بەتەواوی بەر 16ی ئەیلولی ڕۆژئاوایی‌و 25ی شەهریوەری ئێرانی دەکەوێ. بەمەشدا خۆیا دەبێ کە تەنێ هەر ئەوەی ئیگلتن نووسیوێتی لەبارەی دامەزراندنی "کۆمەڵەی ژێکاف"ەوە ڕاستە. بەڵام لەلایەکی دیییەوە -وەك لەسەرەوە باسمانکرد- دەبێژێ، ئەوانەی "ژێکاف"یان دامەزراندووە (15) کەس بوونو یەکێك لەنوێنەرانی کوردی عێراق کە نێوی میرحاج بووە لەگەڵیان بووە. ئیگلتن لەلاپەڕەی (133)ی پەرتۆکەکەیدا لیستەیەکی دامەزرێنەرانی "ژێکاف"ی کردووە کە لەنێو ئەوانەدا دکتۆر عەزیزی زەندیشی تێدایە. ئەورەحمانی زەبیحی کە خۆی لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداربووە، لەلای من باسی (11) کەسی کرد، کە لەنێو ئەوانەدا نە عەزیزی زەندی تێدابوو، نە میرحاج، جا هەرچەندە میرحاج لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانی دا، چەند جارێك سەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو بەتایبەتی مەهاباد داوەو پێوەندیی بە کوردەکانی ئەوێوە بەستووەو، بێجگە لەوەش، "کۆمەڵەی هیوا" پێوەندیی باشی بەکوردستانی ئێرانەوە هەبووەو لەنیازی ئەو





کوردانەی ئەوێ بۆ دامەزراندنی "ژێکاف" ئاگاداربووەو زاتی ناوەتە بەریان و، ئەوەتە گۆڤاری "نیشتمان" لەژمارە (3، 4)ی دا (ل.2) هۆنراوەیەکی بە ئیمزای "(ل.ب /آ) شاعیرێکی بەناوبانگ" بڵاوکردووەتەوە کە زۆر گلەیی لە خووڕەشتی کورد دەکاتو بە "بەدئەخلاقو بێ عیلمو سەواد"و "ماهیەتی کیبرو غرورو هیچ لەباردا نەبوونیی‌و لاف و گەزافو حەقنەناسی‌و نا سوپاسی‌و بێئەساسی‌و بێحەواسی" دەداتە پاڵ کوردو بە "موفسیدو ئەهلی غەرەزو مایل بە جەورو ئیعتیساف"ی دەداتە قەڵەمو هۆنراوەکەش بە "کۆمەڵەی هیوا" پێشکەش دەکات کە بەلای وییەوە "کۆمەڵەی ژێکاف" مودیری ئیتیحادو مەداری ئیئتیلافی کوردەو، لەوێدا "کۆمەڵەی هیوا"و "کۆمەڵەی ژێکاف" پێکەوە نێودەباتو دەبێژێ:

کۆمەڵی هیوا و حەرفی (ژ.ك)
ل.ب /ا شاعیرێکی بەناوبانگ

ئەی خودایا بۆم بنێری قاسیدێکی سینە ساف
بچێتە خزمەت کۆمەڵی هیواو حەرفی ژێ و کاف
گیر نەبێ بڕوا لە قەولی من بچێ پێیان بڵێ
ئەی مدیری اتحادو ئەی مەداری ائتلاف

بێجگە لەوەش، لەسەر پەڕەی یەکەمین ژمارەی "نیشتمان"و لەسەروو درۆشمی "j.k"ەوە نووسراوە: "بژی سەرۆكو کوردو کوردستانو هیوا" کە مەبەست لە "سەرۆك" دیارە مامۆستا ڕەفیق حیلمی سەرۆکی "کۆمەڵەی هیوا" بووە کە بە "سەرۆکی باڵا" نێودەبرا مەبەستیش لە "هیوا" "کۆمەڵەی هیوا"یە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، نابێ وا تێبگەین کە بیرۆکەی ناسیۆنالیزمی کورد بەهۆی "کۆمەڵەی

هیوا"ەوە کەوتووەتە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە، یان "ژێکاف" دەستکردی "هیوا" بووە، یان یەکێکی وەکو میرحاجیش کە نوێنەری "هیوا" بووە لەساڵی 1942دا (ساڵی دامەزراندی ژێکاف) سەری لە مەهاباد دابێ. دەبێ ئەوەش بزانین کە بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد لەسەتەی رابردوودا، بەهۆی کشانی لەشکری شێخ عوبێدوڵڵای نێرییەوە بەسەر رۆژهەڵاتی کوردستاندا لە 1881دا هێزی سەندووە، پاش نەمانی شێخی نێری، هەزاران لە دەروێشەکانی نێری کە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بوون، بانگەشەیان بۆ کوردایەتیو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی کردووە. بەدرخانییەکان لە پێش جەنگی یەکەمی جیهانی دا چالاکی کولتووریو سیاسییان لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا نواندووە.

بزوتنەوەی سمایل خانی سمکۆ، کە خۆی لەخێزانی شێخەکانی شەمزینانە، هەر لەپاش جەنگی یەکەمی جیهانییەوە دەستیپێکردوە و، بووەتە هۆی دامەزراندنی فەرمانڕەواییەکی کوردی لە 1922دا، کە بنکەی ئەم فەرمانڕەواییەش ورمێ بووە، سمکۆو شێخ مەحموودی بەرزنجی، نێوانیان زۆر خۆش بووە، تەنانەت سمکۆ خۆی لە 1923/1/18دا سەری سلێمانی -پێتەختی خوارووی کوردستان- وشێخ مەحموودی داوە، هەولی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆیی داوە. هەر لەزەمانی فەرمانڕەوایی شێخ مەحموودا، حاجی مستەفا پاشای یامولکی کە یەکێك بووە لە رۆشنبیرە کوردەکانی ئەودەمە(96) لە سلێمانییەوە چەند جارێك چووە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستانو کوردەکانی ئەوێی بەسەرکردووەتەوە(97). ئەمانە هەمووی پاشخانەی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستانەی ژێکافنو هەرچەندە کۆمەڵەی هیوا -وەك گوتمان- پێوەندیی توندوتۆڵی بووە بە کوردی ئێرانەوە، بەڵام دامەززاندنی "ژێکاف" بەرهەمی بیری کوردەکانی رۆژهەڵات خۆیانە و "پێویستی بەهاندانی دەرەوەنەبووە"، پێچەوانەی ئەوەی ئیگلتن دەبێژێ، بەلای منەوە، ئەنجامی راستەوخۆی ئەو بۆشاییيە





ناچارییە بوو. کەهەڵوەشاندنەوەی "حیزبی ئازادیخوازی کوردستان" دروستیکردووە. بێجگەلەوەش، لە بەهەشتی مامۆستا رەفیق حیلمی کە دۆستایەتیەکی زۆرخۆش هەردووکمانی کۆدەکردەوە(98) هیچی وام نەبیستووە ئەوە بگەیەنێ کە بیری دامەزراندنی "ژێکاف" لە "هیوا"وە دەستیپێکردووە.

شایانی باسە کە "ژێکاف" خۆی لە خوارووی کوردستان (کوردستانی عێراق)دا لکێکی بووە، کە لەلایەن ئیسماعیل حەقی شاوەیسو زەکیە بابانو فایەق بێکەسو برایم ئەحمەدەوە بەڕێوەبراوە.

گۆڤاری "نیشتمان" لەژمارە (5)ی رێکەوتی رێبەندانی 1323و (21ی کانونی دووەم- 21ی شوباتی 1944)دا هەولی دامەزراندنی بەشێکی ژێکاف دەگێرێتەوە لەپارچەیەکی دیی کوردستاندا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ژێکاف تەنانەت رکەبەرایەتیی (منافسە)ی "هیوا"ی کردووە:

لەم مانگەدا سیامەك ئەندامی ژمارە 57 دانیشتوی شاری ك/آ سەفەرێکی بۆ شاری ا.م/ب کردووە ئیدارەیەکی محەللی تەشکیل داوە ئەوە یەکەم شارە کە کۆمەڵەی ژ.ك لەپارچە کوردستانێکی دەرەوەی مەنتیقەی نفۆزی خۆی ئەندامی لێوەرگرتووە. لەو ئاگایانەی پێمان گەیشتووە، گەنجانی بەشی (ب) لە کوردستانی گەورە زۆر داخوازی ئەندامەتی کۆمەڵی ئێمەن. ئیدارەی ناوەندی لەبەرانبەر ئەو خزمەتە بەنرخەی سیامەك سوپاسی ئەکاو هیوای وایە کە هەموو ئەندامەکان هەروەکو ئەم برایە بۆ پێشەکەوتنی کاروباری کۆمەڵەتیێ بکۆشن.

2- ئامانجی "کۆمەڵەی ژێکاف"

ئامانجی "کۆمەڵەی ژێکاف"لەیەکەمین ژمارەی "نیشتمان"دا بێ پێچوپەنا خراوەتە بەرچاو، کە ئەوەش هێنانە بەرهەمی کوردستانێکی گەورەیە کە "هەموو کوردێك بەسەربەستی تیا بژیت". "نیشتمان" لەم رووەوە دەبێژێ:

"ئامانجی ئێمە

ئەی برای کوردی خۆشەویست:

کۆمەڵەی (ژ.ك) بە پێچەوانەی هەموو بەرهەڵستو قۆرتو چەڵەمەییێکی وەکو دوژمنایەتیی خۆبەخۆ، دووبەرەکیو خۆخۆری، پوولپەرستیو بێگانەدۆستی کە لەرێگای پێشکەوتن و سەرکەوتنی کوردا هەیە، بەهەموو هێزو توانای خۆی تێئەکۆشێت تا زنجیرو کەڵەمەی دیلیو ژێردەستی لە ئەستۆی نەتەوەی کورد داماڵێ و لەم کوردستانە لەتو کوتەی ئێستا، کوردستانێکی گەورەو رێكو پێك بێنێتە بەرهەم کە هەموو کوردێك بە سەربەستی تیا بژیت".

واتە، ئامانجی "ژێکاف" "یەکگرتنەوەی کوردستانی پارچەپارچەو سەربەخۆیی کوردستان" بووە، کە ئەمەش -وەك لەسەرەوە باسمانکرد- لەسەرەتاوە درۆشمی سەرکردەیەتیی کلاسیکیی کورد بوو و هوردەبۆرژوای رۆشنبیری ناسیۆنالیستی کوردیش پشتگیریدەکرد هەتا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی. بەڵام ئەو مێتودەی کە "ژێکاف" دەیویست بیگرێتەبەر بۆ "هێنانەبەرهەمی کوردستانێکی گەورە" - بەپێی گۆڤاری نیشتمان- میتۆدی "ئاشتیخوازانە"و "گرتنی رێی شارستانێتی" بووە، بەپێچەوانەی میتۆدی سەرکردەیەتیی کلاسیکەوە کە شێوازەکەی شۆرشی چەکدارانەبوو. "ژێکاف" دەیەوێ لێرەدا ئەوە بخاتە بەرچاو کەئەم رێیەی گرتوویەتی لەوەوە نییە کە ئامادەی فیداکارێتیی نییە. "نیشتمان" دەبێژێ:

"کۆمەڵەی ژ.ك بڕیاری داوە بۆ رۆناکردنەوەی بیری نەتەوەی کوردو دۆزینەوەی هۆی چارەڕەشیو دواکەوتنی ئەم میللەتە بەستەزمانو بێدەسەڵاتە لە هیچ فیداکارێکی روو وەرنەگێرێت".

بەڵام هەر "نیشتمان" لەم رووەوە دەبێژێ:



"زۆر کەس وا لێکئەدەنەوە کە ئەبێ نەتەوەی کورد بەزۆرو نێروی چەك لە دیلی رزگار بکرێت، بەڵام ئەوانە هەموو بەهەڵە چوونو رێگای راستییان لێ ونبووە چۆنکە چەكو تفاقی شەڕ کە لە چەنگ کوردایە لەبەرامبەر چەكو تفاقی شەڕی ئەمانەی بوونە بەرهەڵستی سەربەستی ئێمە، کارناکات. ئەبێ کورد بزانێت ئیمڕۆ تفەنگ لە چاو گوللەپژێنو تۆپو تانكو فرۆکە و... و... توقتۆقەیەك زیاتر نییە. تەنیا رێگایەکی ئەبێ کورد بەرەو سەربەستی پێیا بڕوا شەقامی شارستانێتیە. ئەم رێگایە راستو رەوان ئەچێتە ناو مێرگی ئازادیو سەربەستی".

دەبێ ئەوە بزانین کە هاوپەیمانان، بەتایبەتی بەریتانیا، هەر لەپاش تەواوبوونی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی دەیانویست بیبەنە مێشکی هوردەبۆرژوای رۆشنبیری کوردەوە کە مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی سوپایی نییە، تا بەزۆری چەكو بە شۆرشکردن چارەسەر بکرێ(99)، بەڵکو مەسەلەیەکی ئینتەرناسیۆنالانەیەو ئەم مەسەلە سیاسییەش بەوە چارەسەرناکرێ کە کورد دەستبدەنە چەك، چۆنکە بەچەك دەرەقەتی نەیارەکانیان نایەن، بەڵکو بەوە چارەسەر دەکرێ کە دەوڵەتێکی گەورەی دەستەڵاتدار پشتگیریبکات، جا لەبەر ئەوە، کورد دەبێ جارێ خەریکی خۆخوێندەوارکردن بنو خۆیان نێزیکمبکەنەوە لە رۆشنبیریی رۆژئاواییو پشت بە "بەریتانیای گەورە" ببەستن، چۆنکە بەریتانیا دۆستی راستەقینەی کوردە. بۆیە کورد پێویستیان بە شۆرش هەڵگیرساندن و ئاژاوەنانەوە نییە. هەر سەبارەت بەمەشە کە کورد دەبێ جارێ بە هیچ جۆرێك باسی سەربەخۆیی کوردستان نەکەن، بەڵکو رازی بن بەو مافانەی کە لەعێراقدا وەك "هاونیشتمان" پێیان دراوەو لەگەڵ بەریتانیا هاوکاری بکەنو خۆیان ئامادەبکەنو هەرکاتێکیش هەل هاتەپێشەوە، ئەوا بەریتانیا یارمەتییان دەدات و ئەوجا مەسەلەکەشیان سەردەگرێ".

ئەوجا ئەم سیاسەتەی بەریتانیا لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانی دا لەگەڵ سیاسەتی

سۆڤێتیدا یەکدەکەوت، چۆنکە سۆڤێتو بەریتانیا هەردوو هاوپەیمان بوون لەدژی ئەڵمانیای هیتلەری و هەموو بزووتنەوەو ئاژاوەیەك لەکوردستاندا، دەبووە هۆی ئەوەی هێزەکانیان خەریکی کوژاندنەوەی ئەو ئاژاوەیە بکات، کەئەوەش بەزیانی هەردوو لایانو سووتی ئەڵمانیای نازی دەبوو. بێجگە لەوەش، نوێنەرانی بەریتانیاو سۆڤێتو ئەمریکا (چەرچەڵو ستالینو رۆزفلت) لەکۆنگرەی تاراندا کە لە 1943/12/1دا بەسترا، بەرەسمی بڵاویانکردبووەوە کە رێزی " تەواوێتیی خاکی ئێران دەگرن(100)، ئەمەش مانای وایە کە نەدەبوو "کوردستانێکی سەربەخۆ"و "ئازەربایجانێکی سەربەخۆ" لەئێران جیا ببێتەوە. لەبەر ئەوە سۆڤێتەکانیش وەك بەریتانیاییەکان، ئامۆژگاریی هوردەبۆرژوای رۆشنبیری کوردیان دەکرد کە نەیکەنە "ئاژاوەنانەوەو راپەڕینی چەکدارانە"و پشت بە سۆڤێت ببەستنو سۆڤێت هێزێکی مەزنەو دۆستو پەنای گەلانی ژێردەستەیەو ئاگای لەمەسەلەکەیانەو، "مادام یەکێتیی سۆڤێت هەیە، ئەوا کورد بەسەربەخۆیی خۆیان دەگەن"(101)، بەڵام جارێ رۆژ رۆژی سەربەخۆیی کوردستان نییە، بۆ کوردەکان واباشە جارێ ئاواتەکانی خۆیان بخەنە چارچێوەی کۆماری ئۆتۆنۆمیی ئازەربایجانەوە". ئەم قسەیەش باگیرۆف (باقرۆف) سەرۆك وەزیرانی ئەو دەمەی ئازەربایجانی سۆڤێت بەئاشکرا بەوەفدی "کۆمەڵەی ژێکاف"ی گوتبوو کە لەپاییزی 1945دا بەسەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد چووبوو بۆ باکۆ بۆ وتووێژ لەسەر مەسەلەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ(102). بەکورتی، لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا، بەتایبەتی لە 1941ەوە تا 1944 هەلۆمەرجێکی وا پەیدا بوو کە رۆشنبیری کورد تا ئەندازەیەکی زۆر باوەڕی هێنابوو بەوەی کەمەسەلەی کورد پاش برانەوەی جەنگ بەئاسانی جێبەجێ دەبێ. بۆ وێنە هۆنەری کورد پیرەمێرد (1867- 1950/6/19) لە جێژنی نەورۆزی ساڵی 1944دا، کە هەموو ساڵێك ئەو جێژنەی لەکارێزی وەستا شەریفو لەبەردەم گردی





گولاندا لەسلێمانی دەگێڕا، میستەر ئەدمۆنسی بانگکردبوو کە ئەو دەمە راوێژکەری نێوخۆی عێراق بوو(103)و لەبەردەمی دا هۆنراوەیەکی خوێندەوە بۆ بەخێرهاتنیو داوای لێکرد کە "نەورۆزێکی تازە" پێشکێشی کورد بکات:

"بەخێربێن ئێوەو نەورۆزو بەهار، نەورۆزمان ئەوێ لەگەورەو سەردار
نەورۆزی ئێمە لەتۆ مەسەئوولە، دەسا هیممەتی وەتەن مەلوولە(104)"

سەرەنج: بە پێی بەڵگەنامەکان کە ئەوکاتە لە بەردەستمدانە بوون دەردەکەوێ ئەم لێکۆڵینەویەی من راستبووە (تەماشای پێشگۆتنە نوێیەکە بکە).... بەریتانیا دژی بزووتنەوە وداخوازییەکانی کورد بووە.

جا ئەم هیوا پەیدابوونە بە بەریتانیاو ئەم پشتبەستنە بە هاوپەیمانان لەلایەن هوردەبۆرژوای کوردەوە، هەردوو رێکخراوە گەورە سەرەکییەکەی هوردەبۆرژوای گرتبووەوە، واتە "کۆمەڵەی هیوا" لەعێراقو "کۆمەڵەی ژێکاف" لەئێراندا. کە هەردووکیان پێوەندیی زۆر بەهێزیان لەگەڵ یەك هەبوو، وەك باسمانکرد. بێجگەلەوەش، لە هەر یەکێك لەم دوو کۆمەڵەدا بەتایبەتی "کۆمەڵەی هیوا" کوردی وای واتێکەوتبوون کە لەژێرەوە بەنهێنی سەر بەبەریتانیا بوونو رێبازی پشتبەستن بەبەریتانیایان لەنێو "کۆمەڵەی هیوا"دا بەهێزتر دەکرد وپرۆپاگەندەیان دەکرد بۆی. "کاژیکنامە"، مانیفێستۆی "کۆمەڵەی ئازادی، ژیانەوەو یەکێتیی کورد" (کاژیك) کە لەنێوەڕاستی ساڵی 1961دا دەرچووە دەنووسێ: "ئەو جاسووسانەی ئینگلیز کە کەوتبوونە هیواوە کارێکی وایانکرد کە رێبازو رێڕەوی حیزب بێتە سەر ئەوەی باوەڕی بە یارمەتی ئینگلیز هەبێو بێجگە لەوەش، لە ئەندامە ساویلکەکانیشیان وا ئەگەیاند کە گوایە هەر ئینگلیزە کورد رزگار ئەکا. لەبەر ئەوە حیزب ئەبێ

سیاسەتێك بگرێ کە لایەنی ئینگلیز بەرنەدات"(105). ئێدی لەبەر ئەوە، شتێکی سەیر نییە کە گۆڤاری "نیشتمان" لەلاپەڕە(16)ی ژمارە (6)ی دا کە لە ڕشەمەی 1323دا دەرچووە(106)، چەند بەندێك لە "مەرامنامەی کۆمەڵەی ژێکاف" بڵاوبکاتەوە کە یەکێك لەوانە باسی میتۆدی "ژێکاف"ە و ئەم میتۆدە بەمیتۆدێکی "دێمۆکراتی" بداتە قەڵەمو ببێژێ:

"8- مەسلەکی کۆمەڵە دێمۆکراتیەو لەم پێناوەدا بۆ خۆشیی ژیانی بەشەر کۆششت ئەکرێت.

بێگومان، ئەم "مەسلەکی دێمۆکراتی "یەکە "ژێکاف"بە "کۆششت بۆ خۆشی ژیانی بەشەر" تێیگەیشتبوو، بۆ سووتی بەریتانیاو سۆڤێت، هەردووکیان، وەك یەك، باش بوو، چۆنکە بزووتنەوەی کۆمۆنیزم ئەو دەمە بەنێوی ڕاستەوخۆی کۆمۆنیزمەوە لەکوردستاندا هیچ نەدەکرا بۆی، وەك لەمەوبەر گوتمان، کۆمۆنیست لەکوردستاندا بە "بۆلشەویك" نێویان ڕۆیبوو، و "بۆلشەویك"یش بەهۆی پڕۆپاگەندەی بەریتانیاییەکانەوە هاومانای "ڕەوشتنزمی" بوو، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە کۆمۆنیستەکان لەکوردستانو وڵاتەکانی دیی ڕۆژهەڵاتی نێزیکدا هەموو داومودەزگەکانیان بە "دامودەزگەی دێمۆکراتی" نەك "کۆمۆنیستی" نێو دەنا، وەك: "لاوانی دێمۆکرات"و "نەقابەی کارکەرانی دێمۆکرات"و "یەکێتی ژنانی دێمۆکرات"و "مەلای دێمۆکرات"و... هتد. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە "کۆمەڵەی ژێکاف" نێوی نەگۆڕا بە "حیزبی کۆمۆنیستی کوردستان" بەڵکو لەسەر ئامۆژگاریی سۆڤێتیەکان کرا بە "حیزبی دێمۆکراتی کوردستان"(107)و لەسەرداروپەردووی "کۆمەڵەی هیوا"ش "پارتی دێمۆکراتی کورد" دامەزرا، وەك لەشوێنی خۆیدا باسمانکرد. هەروەها وشەی "دێمۆکرات" بەگوێی بەریتانیاییەکانیش هەر خۆش بوو، کە بە "دێمۆکراتێتی بەریتانیایی"یەوە شانازیی دەکەن. لەبەر ئەوە، هوردەبۆرژوای





کورد لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانی دا زۆر باسی "دێمۆکراتی" دەکردو تەنانەت بەڕێوەبەرانی "وێستگەی رادیۆی کوردستان"، کە وێستگەیەك بوو بەریتانیاییەکان لە فەلەستین دایانابوو و بەیارمەتی دوو ئەدیبی کورد، عەبدوڵڵا گۆران (1904-1962)و ڕەفیق چالاك (1923-1973/12/7) دەچووبەڕێوە، کە هەردوکیان دوایی بوونە دوو کەسایەتیی ناسراوی "پارتی کۆمۆنیستی عێراق"(108)، بە ئاشکرا بڵاودەکردەوەو دەیگوت "ئێمەی کورد هێندە باوەڕمان بە دێمۆکراتێتی هەیە کە مریشکەکانیشمان دەگاڕێنن؛ دەبێژن: دێمۆکرات- دێمۆکرات". هەر لەبەر ئەوەشە دەبینین کە گۆڤاری "نیشتمان" لەلاپەڕە(2)ی ژمارە (3، 4)ی ساڵی یەکەمی (سەرماوەرز/ ڕێبەندان) 1943دا باسی "وێستگەی رادیۆی کوردستان" دەکاتو هێندێك داخوازی دەخاتە بەردەم بەڕێوەبەرێتیی "وێستگە"و، تکای جێبەجێکردنیان دەکات. "نیشتمان" هەر لەهەمان ژمارەدا سوپاسی گەرمی بەریتانیای گەورە دەکات، کە سەفارەتخانەکەی لە عێراق گۆڤارێك بەزمانی کوردی لەبەغدا بەنێوی "دەنگی گێتیی تازە"وە(109) دەردەکاتو ئەمەش بەنیشانەیەك دادەنێ بۆ "جوانمێریو مەردوم دۆستی بەریتانیای گەورە"و گۆڤارەکەش دادەنێ بە "ئەستێرەیەکی تازە لە ئاسمانی چاپەکانی کوردیدا"و بەریتانیاش دادەنێ بە "خزمی کورد":

"ئەستێرەیەکی تازە لەئاسمانی چاپەکانی کوردیدا
جوانمێر بۆ مەردومدۆستی بەریتانیای گەورە

کورد ماوەیەکی زۆر لەمێژە هەستی بە نەجابەتو مروڤ خۆشەویستیی بەریتانیا کردووە. ئەم حکوومەتە گەورەیە بەدرێژایی مێژووی ئیمپراتۆریەتی خۆی، هەمیشە پارێزگاریی ئازادیو سەربەخۆییو، پەروەرێنەرو پێکهێنەری نەتەوە بچووکەکانی

گێتی بووە. زۆرجاران وەکو ئەم جارەی ئێستا، لەسەر حەقی نەتەوەیەکی بچووک، بەرەنگاری نەتەوەیەکی زلو بیدادگەرو ستەمکار بووە. ئاسایشی نەتەوەی خۆی لەپێناو ئاسوتەیی مەردوم ناوە، بەتایبەتی تیشکی ئەم هەتاوە داویە لە کوردی بێچارەو چارەڕەش‌و ستەمدیتوو. حکومەتی بەریتانیا هەر جارە بە چەشنێك بۆتە هۆی پێشکەوتنی گەلی دواکەوتوو و مەزلوومی کورد، بەراستی پێویستیی خزمایەتی خۆی لەگەڵ ئێمە بەجێگەیاندووە. ئەمجارەش لە بالوێزخانەی بەریتانی، تیشکەی ئەستێرەیەکی رووناك درەوشا. کۆواری دەنگی گێتیی تازەیان بە کوردییێکی زۆر پەتیی بووە دەرخستین. ژمارەی یەکەمان خوێندەوە گەلێ هێژاو بەنرخە، یەزدان یارمەتیدەری خۆیو خاوەنی بێت.

بەڵام هەروەکو زاندراوە کورد تەماعیان زۆرەو بەمانە پڕ نابێت، ئێمە لە حکوومەتی بەریتانیای گەورە تکا ئەکەین هەروەکو لە (یافا) ئێستگەیەکی رادیۆی بەناوی کوردستانەوە بۆ کردووینەوەو لەهەموو کوردستانا دەنگی داوەتەوە هەروەها رادیۆی لەندەنیش رۆژی سەعاتێك لەبەرنامەی خۆی بۆ زمانی شیرینی کوردی تەرخان بکا.

بژی ئالاهەڵگری ئازادیی گێتیی، بەریتانیای مەزن: - نیشتمان".

ئەوجا پاش ئەو باسەی سەرەوە، ئێدی سەیر لەوەدا نامێنێ کە گۆڤاری "نیشتمان" پاش ئەم تەپڵ وزۆرنایە بۆ بەریتانیای گەورە، هەر لەو ژمارەیەدا بە زنجیرە وتارێك بکەوێتە پەسن و پێداهەڵدانی "شۆرشی گەورەی ئوکتۆبەر" ولە ژمارە (6)دا و لە ژێر وێنەیەکی گەورەی لێنین دا ئەم هۆنراوەیەی خوارەوە بلاوبکاتەوە کە هی هەژارە:

"باقیە ناووت ئەتۆ، گەرچی دەمێکە مردووی
نا، لەنین، ماوی هەتا رۆژی قیامەت زیندووی".





بەکورتی، ئامانجی"کۆمەڵەی ژێکاف" دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ بوو، بەیارمەتیی دەوڵەتە گەورەکان، رۆژئاواییو رۆژهەلاتی، بێ جیاوازیو بێ گوێدانە ئێدیۆلۆژیو رژێمی ئەو دەوڵەتە گەورەیەی دایدەمەزرێنێ، بەتەواوی وەك سەرکردەیەتیی کلاسیکی کورد.

## 3- ژێکاف و ئاین

وا دیارە هوردەبۆرژوای رۆشنبیری ناسیۆنالیستی کورد، لەسەرەتای چلەکاندا، گەیشتبووە ئەوەی کە بتوانێ کۆمەڵگەی کورد، وەك کۆمەڵگەیەکی ترادیسیۆنال(رێسایی)ی ئایندار، تا هەندازەیەك بناسێو بیەوێ سووت لەو هەلانەی هوردەبۆرژوا "منەوەرکان" وەربگرێ کە پاش جەنگی جیهانیی یەکەم لەکوردستاندا دەیانکرد، بەپەلاماردانی موسڵمانەتیو گاڵتەکردن بە هەموو ئاینێك. بەپێچەوانەی ئەو "منەوەرانە"وە، "ژێکاف" نەك هەر نەیدەویست پەلاماری ئایینی ئیسلام بدات، بەڵکو دەیویست سووت لە ئیسلام وەربگرێ بۆ ئامانجەکانی. لەبەر ئەوە دەبینین لەهەموو ژمارەکانی "نیشتمان"دا کە لە (7) بەرگدا دەرچوون، بێ نێوبەدەر، هەر یەکەیان لەلاپەڕەی یەکەمیاندا بەدەوروبەری درۆشمی"ژێکاف"دا -وەك گوتمان- ئایەتێکی قورئان نووسراوە تێیدا. بێجگە لەمەش لەژمارە (6)ی "نیشتمان"دا (3) بەندی پرۆگرامی "کۆمەڵەی ژێکاف"بلاوکراوەتەوە: (بەندی 7، 8، 11). ماددەی (7) دەبێژێ:

"چەند بەندێك لە مەرامنامەی کۆمەڵەوە:

"7- بە بۆنەی متەدەین بوونی بەشی زۆری نەتەوەی کورد بەدینی ئیسلام، کۆمەڵە لە کوردستان تەنیا دینی موقەدەسی ئیسلام بەرەسمی دەناسێو بۆ تەرویجی شەریعەتی

خاوێنی ئیسلامو بەجێگەیشتنی هەموو ڕێوشوێنێکی ئیسلامەتی تێدەکۆشیو، لەگەڵ منافقان بەربەرەکانییێکی بەشیدەت ئەکا".

لێرەدا دەبینین کە "ژێکاف" زۆرێتیی ژمارەی لایەنگیرانی ئایینی ئیسلام لەکوردستاندا دەگرێتە بەرچاو، لەبەر ئەوە، ئاینی ئیسلام لەکوردستاندا بەڕەسمی دەناسێ، واتە: دان بەوەدا دەنێ کە ئاینی ئیسلام دەبێ بە "ئاینی ڕەسمی"ی دەوڵەتی کوردستانی دواڕۆژ بناسرێ. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە "ژێکاف" دەیەوێ ئیسلام بکرێتە ئیدیۆلۆژیی دەوڵەت، یان هەوڵبدرێ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی، بەڵکو مانای وایە ڕێزی ئیسلام بگیرێ. بۆ وێنە: لەو ڕۆژانەدا کە بەر جێژنو بۆنەی ئیسلامەتی دەکەون، وەك جێژنی ڕەمەزانو جێژنی قوربانو... هتد دەزگەی دەوڵەتی، بکەوێتە پشوودانو جێژنکردن وەك خەڵکەکەیو، هەروەرها لەمانگی ڕەمەزاندا دەوڵەت هەموو کەسێك ناچار بکات کە ڕێزی ڕۆژووان بگرنو لەبەرچاوی خەڵکی هیچ نەخۆنو نەخۆنەوە. ئەمەش هەر بەتەواوی وەك لە هێندێك لەو دەوڵەتە نێوەلایستییانەدا باوە کە ئاینی ئیسلامییان کردووە بە ئایینی ڕەسمی دەوڵەت، وەك عێراق هەر لەپاش دامەزراندنییەوە تا ئەمڕۆ. خۆ ئەگەر تەماشای بەشی دووەمی ئەو بەندە بکەین کە باسی "منافقان" دەکاتو، دەبێژێ، "ژێکاف" لەگەڵ منافقان بەربەرکانێیەکی بەشیدەت دەکات". ئەوسا لەبنچینەی مەسەلەکە بەباشی تێدەگەین. چۆنکە ئێمە دەزانین کە "منافقان" زاراوەیەك بوو بەوجۆرە کەسانە دەگوترا کە لەزەمانی پەیامبەری ئیسلامدا، بەدەم دەیانگوت "ئێمە موسڵمانین" کەچی بەکردەوە "ناموسڵمان" بوون. لێرەدا "ژێکاف" سووتی لەو وشەی "منافق"ە وەردەگرت بەوجۆرەی کە خۆی تێیدەگەیشتو بەکەڵکی دەهات، واتە ئەوی بەدەم بیگوتایە "کوردم" بەڵام "کوردایەتی"ی نەکردایە، بە "منافق" دادەنرا. خۆ ئەگەر سەرنجێکی ئەو ئایەتانەش بدەین کە هەموو جارێك "نیشتمان"هەڵیدەبژاردن، دەبینین ئەمانەن:





"كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ اللّهِ وَاللّهُ مَعَ الصَّابِرِينَ" (البقره249) واتە: (گەلەك جار وابووە کە دەستەیەکی کەم بەسەر دەستەیەکی زۆردا زاڵبن، بەئیزنی خودێ)(110). "وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى اللّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ" (ئەوی پشت بە خودێ ببەستێ، خودێی بەسە)(111)، "نَصْرٌ من اللّهِ وَفَتْحٌ قَرِيب و بَشّرِ المؤمنينَ" (سەرکەوتنێك لە خودێوەو فەتحێکی نێزیكو مژدە بدە بە خاوەن باوەڕان)(112)، "وَتَعَاوَنُوا عَلَى البِرِّ والتَّقوى" (لەسەر ڕێی خێرو تەقوا هاوکاریی یەك بکەن)(113)، "إنَّ اللّهَ يأمُرُ بالعَدْلِ والإحسانِ" (خودێ فەرمان دەدات بەدادخوازیو چاکە)(114). ئەگەر سەرنجێکی هەر یەکێك لەم ئایەتانەی سەرەوە بدەین، دەبینین زۆر بەهۆشیاری هەڵبژێردراونو بەتەواوی بۆ خزمەتی ئامانجەکانی "ژێکاف" خراونەتە کار. بۆ وێنە: " ژێکاف" لەسەرەتاوە بەژمارە کۆمەڵەیەکی گچکە بوو، وەك "نیشتمان" خۆی بە ئاشکرا دانی پێدادەنێ، ئەم کۆمەڵە پێویستی بەوە بووە کە ورەی لایەنگرەکانی بەرز بکاتەوەو، ورەی ناحەزەکانی بەرێ. بۆیە ئەم ئایەتە کە دەبێژێ "كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ اللّهِ" لێرەدا کاری خۆی دەکات. هەرچەندە نموونەی وا لە کولتووری کورددا هەیە، وەك: "بەزۆریو بۆری نییە، بەڵکو بە نەختیو پوختیە" یان "سەت قەلو بەردێك" کە لەگەڵ ئەوەشدا لەنێو کۆمەڵگەیەکی بەئیسلام باوەڕ کردوودا، ئایەتی قورئان کاریگەرترە لە پەندی پێشینانی کوردی". هەر لەم رووەشەوەیە کە دەبینین "نیشتمان" وتارێکی بۆ "بێژەن" (کە نێوی نهێنیی ئەوڕەحمانی زەبیحی بووە) لەژمارە (1)ی دا بڵاودەکاتەوە، کە ئەو وتارە لەکۆبوونەوەیەکی کۆمەڵەی "ژێکاف"دا خوەێندراوەتەوەو، بەتەواوی ئەو مەبەستەی سەرەوە دەپێکێ. بێژەن (زەبیحی) لەو وتارەدا دەبێژێ:

"سەرکەوتن بەزۆرو کەمی نییە

وتەیکی (بێژەن) نووسەری کۆمەڵە لە کۆبوونەوەیەکدا:

برایانی خۆشەویست لە وتاری ئەو شەوی خۆما باسی ئایەتێکی پەرتۆکی موقەدەسی، یەعنی ئیسلام، قورئانتان بۆ دەگێڕمەوە، ئەم ئایەتە لەتابلۆیەك نووسرابوو، ئەگەرچی زۆر جار چاوم پێکەوتبوو، بەڵام هەرگیز وەکو ئەم جارە کاری لێم نەکردووە، ئەوتا ئایەتەکە خوا ئەفەرموێت "كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ اللَّهِ" مەعناکەی زۆر ئاشکرایە، دەفەرموێت زۆر دەستەی کەم هەن کە زاڵ دەبن بەسەر دەستە زۆردارەکاندا بە ئیرادەی خوا. هۆی زۆر کار لێ کردنی ئەم جارەی ئەوەیە، جاران لە خۆماشتێکی دەگەڵ ئەم ئایەتە موبارەکە تەتبیق بکات، شك نەدەبرد، بەڵام ئەو جار کە بیرم کردەوە بۆم دەرکەوت کە ئەو فەرمایشەی خوا پاڵ ئەکێشێت بەسەر ئێمەشا چونکو دەستەیەکی نیسبەتەن بچکۆلە لە دەوری یەکتر کۆبووینەوە ئەڵێن نیشتمانی خۆشەویستمان رزگار ئەکەین، وڵاتەکەمان ئەهاوێژینە باوەشی سەربەخۆیی؛ هەنگوینی سەربەستی ئەکەین بە گەرووی هەموو کوردێکدا، وا تێ ئەگەم ئەم ئایەتە مزگێنێکی گەورەی خوایی بوو، بۆیە وا بەقورسایی ئەخاتە سەرمێشکم و لە پێش چاومە کە هیچ شتێك تواناى نییە ئێمەو براکانمان لەگەیشتن بەئەم ئامانجە پاكو خاوێنە بگێڕێتەوە چونکو خوا دەگەڵ ئێمەیە. بۆ چ لەگەڵمان نابێت؟. ئێمە بنچینەی کارمان لەسەر رێوشوێنی ئیسلام داناوەو پاڵمان داوەتە بەزەیی (رحم) خواو گەورەیی پێغەمبەرو پاکیی قورئان".

ئەگەر تەماشای ئایەتی دووەمیش بکەین دەبینین ئەوەش هەر بۆ بەرزکردنەوەی ورەی لایەنگیرانی "ژێکاف"ە، واتە "ژێکاف" دەیەوێ بەلایەنگیرانی خۆی بیژێ: گوێ مەدەنە ئەوەی کە ئێوە کەمن؛ ئەوی پشت بەخودێ ببەستێ، خودێ فریای دەکەوێ.





بەتایبەتی لەنێو هوردەبۆرژوای کورددا -وەك گوتمان- کە لەنێوگەلدا پاڵپشتیان نەبوو، هەستیان بە بێکەسیو تەنیایی دەکرد، لەبەرئەوە لەجیاتی پەندە کوردییەکەی دەبێژێ "خودێکەسی بێکەسانە" دەچێ ئەو ئایەتەی سەرەوە بۆ نموونە دەهێنێتەوە، چۆنکە ئایەتەکە کاریگەرترە. ئەمە لەهەمان کاتیشدا، وریاکردنەوەیەکی ناحەزانی "ژێکاف"ە لەکوردستاندا، کە بەماناوە پێیان دەبێژێ "وامەزانن ئێمە کەمین بەڵام ئەوی پشتی بەخودێ ئەستوور بێ، خودێ سەریدەخات". هەر لەبەر ئەوەشە کە دەبینین لەژمارە (3، 4)دا ئایەتی "(وَأُخْرَى تُحِبُّونَهَا) نَصْرٌ مِّنَ اللَّهِ وَفَتْحٌ قَرِيبٌ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ" (الصف:13) بەکاربراوە، چۆنکە لەم ئایەتەدا قورئان موژدەی سەرکەوتنی داوە بەخاوەنباوەڕان، بەفەرمانی خودێ. جا لەبەر ئەوەی "ژێکاف" باوەڕی بەوە نەبووە کە سەرکەوتن بەهێزی خۆی دێتەدەستو، پێویستیو باوەڕی بە پاڵپشتێك بووە بۆ رزگاریی کوردستان، بەڵام دیوێتی کە کورد پاڵپشتی نییە، لەبەرئەوە گوتوویەتی "سەرکەوتنەکە لەخودێوە دێ". لەئایەتی چوارەمدا رووداوەکاتە "واقیعیەت"و داوا لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکات کە هاوکاریی بکەن لەگەڵیدا، ئەم "هاوکارییەش" بە "کاری خێر"و بە "پێویستی" دەزانێ لەسەریان، چۆنکە خودێ گوتوویەتی "تَعَاوَنُوا۟ عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى" المائدە: 2. ئایەتی پێنجەمیش هاوارێکە بۆ دەستڕۆیشتووەکان لەکوردستان کە بەزەییان بە "خواردەستی خۆیان"دا بێتەوەو بە "دادپەروەری"و "خێرخوازی" کاربکەن؛ چۆنکە خودێ فەرمانی داوە بەخەڵك کە بە "دادپەروەری"و "چاکەخوازی" بجولێنەوە.

بەکورتی، ئەگەر تەماشایەکی هەموو ئەو ئایەتانەبکەین کە جاروبار لەنێو دەقەکانی گۆڤاری "نیشتمان"دا بەکارهێنراون، دەبینین هەموو لەوانەن کە بۆ بەرزکردنەوەی ورە و زاتی لایەنگیرەکانی وەرگیراون. شایانی باس ئەوەیە کە "نیشتمان" لەلاپەڕە (5)ی ژمارە (6)یدا وتارێکی نووسیوە لەژێر سەرنێوی "بۆچی گەورەکانی قوڕیش

موسڵمان نەدەبوون"، پاش ئەوەی سەرگورشتەی ژیانی محەممەد دەگێڕێتەوە لەگەڵ خراپەکاریی هێندێك لەناحەزەکانیدا، وەك "ئەبو جەهل"و "ئەخنەس"، ئەوجا دێتەسەر ئەوەی کە ناحەزەکانی پەیامبەر لەگەڵ ناحەزەکانی "ژێکاف"دا بەراورد دەکات:

"خوێنەرەوە خۆشەویستەکان: ئەم باسەتان کە خوێندەوە ئەگەر نموونەیەك لەژیانی عەسری خۆمان نیشان بدەین، سەرتان سووڕ نامێنێ، ئەوەیش ئەمەیە:

ئاغاییێکی کوردی عێراق بەڵکو سەردار عەشیرەتێك، یەك دوو ساڵ لەمەوبەر نامەیەکی بۆ ئاغاییێکی کوردی ئێران نووسیبوو (کە دەستی منو دامانی تۆ، نەکەی بەهیچ بارێك لەپێناوی کوردایەتیدا تێبکۆشی، چونکو کوردایەتی ملزمی ئەمەیە هەموو لاوە خوێندەوارو گەنجە تازەپێگەیشتووەکان بێنەسەرکار و ئێمە لە ژووری دیوەخانا دابنیشین).

ئێمە نازانین خوێنەرە بەرێزەکان چەند فەرق لەنێوان ئەم ئاغا کوردە عێراقییە خۆشەویستە و (ئەبو جەهل)و (ئەخنەس)دا ئەنێن، بەڵام ئێمە ئەڵێین: ئەی بەبڕینچێ دەستێکی بۆ زیانی نەتەوەی خۆی داوینی مەردوم ئەگرێت، ئێوەش بڵێن ئامین! ژ.ك"

گومان لەوەدا نییە کە لەریزەکانی "ژێکاف"دا زانای موسڵمانی زۆر باشی تێدابووە، وەك مامۆستا مەلا قادری مودەریسی (کە ئێستاش 1983 ماوە). هەموو سەرکردەکانی "ژێکاف"یش ئەوەیان زانیوە کە لەنێوان کۆمەڵگەیەکدا کاردەکەن کە زۆربەی زۆری خەڵکەکەی بەم قسەو چیرۆکە ئاینییانە دەبزوێنرێن، لەبەر ئەوە ویستوویانە -وەك لەسەرەوە گوتمان- سووت وەربگرن لیی بۆ کوردایەتیو لەم کارەشیاندا تا هەندازەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوون، بێ ئەوەی ئاینی ئیسلام بکەنە ئیدۆلۆژیی حیزبەکەیان، یان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی تێبکۆشن.





شایانی باسە کە "ژێکاف" زۆر بەتوندی دژی هێندێك خووڕەوشت وەستاوە کە کۆمەڵگەی کوردەواریو ئاینی ئیسلامو هۆشیاریش دژی وەستاون. وەك ئەلکۆل. "ژێکاف" ئایەتی قورئانی هێناوەتەوە بەبەڵگەکە ئەلکول خراپە. بەڵام زیانەکانی ئەلکۆلی لەبارەی کۆمەڵایەتیو تەندروستییەوە شیکردووەتەوە، ئەمەشی هەموو لەژێر باسی بژیشکی (الطب)دا پێشانداوە (وەك لەژمارە 3، 4 لاپەڕە 13-15 دەردەکەوێ).

وادیارە لەگەڵ ئەم هەموو خۆبەستنەوەیەشدا بەترادیسیۆنی ئیسلامەوە، هێشتا هێندێك کەس هەبوون کە گوتوویانە "ژێکاف" دژی ئیسلامەو دوور نییە ئەمەش هەمووی بەهۆی ئەو وتارانەوە بووبێ کە لەبارەی شۆرشی ئۆکتۆبەری 1917ەوە لە "نیشتمان"دا بڵاوکراونەتەوە.

بەڵام "نیشتمان" زۆر بەتوندی وەرامی ئەوانەی داوەتەوە. ژمارە (5)ی "نیشتمان" لەلاپەڕە (10)دا بۆ بەرپێچدانەوەی نەیارەکانی دەنووسێ:

"بۆ وەڵامی هێندێك لەنەفامو تێنەگەیشتووەکان بەندێکی مەرامنامەی کۆمەڵە دەنووسین. کۆمەڵەی ژ.ك لەسەر چوار کۆڵەگەی ئیسلامەتی، کوردایەتی مەدەنییەت، سولحو ئاشتیخوازی داندراوەو هەموو قانوونو نیزامنامەکانی لەگەڵ شەریعەتی مقدسی ئیسلام تەتبیق ئەکرێ ئینجا ئەخرێنەکار.

## 4- ژێکافو مەسەلەی چینایەتی

لەهەموو "نیشتمان"دا یەك وشەی تێدا نییە کە باسی "خەباتی چینایەتی" بکات، هەروەها ئەو زاراوە سۆسیۆلۆژییانەی کە پێوەندییان بە چینایەتییەوە هەیەو لەلایەن مارکسیستەکانەوە زۆر بەکاردەهێنرێن، وەك "چینی کرێکار"و "چینی سەرمایەدار"و "چینی دەرەبەگ"و "خاوەن زەوی گەورە"و "چینی زەحمەتکێش"و

"پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان"و... هتد، لەم گۆڤارەدا چنگ ناکەون. بەڵام مانای وا نییە کە "نیشتمان" باسی جیاوازیی نێوان "هەژار"و "دەوڵەمەند"و "دەستدرێژیشتوو"و "خواردەست" ناکات. نەخێر، زۆرجار باسی ئەمانە دەکات، بەڵام چارەسەرکردنی ئەم "جیاوازی"یە دەداتە دەست دەوڵەمەندەکانو دەستدرێشتووەکان خۆیان. بۆ وێنە: "نیشتمان" روودەکاتە ئاغاکانو سەرۆك هۆزەکانو بەدەستەڵاتەکانو داوایان لێدەکات کە "کوردایەتی" بکەنو دەست لە "تەماع" هەڵگرن. "نیشتمان" زۆر جار باسی "هەستیی تەماع"و "پوولپەرستی" دەکاتو "تەماع"و "پوولپەرستی" بە "هۆیەکی زلی دواکەوتنی کورد " دادەنێو دەبێژێ "ئەم هەستە بەتایبەتی لەناو عەشیرەتەکانی کورددا بەهێزە"(115). لەبەرئەوە "نیشتمان" داوا لە "ئاغاواتو سەردار عەشیرەتە خۆشەویستەکانی کورد" دەکات کە بە "دراوو درۆی دوژمن هەڵنەخەڵەتێن"(116)و روویانلێدەنێ کە "تەماع فڕێ بدەن تا سەربەخۆیی کوردستان دوانەکەوێ"(117). لەلاپەڕە (23)ی ژمارە(2)ی "نیشتمان"دا باسی ئەوە دەکات کە بێگانە بە پارەو دراو عەشیرەتە کوردەکان هەڵدەخەڵەتێننو ئەیانکەن بەبەرهەڵستو مانعی کاری لاوەکان". "نیشتمان" هەر گلەیی لەئاغاکانو سەرۆك هۆزەکان ناکات، بەڵکو گلەییەکی زۆریش لەبازرگانەکان دەکات، بەتایبەتی لەوانەی کە لەکاتی جەنگدا دەکەوتنە دەستبەسەرداگرتنی بژێو (ارزاق)و دەبوونە هۆی گرانکردنی. "نیشتمان" لە ژمارە (1)دا وتارێك دەنووسێ لەدژی ئەو "گەنم کڕانە"ی کە هەر گەنمێك دەهاتە بازاڕەوە زوو دەیانکڕیو بارخانەیان دەکردو دەبوونە هۆی گرانکردنی نرخی گەنم. لێرەشدا "نیشتمان" پەنادەباتە بەر خودێ بۆ سزادانی ئە بازرگانانەو دەبێژێ "ئەی گەنم کڕ، چۆن داماوو بێدەسەڵاتەکانت تووشی برسێتی کرد، خوا ماڵو منالت بخاتە برسێتی" (تەماشای ژمارە/1، لاپەڕە 16 بکە). لەلاپەڕە 3، 4ی ژمارە (3، 4)دا "نیشتمان" هەوڵی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی چینەکان





دەداتو دەبێژێ: "بۆ چ دووبەرەکی هەبێ؟ حەسووتی بۆچی؟... بۆ لاوێکی لادێیتان وەکو گەنجێکی شارستانی نایەتە پێش چاو؟ بۆچی وەکو تەماشای پیاوێکی دەوڵەمەند ئەکەنو ئیحتیرامی رادەگرن زگیشتان بە لێقەوماوێکی هەژار ناسووتێو بەوچاوە تەماشای ناکەن؟ ئایا هەژار هەقی ژیانی نییە؟ ئافسۆس.... هتد. "لەلاپەڕە (27، 28)ی ژمارە (3، 4)دا جارێکی دی دێتەوە سەر مەسەلەی "تەماع"و "پارەپەرستی"و "حەسادەت"و ئەمانە دەبەستێ بە "دووبەرەکی"و "خۆخۆری"و "بێگانەویستی"یەوە لەنێوکورددا و دەبێژێ: "هۆی ئەمانە نەبوونی هەستی میللیەتو نیشتمانپەروەریو خۆشڕابواردنی شەخسییە". واتە، ئەمانە نابەستێ بە "بەرژەوەندیی چینایەتی"و "پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان"ەوە وەك مارکسیستەکان، بەڵام "نیشتمان" لەلاپەڕە (7، 8)ی ژمارەی (5)داو لەوتارێکدا کە بۆ "نادری"(118) بڵاویکردووتەوە، شێوازی وتوێژی بەرامبەر بە "سەرۆك هۆزە خۆشەویستەکان" دەگۆڕێ، ئەمجارە بەوێنەیەکی توندوتیژتر دەکەوێتە دووان، کە ئەمەش دیارە ئەنجامی ناهومێدییە لە هەڵسوکەوتی ئەو سەرۆك هۆزو ئاغایانە بەرامبەر مەسەلەی کوردو گیروگرفتەکانی کۆمەڵگەی کورد، بەتایبەتی لەوکاتە ناسکەدا کە کوردستانو جیهانی پێدا تێپەڕیوە. "نادری" دەبێژێ:

"ئەی سەردارو مەزنانی کورد! ئەمن بەناوی هەموو کوردێکی بێچارەو لێقەوماو هاوارتان بۆ دەهێنمو ئەڵێم: (ئەگەر چارەیەك بۆ چارەڕەشیی و بەدبەختیتان ناکەن، ئەگەر دڵتان بەدیلییو زەلیلیی ئێمە ناسووتێ، هەرچەندە دڵی ئێوە لەوە رەقترە کە بەزەلیلی ئێمە بسووتێ- مەبنە بەرهەڵستی ئەو کۆمەڵانەی کە ژیانی سەربەرستیی کوردو کوردستانیان ئەوێ، ئەگەر بارێکی سەرشانمان بۆ سووك ناکەن مەبنە سەرباریشمان. هێزی ئێوە لەوە دوورە کە ببێتە مایەی ئازادیمان، چۆن ئەگەر وانە

بووایە هەمووتان لەم هەڵکەوتە بێهاوتایە، لەم چاخەدا کە زەمانە بەهەموو کەرەستەی خۆیەوە ئامادەیە بۆ دروستکردنی خانووی ئازادیتان، هەڵدەستان"

لەژمارە (6)دا وتارێك بە ئیمزای (ك/ا) پشتیوانو لەلاپەڕە (11-12)دا نووسراوە کە نمرەی (1042)ی پێوەیەو دیارە ئەمە نمرەی ریزی حیزبییەتی، لەوێدا "نیشتمان" جارێکی دی تکا لە "کوردە ناودارەکان"ی ئەو دەمە دەکات کە واز لە"تەماع" بهێنن.

بەکورتی "ژێکاف" هەڵوێستێکی گونجێنەرانە (توفیقی)ی هەیە لەمەسەلەی چینایەتیداو مەسەلەکە بەمەسەلەیەکی "مۆرالی"و "ئاکارو رەفتاری ناشیرین" دادەنێو دەیبەستێ بە "هەستی تەماع"و "پارەپەرستی"و "حەسووتی"یەوە، نەك بە مەسەلەیەکی ماددیی کۆمەڵایەتیو بەرژەوندیی چینایەتی کە "پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان لەکۆمەڵگەدا" دەستنیشان دەکەن، وەك مارکسیستەکان دەبێژن، بۆیە پێی وایە کە بە ئامۆژگاریو "سەرزەنشت"و توانجگرتنە ئەو ئاکارو رەفتارە ناشرینانە، لادەچن. ماددە (11)ی پرۆگرامی "کۆمەڵەی ژێکاف" کە لەژمارە (6)دا بڵاوکراوەتەوە دەبێژێ:

"11- کۆمەڵە هەموو قەبیلەو عەشیرەتەکانی کورد بەچاوێك تەماشا دەکاو بۆ برایەتیی هەمووان کۆششت ئەکا- رەخنەگریو ئینتیقاداتی کۆمەڵە لە ئاکاری ئەوان تەنیا لەرووی دڵسۆزی کوردایەتییەوەیە کە حەز بە لەناوچوونی ئاکارەو رەفتاری ناشیرین لەناو کوردەواریدا دەکا."

5- ژێکافو سۆڤێتو کۆمۆنیزم:





گۆڤاری "نیشتمان" -وەك لەمەوبەر گوتم- مەحەکێکی زۆری شۆرشی ئۆکتۆبەری کردووەو لێنینی بەکەسایەتییەك داناوە کە "تا رۆژی قیامەت" زیندووە. بەڵام بە هەموو توندوتیژییەکەوە وەرامی ئەوانەی داوەتەوە کە "تەمایولی ژێکافیان بەلای حکومەتی سۆڤێتدا"بەوە لێکداوەتەوە کە گوایە "ئارمانی ژێکاف بڵاوکردنەوەی مەسلەك و باوەڕی کۆمۆنیزمی"یە، "نیشتمان" دەبێژێ: ئەم قسەیە لەسەرچاوەی "فاشیستەکان و نازییەکان"ەوە هەڵقوڵاوە. لەژێر وتارێکدا "ئێمەو مەردوم"؛ بێژەن (زەبیحی )دەنووسێ:

"ئێمەو مەردوم
بێژەن-2
تۆزو غوباری تەبلیغاتو پرۆپاغەندای ژەهراویی فاشیستەکان رووی میناای بێگەردی کوردستانیشی وەکو زۆر وڵاتەکانی گێتی وەها تاریك داهێنابوو، ئێستاش پاشماوی دوایی نەهاتووە.

لەکاتێکدا کەمبلغەکانی نازی لەعێراقو ئێرانا خەریکی لێلاوو شلوێکردنی ئاوی هێمنی سیاسەتی ئەو وڵاتانە بوون، گەورەترین پرۆپاگاندیان خراپ پێشاندانی کۆمۆنیزمو کۆمۆنیست بوو، کە بەناوی شیوعی ئەیاندا بەگوێی مەردوما. وایان بردبووە مێشکی خەڵکەوە کە شیوعییەکان زۆر دڕندەو وەحشیو پیاو وکوشتن لەلایان زۆر رەواجی هەیە. ئەم مەوزوعە وەها چووبووە مێشکی دانیشتووانی ئەم وڵاتانە کە بەبیستنی ناوی شیوعی (بلشویك) تووڕە دەبوونو چاوانییان تێك ئەنا- دوای هاتنی ئۆردووی سوور (جیش الاحمر) بۆ کوردستان، رەفتارو ئاکاری وا باشیان پێشاندا کە ئەم هەموو رەنجی مبلغەکانی هیتلەر بەبا چوو، بەڵام: هێشتا هێندێك مێشکی واهەن دەستخەڕۆی ئانتریکات (intrigaut) و درۆودەلەسەی فاشیستەکانن.

چەند کەسێك لەم بێمێشکانە کە پەرتۆکی دیاریو ژمارەی یەکەمی نیشتمانیان خوێندبووەو لایەنگریو تەمایلی ئێمەیان بەلای حکومەتی سۆڤێتدا دیبێ، گوتبوویان ئارمانی کۆمەڵی ژ.ك بلاوکردنەوی مەسلەك و باوەری کۆمۆنیزمە، ئەم قسەیە بێشك لەسەرچاوەی تەبلیغاتی فاشیستەکان ئاوئەخواتەوە، دەنا ئێمە کۆمۆنیست نین. ئەگەر کۆمۆنیستیش بین جێگای هیچ ئیعترازێك بۆ خەڵك نییە لەم مەوزووعەدا. هەیئەتی مەرکەزیی کۆمەڵ بەیاننامەی رەسمی دەردەکات".

ئەوەی راستی بێ، مەسەلەی پڕوپاگەندەکردن دژی کۆمۆنیزم لەکوردستاندا لەدیعایەی فاشیستەکانو نازییەکان کۆنترە کە لەنێوەڕاستی چلەکانەوە درێژەیکێشا، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی کۆنترو بۆ پڕوپاگەندەی هێزەکانی بەریتانیا لەکوردستان پاش جەنگی یەکەمی جیهانی. شایانی باسە، کە گۆڤاری "نیشتمان" لەژمارە (3، 4)یدا بەیاننامەی ژمارە (322)ی "ژێکاف" چاپدەکاتەوە کە لەرۆژی 25ی مانگی سەرماوەزی 1322 (15 دیسێمبەری 1943دا) دەرچووەو لەوێدا ئەوە جەخت دەکاتەوە کە "کۆمەڵەی ژێکاف" کۆمەڵەیەکی کۆمۆنیستی نییە، بەڵام ئۆبالی ئەو تۆمەتە، ئەمجارە دەنێتە مل "خاوەندانی بیری کۆنو مێشکەرزیووەکان" کە بە "برای خۆشەویستو کۆنەپەرست"یان دەداتە قەڵەم. "نیشتمان" دەبێژێ:

"لەناو کۆمەڵەدا

بەیاننامەی ژمارە 322ی رۆژی 25ی مانگی سەرماوەزی ساڵی 1322

بەناوی یەزدانی گەورەو بەرزی بێهاوتا

هەمیشە بیروباوەڕی تازە ئەبێتە ئامانجی تیری بەربەرەکانیی خاوەندانی بیری کۆنو مێشکە رزیووەکان.





رۆژێکی ئێمە ئەم کۆمەڵەیەمان بنیادنا، دەمانزانی لەم دەستوورە گشتیو تەبیعیە رزگاربوونمان نییە؛ درەنگ یان زوو لە جەنگەی کارکردنا ئەبینە نیشانەی لۆمەو تۆمانجی هێندێك لە کوردە بێ تەعەسوب و کۆنەپەرستەکان، بەڵام نەماندەزانی لە چی ڕێگایەکەوە پەلامارمان ئەدەن.

بلاوکردنەوەی چاپەکانمان (مطبوعات) ئەم ئیشکالەی هەڵگرت. هێندێك لە خاوەندانی (مالو مقام) کە پێشکەوتنی ئێمەو پاشکەوتنی خۆیان لەریزێکدا ئەدیت، دەستیانکرد بە پروپاگەندە کە کۆمەڵەی ژ.ك کۆمەڵێکی شیوعی (بلشویك)یەو بەناوی کوردایەتییەوە کارئەکا، بۆ دروستکردنی هەموو چەشنە بەرهەڵستیك لەرێگای پێشوەچوونی ئێمەدا بەهەموو هێزی خۆیان کۆششتیان کرد بەڵام بێکەڵكو سوود بوو، چونکو مەردوم وەك ئەوان لێکیاندابووەوە، نەزانو ناتێگەیشتوو نەبوون، ئێمەیان زۆرچاك ئەناسیو ئەیانزانی ئارمانی ئێمە خۆشی ژیانی هەموو کوردێکە.

لەبەر ئەمە تیریی ئەم برا خۆشەویستو کۆنەپەرستانە لەباتی جەرگی کۆمەڵەی ئێمە وەبەردی قەبوڵ نەکردنی جامیعەکەوتوگەڕاوە بۆ سینەی پڕ کینەی خۆیانو دەستو پێوەندیان، لەناو مەردومدا بێ قەدرو ئیحتیرام بوون. ئەمەیە دوایی تالۆکە کردن لەکارەکاندا، ئەمەیە نەتیجەی بێ مێشکیو نەزانی.

ئەم برا خۆشەویستانە دەبوو بزانن کە چۆن هەتاو هەمیشە لەژێر هەوردا نامێنێتەوە، هەروەها درۆودەلەسەش لەباریدا نییە کە رووی رووناکی حەقیقەتو راستی بپۆشێت.

ئێمە ئارەزوومانە، دیسان هەرچی لەتوانایاندا هەیە بۆ بەربەستکردنی پێشکەوتنی ئێمە کۆششت بکەن تا نەیرووی مەعنەوی کۆمەڵەیان چاوپێبکەوێت. بژی کوردو کوردستان بەسەربەستیو سەربەخۆیی ل.ب/ا هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵەی ژ.ك".

شایانی باسکردنە کە ژێکاف. نە لەپێش ئەوەدا کە بچێتە ژێر سەرکردەیەتیی قازی محەممەدەوە لە1944داو، نە دوای ئەوەش، دووی بیرو باوەڕی کۆمۆنیزم نەکەوت.

پاش هاتنە نێوی قازی محەمەد، زۆربەی کاربەدەستانی "ژێکاف" لەهوردەبۆرژواو مەلاو سەرکردە ترادیسیۆنالیستەکان پێکهات. بەڵام پاش ئەوەی کە سۆڤێتەکان ڕێی ئەوەیاندا کە لە مەهاباد لەرۆژی 1945/12/17دا ئاڵای فارس دابگیرێو ئاڵای کورد بخرێتەجێی، دڵی خەڵکانی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی بەلای سۆڤێتو سەرکردەیەتیی ئەو دەمەی سۆڤێت، ستالیندا چوو. ڕاستییەکەی هەڵکردنی ئاڵای کوردو دامەزراندنی کۆماری کوردستان بەرەسمی، ماوەیەکی کەم دوای ئەوە (لە 1946/1/22)دا؛ هومێدێکی گەورەی بەسۆڤێت پەیدا کرد لەلایەن هوردەبۆرژوای ڕۆشنبیری کوردەوە، کە ئەمەش لە ئەدەبیاتی کوردیدا ڕەنگی خۆی دایەوە. ئەورەحمانی شەرفەکەندی (هەژار) کە هێندێك هۆنراوەی لە "نیشتمان"دا بڵاوکراوەتەوە، لەورۆژانەدا گوتوویەتی:

"کوردە دەتەوێ ببی سەربەخۆ
هەستە دەی راکە تۆ بەرەو مۆسکۆ
قسەی درۆیە سانفرانسیسکۆ
بژی ستالین، خۆش بێ چەکوشو داس
لەژێر ئیستیبدادا کوردی کرد خەلاس"

هۆنەرێکی دی کەنێوی دلزاری کۆییە، لەو رۆژانەداو، بەبۆنەی هەڵکردنی ئاڵای کورد لەمەهاباد، گوتوویەتی:

"ستالین پێشەوایە
بۆ کورد وەك قەلا وایە
دەسا هەڵکەن ئالایە
ئاوی کەوسەرە، خاکی گەوهەرە
ئەمرۆ بەرلین گیرایە(119)"





هەر دلزار لەمەتحی ستالیندا گوتوویەتی:

"ئەرێ ئەی ستالین، ستالین، ستالینی بەرز
پێشڕەوو ڕێبەری گەلانی رووی ئەرز(120)"

بەرامبەر بەم هیوا گەورەیە بەسۆڤێت، خەڵکی کوردستانو بەتایبەتی ڕۆشنبیرەکانی، زۆر بەتایبەتیش لایەنگیرانی "ژێکاف"؛ رۆژ لەدوای رۆژ هیواو باوەڕیان بەبەریتانیاو بەرەی رۆژئاوا کزترو بێهێزتر دەبوو. هۆنەری ناسیۆنالیستی کوردو ئەندامی "کۆمەڵەی ژێکاف" بەهەشتی فایەق بێکەس (1905-1948/12/18) لەساڵی 1946داو لەئاهەنگێکدا کە موتەسەڕیفی سلێمانی مارف جیاووك، بەبۆنەی گەڕانەوەی میستەر ئەدمۆنس بۆ بەریتانیا گێڕابووی، هۆنراوەیەکی لەبەردەم سەتان کەسدا بۆ ئەدمۆنس خوێندەوە. ئەو هۆنراوەیە دەریدەخات کە رۆشنبیرانی کوردو لایەنگیرانی "ژێکاف"، بەتایبەتی پاش جەنگی دووەمی جیهانیی، چەند هومێد بڕاوبوون لەوێژدانو ئینسافی بەریتانیا. بێکەس دەبێژێ:

## بیستو حەوت ساڵە

-1-

"بیستو حەوت ساڵە من رەنجبەری تۆم
بەنانو ئاوو جلو بەرگی خۆم
خزمەتم کردی لەئێرانو رۆم
لەپێناوی تۆ شکاوە ئەستۆم
کەچی هێشتا هەر دیلو رەنجەڕۆم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بەناهەق وا سووکت کردم؟!

-2-

بیستو حەوت ساڵە من ئەڕەتێنی
بەفرۆفیشاڵ ئەم خەڵەتێنی
ڕۆژی نەوعێکم هەڵ ئەپەڕێنی
بۆ مەرامی خۆت ملم ئەشکێنی
کە ئیشت نەما وازم لێ دێنی
گوناهم چی بووبەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بەناهەق واسووکت کردم؟ !

-3-

بیستو حەوت ساڵە من تووشی تۆ بووم
لەڕێی ژیانا هیچ پێش نەکەوتووم
لات و پەژمودرەم. هەروەکو مردووم
قسەی خۆمان بێ، حەشرت پێکردووم
هیوام نەماوە، تازە لەدەست چووم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بەناهەق وا سووکت کردم؟!

-4-

بیستو حەوت ساڵە تاڵە ژیانم
لەژێر دەستی تۆ زۆر پەشیمانم
لەئینسان ناچم، عەینی حەیوانم





کەی رزگار ئەبم، ماڵی وێرانم؟
وا بەخۆت ئەڵێیت (حامی)ی گەلانم؟
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بەناهەق وا سووکت کردم؟!

-5-

بیستو حەوت ساڵە من بەتەماتم
چاوەڕێی نەختێ لوتفو خەڵاتم
ببووژێتەوە خاکی وڵاتم
هیچ گوێ نادەیتە دەردو ئاواتم
چۆنکە ئەیزانی بێدەسەڵاتم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بەناهەق وا سووکت کردم؟!

-6-

بیستو حەوت ساڵە زووخاو ئەنۆشم
لەزوڵمو جەورت هەر چاو ئەپۆشم
بۆ ڕەزامەندیی تۆ تێئەکۆشم
لەبەرتۆ زەربەم داوە لەخۆشم
وا تێگەیشتم کە چەند بێهۆشم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بەناهەق وا سووکت کردم؟!

-7-

بیستو حەوت ساڵە تەفرەی خۆم داوە
وازم لەهەموو کەسێك هێناوە
تۆم گرتووە و دنیام خستۆتە لاوە
بۆیە پێم ئەڵێن کەرو ڕێشگاوە
ئەوی تۆی ناسی ملی شکاوە
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بەناهەق وا سووکت کردم؟!

-8-

بیستو حەوت ساڵە دەم بەهاوارم
جارێناپرسی لەحاڵی زارم
سووتام، پرووکام زۆر بێ قەرارم
ئەزانی لەتۆ بۆچی بێزارم؟
شارەزای دەردمی، ناکەی تیمارم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بەناهەق وا سووکت کردم؟!

-9-

بیست و حەوت ساڵە بەبێ زیاد و کەم
ئەپاڕێمەوە، هەر هاوار ئەکەم
یاخوا کافریش نەبێ بەجەستەم





وێڵو سەرگەردان بێ تێنو جەستەم
هیچم پێ ناکرێ، دیلو دەس بەستەم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بەناهەق وا سووکت کردم؟!

-10-

بیستو حەوت ساڵە دڵم لێت پڕە
ئەحواڵم بەدەس تۆوە زۆر شڕە
سەد بەڵێن بدەی لەلای من تڕە
بەسیەتی ئیتر ئەم وڕە-وڕە
نۆکەریت ناکەم ورگم هەڵدڕە
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بەناهەق وا سووکت کردم؟!

-11-

من ڕەنجبەرێکم پاكو بەسەزمان
هەوڵم بۆ داوی بەدڵو بە گیان
بەسیەتی ئیتر درۆو تەفرەدان
وا ئەبێ عەدلو ئینسافو ویجدان
ئەمکەی بە دیلی عارەب و ئێران
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بەناهەق وا سووکت کردم؟!

سلێمانی -1946-

تەنانەت پاش رووخانی کۆماری کوردستانیش، کە گوناهەکەی، چەند لە ئەستۆی بەرەی رۆژئاوادایە، هێندەش لە ئەستۆی سۆڤێت و بەرەی رۆژهەڵاتە، پروپاگەندەی کۆمۆنیستەکان لە عێراقو ئێراندا بۆ یەکێتیی سۆڤێتو سەرکردەیەتیی ستالین، بەنێوی ئەوەوە کە گوایە ئەوەی بەرپرسیاری رووخانی کۆماری کوردستانە تەنێ ئەمریکاو بەریتانیاو فەرەنسایە، نەك یەکێتیی سۆڤێت، توانی کاری خۆی بکات، بەتایبەتی پاش ئەوەی هەڵوێستی دوژمنانەی بەرەی رۆژئاوا بەرامبەر بەمەسەلەی کورد بەئاشکرا پاش جەنگی دووەمی جیهانی دەرکەوت، لەئەنجامی ئەوەدا هەموو ئۆباڵی رمانی کۆماری کوردستان خرایە سەر بەرەی رۆژئاوا. **کاژیکنامە** لەم بارەیەوە دەبێژی:

"2- بەتایبەتی کە یەکێتیی سۆڤیات لەشەڕی جیهانیی دووەمدا بەرامبەر بەهێزی ئەڵمانیای هیتلەری خۆی راگرت وکاتێ کە ئێرانیشی داگیرکرد، فەرمانڕەواییەکی ناوخۆیی بۆ کوردەکانی ئەوێ دروستکرد. شیوعییەکان لەمە دەنگیان دلێر بوو و توانیان لە خەڵکەکە وابگەینن کە مادام لەکۆنەوە ئینگلیز هەر دەستیدەستی بەکورد ئەکاو هیچی بۆ نەکردووە، ئیتر بۆچی دەست لە ئینگلیز نەشۆرینو رووئەکەینە رووسەکانو بەتایبەتی ئەمە دوو رۆژە هاتوونەتە ئێرانەوە کەچی ئەوەتا "کۆمارێکی" دامەزراندووە، کەئەبێ بە بنکەیەك بۆ یەکگرتنەوەی هەموو کوردستان. خەڵکی سادەو بێدەستەڵاتیش دیارە پیاوی بەهێزیان خۆش ئەوێ- بەتایبەتی ئەگەر ئەو خاوەن هێزە پێی سەلماندن بەرامبەر زۆردار پشتگیرییان ئەکا. لەبەر ئەوەکوردی ساویلکەی لەگوێی گادا نووستوو زوو بەمە هەڵخەڵەتانو جۆشیان سەند و، کە کۆماری مەهابادیش، پاش خۆکێشانەوەی رووسەکان لە تشرینی دووەمی (1946)دا – روخێنرا، دیسانەوە پڕوپالانەی شیوعیەکانو فەریکە مارکسیەکان، سەری وا





لەخەڵك تێکدا کە ئۆباڵی رووخانەکەی هەر بەتەنها خرایە ئەستۆی ئیستیعماری خۆرئاواو، رووسیا وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو. لەسەر ئەوە کوردی سادەو نەفامو خۆشباوەڕ، روویان لە رووس وەرنەگێرا(122)".

ئەمجا چۆنکە کۆمۆنیستەکان باسی "تەواوێتیی خاکی"ی ئەو وڵاتانەیان دەکرد کە کوردستان بەزۆر نووسێنراوە پێیانەوەو، رێبازی سیاسەتی ئەودەمەی بەریتانیاش هەر بەرەو پاراستنی "تەواوێتیی خاکی"ی ئەو وڵاتانە روویدەکرد، سەبارەت بەمە، کۆمۆنیستەکانو لایەنگیرانی ئیمپریالیزمی بەریتانیا، بەرێکەوت، بەرامبەر بەمەسەلەی کورد لەبەرەیەکدا کۆبووبوونەوە و، بەهەردوولا دژی ئەو کوردانە دەوەستان کە بەم سنوورە دەستکردانە رازینەدەبوون. جارێکی دی **کاژیکنامە** لەبواری هەڵوەشانەوەی "کۆمەڵەی هیوا"دا دەست بۆ ئەمە رادەکێشێ:

"ئەو جاسووسانەی ئینگلیز کە کەوتبوونە هیواوە کارێکی وایانکرد کە رێبازو رێڕووی حیزب بێتەسەر ئەوەی باوەڕی بە یارمەتیی ئێنگلیز بێ وبێجگە لەوەش لە ئەندامە ساویلکەکانیشیان وا تێدەگەیاند کە گوایا هەر ئینگلیزە کورد رزگار ئەکا. لەبەر ئەوە حیزب ئەبێ سیاسەتێك بگرێ کە لایەنی ئینگلیز بەرنەدات. لەلایەکی کەشەوە ئەو خوێندکارە کوردانەی کە لە (هیوا) دابوون، لە بەغدا دەیانخوێندو پێوەندییان لەگەڵ کۆمۆنیستە عەرەبەکاندا پەیداکردبوو، بوونی ئەمانە لەناو حیزبدا، بوو بەهۆی دروستبوونی گرفتێکی گەورەو کوتەکی دایەدەست کۆمۆنیستەکان کە سیاسەتی ئینگلیزپەرستیی هەندێك لەو ئەندامە جاسووسانە بکەنە بیانوو و هێرش بەرنەسەر (هیوا)و پەلاماردانی هەموو جۆرە کوردایەتییەك. لەبەر ئەوە (هیوا) هەر لەیەکەمین تاقیکردنەوەدا کەوت و لێکهەڵوەشاو، بەمە کۆمۆنیستەکان رێیانبۆپاکبووەوەو کەوتنە گوناهبارکردنی هەموو کوردپەروەرێكو تەنانەت ئەوانەی لەگوڵێش پاکتر بوون. لەهەمان کاتدا، جاسووسەکانی ئینگلیزیش، شان بەشانی

شیوعییەکان، هەر ئەهاتنەوە بەسەروپۆتەلاکی کوردە راستەکانداو، زۆر شەیتانانە ناو وناوبانگی کوردایەتییان پیس ئەکرد. ئەوەی شایانی باسە، ئەمە لەوکاتەدا بوو کە لەشکری سۆڤیات ئێرانی داگیرکردبوو و تارادەیەك خوێندنو نووسینی بەکوردی ئازادکردبوو. لەبەر ئەوە شیوعییەکان زیاتر دەمیان گەرم بوو و قسەکانیان زۆرتر ئەچووە دڵی خەڵکی ساویلکەو نەفامەوە(123).

بەمجۆرە، پاش جەنگی دووەمی جیهانی بیری مارکسیزمو کۆمۆنیزم بە زوویەکی زوو لەکوردستاندا پەرەی سەندو هوردەبۆرژوای رۆشنبیری مارکسیستی کوردی کرد بە دووکەرتەوە، کەرتێکی "کوردستانی"و کەرتێکی "ناکوردستانی". کەرتی یەکەم پێی وابوو کە کورد دەبێ "رێکخراوی پێشڕەوانە"ی خۆی هەبێ. ئەمانە، بەزۆری، لایەنگیرانی "پارتی دێمۆکراتی کورد" بوون کە لە 1946/8/16دا دامەزرا -وەك گوتمان، کەرتی دووەمیش- کە بۆ یەکەمجار لە 1944و لەرێی رێکخراوی "یەکێتیی تێکۆشین"ەوە دەستیپێکرد- وەك گوتمان، دەیگوت کورد نابێ "رێکخراوی پێشڕەوانە"ی خۆی هەبێ، بەڵکو لەهەر وڵاتێکدا کە کورد تێیدا دەژی، لەنێو پارتی کۆمۆنیستی ئەو وڵاتەدا خۆی رێکبخا. کە ئەمەش پێویستیی بەباسێکی تایبەتی هەیە(124).

6- ژێکاف و داگیرکەرانی کوردستان

گۆڤاری "نیشتمان" بەشێوەیەکی زۆر هێمنانە سیاسەتی شۆڤێنیستانەی ترکیاو ئێران بەرامبەر کورد پێشان دەداتو لەنێو جەماوەری کورددا دەیزڕێنیو مەسەلەی کوردیش بە مەسەلەیەکی ناوچەیی دانانێ، بەڵکو بە مەسەلەیەکی ئینترناسیۆنالی دەداتە قەڵەمو داوای چاوخشاندنەوە دەکات بە پەیمانی ناتۆدا، بەجۆرێ کە چارەنووسی کوردیش مسۆگەر بکات. "نیشتمان" دەبێژێ:





"ئەمانە هەموو نەتیجەی خوار تێگەیشتن، یان لە خۆگۆڕینی کاربەدەستانی تاران-ئەنکارایە کە تێناگەن یا: خۆ باش نییە بزانن مەسەلەی کورد تا ساڵی 1919 بەمەسەلەیەکی (محلی) جێگایی دەزاندرا بەڵام لەم رۆژەوە کە ژەنەڕاڵ شەریف پاشا، لایحەی مەشهووری خۆی تەسلیمی کۆنفرانسی ئاشتیی کردو داوای میللی کوردی خستە ئێسکی بەندەکانی 62، 63، 64ی پەیمانی (سێڤەر) ئیتر مەسەلەی کورد بووەتە پرسیارێکی (بین المللی)و وازی لێناهێنرێ".

"گۆایا مەصلەحەت نییە چاوێك بەدەستوورەکەی ئەتلانتیك کەلە دوو دەرونی وەکو ئاوی ئۆکیانووسی ئاتالانتیك صافو روونی سەرەك رۆزفلتو میستەر چەرچیل را هاتۆتە سەر کاخەزو مارشال ستالین پێشەوای دلێری سووەتستانیش تەصدیقی کردووە، بخشێننو حاڵیی بن کە حەقی ژیان دراوە بەهەموو نەتەوەیەکی بچووکی گێتی، کوردی دە ملیۆنی وا لەتو کوت نامێنێتەوە و حەقی خۆی داوا ئەکات". (نیشتمان- 3، 4 ل32-33).

"نیشتمان" لەکاتێکدا کاربەدەستانی ترکیا و ئێران هۆشیار دەکاتەوە کە واتێ نەگەن کە کورد هەمووی بریتییە لە چەند سەرەك هۆزێك کە بە "دراو و درۆ" هەڵبخەڵەتێن و دەبێژێ:

"- بۆچی ئەبێ بزانن کە نەتەوەی کوردی لەچەند ئاغاو سەردار عەشیرەتێك نەهاتووەتە بەرهەم کە بە دراو و درۆ هەڵیانخەڵەتێننو بیانکەن بەگژ گەنجە نیشتمانپەروەرەکانا. ئەگەر ئەم کاربەدەستانە تێناگەن، ئەوا ئێمە بۆمان ئاشکرا کردن. خۆ ئەگەر وەکو ئێمە لێکمانداوەتەوە، تێدەگەن، بەڵام لە خۆیان دەگۆڕن، ئێمە قاقا پێیان پێدەکەنین، چۆنکو پیاوشێت نەبێ، شت لەخۆی ناگورێو خۆی فریو نادا" (نیشتمان- هەر ئەوی).

بەلاّم "نیشتمان" بەو توندوتیژییە پەلاماری عێراق نادات. لەبارەی عێراقەوە لە "نیشتمان"دا یەك وتار بەرچاو دەکەوێ، ئەووتارە لەژمارە (6)و لاپەڕە (23)دایە، ئەوەش بەو بۆنەیەوە نووسراوە کە کاربەدەستانی ترکیاو ئێران لەوتاری سەروەی "نیشتمان" تووڕە بوون و وادیارە هەولّی دۆزینەوەی شوێنی چاپخانەی "نیشتمان"یان داوە و، واش دیارە کە حکوومەتی عێراقو بەریتانیای پارێزگاری، ئامادەیی خۆیان پێشانداوە، کە لەگەلّ ترکیاو عێراق دژی "ژێکاف" هاوکاریبکەن، لەگەلّ ئەوەشدا، "نیشتمان" زۆر هێمنانە و،بۆ دلّنەیەشاندنی بەریتانیا- بەغدا هۆشیار دەکاتەوە کە وەکو ئێرانو ترکیا نەکاتو، ئەوە بخاتە بەرچاو کە کورد لەبیست سالّی دواییدا، زۆر خزمەتی عێراقیان کردووە "نیشتمان" دەنووسێ:

".... ئەوا ئەو جارەش حکوومەتی بەغدا وشیار دەکەینەوە کە وەکو ئێرانو ترکیا نەکا. بزانێ کورد لەم بیست سالّی دوواییدا چەندیان بۆ حکوومەتی عێراق کەلك بووە. چاکەییەکی ئێمە تائێستا کردوومانە، ئەم هەموو سەروەت لەبەرامبەر و سەرچاوەی ئابووری ولاّتەکەمان داوەتە دەستیان. نەوتی کەرکووك وەکو لەخاکی عەرەبەکان دابێ ئیستیفادەی لێدەکەن، خەراپەمان نەدەنەوە. داوای کوردەکان بەچاکی تەماشا بکەن و بۆیان پێك بێنن..."

شایانی باسە کە "ژێکاف" زۆر هەولّیداوە کە بکەوێتە وتووێژ لەگەلّ کاربەدەستانی ترکیاو ئێرانو عێراق. بۆیە لەهەموو بەیاننامەیەکیدا داوای لە کاربەدەستانی ئەم سێ دەولّەتە کردووە کە بە رادوێو رۆژنامە وەرامی بدەنەوە. بەلاّم ئەم سێ دەولّەتە هەمووکاتێك قوڕوقەپیان کردووە لەوەرامدانەوە. تەنانەت کە فەهیمولملك (فهیم الملك) چوو بۆ کوردستان، "ژێکاف" بیرخەرەوەیەکی دایەدەست، داوای چەند شتێکی کرد. فهیم الملك داخوازییەکانی دایە دەست کابینەی تاران. بەلاّم کابینەی تاران خۆی کەڕ کرد لێی(125).





7- ژێکافو جەنگی دووەمی جیهانی:

"ژێکاف"-وەك دەزانین- لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا دامەزراوەو، گۆڤاری "نیشتمان"یش هەر لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا دەرچووە، لەگەلّ ئەوەشدا زۆر کەم دەنگوباسی جەنگی تێدایە. بەلاّم هێندێك وتاری تێدایە کە هەلّوێستی "ژێکاف" بەرامبەر لایەنەکانی جەنگ دەردەخا. لەژمارە (1)دا باسێکی پەلاماری زستانی سالّی 1943ی ئەلّمانیا دەکات بۆ سەر روسیاو، باسی شکانی لەشکری هیتلەر دەکاتو پەسنی سەرکەوتنەکانی سوپای سۆر دەدا لەشەردا، بەتایبەتی، لەشەڕی ستالینگرادا."ژێکاف" بەهۆی "نیشتمان"ەوە داوا لەکورد دەکات کە سووت لەهەلّومەرجی جەنگ وەربگرن. گۆڤاری "نیشتمان" دەنووسێت:

"ئەگەر: ئەتانەوێ دوای جەنگ دیسان ناموستان نەخرێتە ژێر چەکمەی دوژمنی تێنو بەخوێنی کورد، لەباتی کوشتنو تالاّنکردن، خەریکی برایەتیو رێککەوتن بن، تا بتوانن هەر شتێکی ببێتە پێشکەوتنی کاری قەومی کورد هەلّیبگرن. بێشك ئەگەرلەم جەنگەدا کورد هەروەکو دوژمنانی بەهەموو نەوعێك بۆ پەستکردنی تێدەکۆشن، حەول نەداتو هەر دەستخەڕۆی دوژمنی بێ ئینصافو زالّم بێت، پاشەڕۆژێکی زۆر لە جاران رەشو تاریکتر بۆ خۆی ئامادە دەکات".

8- ژێکافو مافی ژنان

بەر لەوەی بێمە سەر هەلّوێستی "ژێکاف" بەرامبەر مەسەلەی ژنو لەبەر رۆناکاییی گۆڤاری "نیشتمان"دا بیخەمە بەرچاو، دەمەوێ بێژم کە ژنی کورد، بەتایبەتی

لەکۆمەڵگەی تراديسیۆنالی کورددا، کە کۆمەڵگەیەکی، بەجۆری بیرکردنەوە، نیوە نیشتەجێی و نیوە کۆچەرییە، هێندێك مافی خۆرسکی (طبیعي) وای هەیە کە ژنی گەلە دراوسێکانی کوردستان وەك تركو فارس و عەرەب؛ ئەو مافەیان نییە. ئەمەش سەبارەت بەوە نییە کە پیاوی کورد لەپیاوی ئەو گەلانەی دی بەرچاوتێرترو لێبڕاوترن، نەخێر، بەڵکو سەبارەت بە پێکهاتەی ئەو کولتوورە نیوە نیشتەجێیو نیوەکۆچەرییەی کوردەو، بەرەنجامی ئەو کارەساتو تاقیکردنەوە مێژووییانەیە کە بەسەر کورد هاتوون و، مایەی ئەو دەورەیە کە ژنی کورد لەکۆمەڵگەی کورددا دیونی، ئەگەرنا پیاو هەر پیاوە. چۆنکە پیاو لەهەموو جیهانداو هەر لەزاروٚیەتییەوە، وا پەروەردە دەکرێو پێدەگەیەندرێ کە دەورێکی "سەرکردانە"ی جیاوازی هەبێ لەهی ژنو ئەم باسەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی هەیە کە لە هەلێکی دیدا دێمەوەسەری. بەڵام ئەوەی لێرەدا شایانی باسە ئەوەیە کە رێزو قەدری ژن لە کۆمەڵگەی کورددا رابوردوویەکی مێژوویی هەیە. فۆلکلۆری کورد، بەڵگە بۆ ئەمە پێشان دەدا. بۆ وێنە: ژن لەئەفسانە کوردییەکاندا زۆر بەژیرەكو هۆشیار دەدرێتە قەڵەم کە رکەبەرایەتی لەگەڵ پیاودا دەکاتو بەسەریدا زاڵ دەبێ(126)؟ لە "پەندی پێشینان"ی کوردیدا زۆر پەندی وا هەیە وەك "شێر شێرە، چ ژنە چ مێرە" کە خۆی بۆ خۆی هاوار دەکات. بێجگە لەوەش لەکوردەواریدا رەوشتێکی زۆر کۆن هەیە کە تائێستاش هەرماوە. کوڕی ئازاو کیژی ئازا، یان کوڕی شۆخو کیژی جوان، نێوی دایکیان هەڵدەگرن، نەك نێوی باوکیان. بەرەئی من، دوور نییە ئەمەش پاشماوەی کۆمەڵگەیەکی کۆنی "ژن فەرمانی" بێ لە کوردستاندا، کە دیارە ئەم باسە لێکۆڵینەوەی زۆری گەرەکە. گرنگ ئەوەیە کە ئەم دۆخە تایبەتییەی کۆمەڵگەی کورد، کەجۆرە سەربەستییەکی رێژەیی (نسبي) بۆ ژنی کورد وەدەستهێناوە، هەر لەکۆنەوە سەرنجی ئەو گەشتکەرە ئەوروپاییانەی راکێشاوە کە رێیان کەوتووەتە کوردستان. شانۆکاری بەنێوبانگی





عەرەب؛ یای زەینەب، لەساڵی 1969دا گوتبووی "من لەژنی کورددا ژیرەکیو گیانی پێشکەوتنخوازیو خۆ رزگارکردنی راستەقینەم دی لەدەست کولۆیاری بەندایەتیی تراديسیۆن.... ژنی کورد نموونەیەکی زیندووە بۆ ئەوەی ژن لەوڵاتەکەمدا (عێراق) دەبوو ببوایە. چەند ئاواتەدەخوازم کە کیژی عەرەب، هیچ نەبێ، بگات بەبەشێکی ئەو سەربەستییەی کە کیژی کورد هەیەتی"(127).

لێرەدا پێویستە هەر بۆ راستیش قسەیەك بکەین کە لەنێو رۆشنبیرانی کورددا هێندێکی وا هەڵکەوتوون کە زۆرو کەم خزمەتی مافی سەربەرزیی ژنیان کردووە. بۆ نموونە: لەسەتەی رابووردوودا قاسم ئەمین (1860-1903) کە کوڕی میرێکی کورد بوو و لەکوردستانەوە هەڵاتبوو بۆ میسر، بوو بە پێشەنگی راپەڕینی ژنانو هێندە کاری لەم پێناوەدا کرد، تەنانەت میسرییەکانو عەرەبەکان، قاسم ئەمین بە "محرر المرأة" (رزگارکەری ژن) نێو دەبەن. لەنێو مەلاکانی کوردستاندا هی واهەبوون، داوای وەکیەکی ژنو پیاویان کردووە وەك مەلا محەمەدی کۆیی (1873-1943/10/12)- کە لەگۆڤاری "نیشتمان"دا بەبۆنەی کۆچی دواییەوە، پرسەنامەیەك نووسراوە- ئەم مەلایە تەنانەت لەسییەکانداو لەکوردستانی ئەو دەمەدا، کچی خۆی ناردووەتە قوتابخانەی کوڕان بۆ خوێندن. کە ئەم هەنگاوە بۆ ئەو رۆژە زۆر پێشکەوتنخوازانە بووە.

لەنێو هۆنەرو نووسەرە کوردەکاندا هی واهەڵکەوتوون کە لەرێی هۆنراوەو وتارەوە لەسەر مافی ژنان هاتوونەتە قسەو زاتیان ناوەتە بەر ژن بۆ داواکردنی مافی خۆیان. با هەردوور نەڕۆین بێکەسی نێوبراو بهێنینەوە بەنموونە کە دەبێژێ(128):

"نێرو مێ هەردوو بەجووتە بۆ وەتەن هەوڵێ نەدەن
دوورە دەرچوونی لەزیللەت، مەل بەباڵێ نافڕێ
هەوڵی هەردوولا بەپاکی، کاری میللەت ساز ئەکا

چۆنکە چەپڵە هەر بەیەك دەست، دیارە قەت لێنادرێ"

شایانی باسە کە لەنێو ژنانی کورددا گەلێك ژنی نێودار پەیدابوون وەك خانزاد؛ میرژنی سۆران‌و قەدەمخێر (سەرکردەی شۆرشێك کە بەنێوی شۆرشی قەدەمخێرەوە باسدەکرێ)و خانمی وەسمان پاشا؛ سەرکردەی هۆزی جاف، حەپسەخانی نەقیب، کە مێژووی کورد بە شانازییەوە نێویان دەبات. هەر لەنێو ژنانی کورددا، هۆنەرو نووسەری زۆر گەورە هەڵکەوتوون(129).

هێندەی مەسەلەکە پێوەندیی بەگۆڤاری "نیشتمان"ەوە هەیە، ئەوا "نیشتمان" لەلاپەرە (24)ی ژمارە (3، 4)دا ئاخافتنێکی خوشك‌و برایەك بلاودەکاتەوەکە هەردووکیان هانی یەکدی دەدەن بۆ رزگاری‌و خۆڕاپسکاندن لەزنجیری کۆیلەیەتی. ئەم هەڵبەستە کە هەڵبەستی "هێمن"ە، بەزمان کورەکەوە داوا لەکیژەکە دەکات کە وەك "ژان دارك" مەردانە دوژمن لە "خاکی کوردان وەدەرنێ".

تەواوی هەڵبەستەکە بەم جۆرەی خوارەوەیە.

"ئاخافتنی خوشك‌و برایان

ل.ب.ل/ا م.ش. هێمن

خوشك (دید):

کاکە گیان: لاوی کوردی شۆخ‌و شەنگ
تا کەنگێ دەبی بێ هەست‌و بێ دەنگ
دیلی وژێر دەستی، ئەسیری تاکەی
رووت‌و بێ مالی و فەقیری تاکەی





لەژێر زنجیرو کۆتا دەنالی
مەگەر دێوانەو شێت و عەودالیی
تێفکرە خەڵکی هەموو ئازادە
هەر تۆ غەمناکیی، هەموو کەس شادە
وەرە مەیدانێ لەرێی نیشتمان
لەلات هیچ نەبێ، مال‌و سەروگیان
تێکۆشە بۆ خۆت تاکو سەربەست بیی
عەیبە لەبۆ تۆ دیل‌و ژێردەست بیی

برا (کاك):

دیدە گیان: کچە کوردی ژیکەڵە
داوێنی پاکت دووربێ لەپەڵە
(لەنێن) کە هەڵستا ظلمی (چار) شێوا
تۆ هێشتا حەپسیی لەژێر چارشێوا
کچی هەموو کەس ئیمرۆ سەربەستە
هەر حەقی کچی کوردە پێبەستە
بپسێنە لەپێ، تۆ زنجیرو کۆت
(دیدە) گیان بدە یاریی (برا)ی خۆت
لەرێی نیشتمان بەهیوای خودا
خەریکی کاربین، با خۆشك‌و برا
لەکوێن (ژان دارك) هەستە وەك مەردان
دوژمن وەدەرنێ لەخاکی کوردان"،

"نیشتمان" هەر لەهەمان ژمارەدا مێژووی ژیانی حەیران خانمی دونبەلی کە بوێژێکی کورد بووەو بەفارسی هۆنراوەی هۆنیوەتەوە پێشکێشی خوێنەرەوەکانی دەکات.

## 9- ژێکاف و کولتووری کورد

گۆڤاری "نیشتمان" زۆر هەوڵیداوە بۆ پێشخستنی زمانی کوردی و، ئەو کوردییەی پێینووسیوە، چ لەبارەی دارشتن و چ لەبارەی وشەوانییەوە، کوردییەکی زۆر جوانو رەوان و، بۆ چل ساڵ لەمەوبەر 1983 نایاب بووە. لەنووسیندا زۆر سووتی وەرگرتووە لەو کوردییە پەتییەی کە کوردەکانی عێراق پێیانووسیوە. بەتایبەتی، چۆنکە "کۆمەڵەی ژێکاف" پێوەندیی زۆرباشی بووە لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا، زمانی نووسینی "نیشتمان" بەتەواوی کەوتووەتە ژێر تاوی ئەو کوردییەوە کە لەعێراقدا سەریهەڵدا. بێجگە لەوەش، "نیشتمان" خۆی بەشداریکردووە لە رێکوپێککخستن و بژارکردنی زمانی کوردیدا. لەژمارە (3، 4)یدا وتارێکی بڵاوکردووەتەوە لەژێر سەرنێوی "کوردی دەبێ چۆن بنووسرێ"، گەلێك پێشنیازو بیرورای لەم بارەیەوە پیشانداوە.

"نیشتمان" هۆنراوەی زۆر بەگرنگ گرتووەو، لەبەر ئەوە، لەهەموو ژمارەیەکی "نیشتمان"دا چەند هۆنراوەیەك بڵاوکراونەتەوەو لەگەڵ ئەوەشدا "ژێکاف" چەند پەرتۆکێکی بڵاوکردووەتەوە کە هێندێکیان دیوانی هۆنەرەکان بوون. لە "نیشتمان"دا جۆرە ئەدەبێك بەرچاو دەکەوێت کە ئەدەبی "دەمەتەقێ"یە. لێرەدا دووکەس لەگەڵ یەك وتووێژ دەکەن و، مەسەلەیەکی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی لەگەڵ یەك باس دەکەنو لەئەنجامی کاردا لایەك بەلایەکدا دەخەن. ئەوەی سەرنج رادەکێشێ؛ لەهەموو گۆڤارەکەدا چیرۆکێکی هۆنەریی تێدا نییە، ئەگەرچی چیرۆکی هونەریی کوردی لە بیستەکانەوە دەستیپێکردووەو لەچلەکاندا لەگۆڤاری "گەلاوێژ"دا کە لەبەغداد





دەردەچوو زۆر بایەخی پێدراوە. بەڵام "نیشتمان" لەم رووەوە چاوی لەگەلاوێژ نەکردووە.

## 10- کۆتایی باسو ئەنجام

بەم لێکۆڵینەوەیەی سەرەوەدا، کە لەبەر رۆناکیی دەقی بابەتەکانی گۆڤاری "نیشتمان" کراوە، بۆمان دەردەکەوێ کە "ژێکاف" حیزبێکی ناسیۆنالیستانەی دەستکردی هوردەبۆرژوای رۆشنبیری کورد بووە، بەڵام لەسەر رێوشوێنی قوتابخانەی ناسیۆنالیزمی کلاسیکیی کورد چووەبەرێوە. واتە -بێجگە لەمێتۆدی خەباتی چەکدارانە کە لەمەدا ژێکاف پێرەویی سەرکردەیەتیی کلاسیکی نەکردووە(130)، ئێدی مۆرکی هەموو تایبەتکارەکانی دیی رێبازی ناسیۆنالیزمی کلاسیکی کوردیی پێوەبووە- وەك: نەبوونی ئیدیۆلۆژییەك کە ببێتە مۆتۆری بزووتنەوەکە، لیبرالیزمێکی تەواوو بەربەرەڵلاّ لە هەڵبژاردنی هاوپەیماناو پشتبەستنی بێسنوور پێیان، بنیاتنانی رەوایەتی بۆ خۆ؛ بەکۆبوونەوە لەدەوری پێشەوایەکی کلاسیکی بەدەستەڵاتی خاوەن جەماوەر، بایەخدان بەئایینی ئیسلام وەك کولتوورێك، نەك وەك ئیدیۆلۆژییەكو رژێمێکی فەرمانرەوایی، هەڵبژاردنی رێگەی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی چین و دەستەو توێژە کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەکانی کوردەواری و خۆدوورخستنەوە لەهەموو بەیەکدادانێکی چینایەتی.

هەرچەندە هەموو ژیانی "ژێکاف" لەسێ ساڵو دوو مانگ تێپەرینەکردووە، بەڵام بەهۆی ئەو هەلومەرجە لەبارەوە کە لەکوردستانی ئەو رۆژەدا فەرمانرەوا بووە، وەك بارودۆخی جەنگی دووەمی جیهانی و داگیرکرانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن سوپای سۆڤێتو بەریتانیاوە، "ژێکاف" توانیوێتی دەورێکی زۆر دیار لە مێژووی خەباتی کوردایەتیدا بۆ ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان بگێرێ، یەکێك لەوانەو

لەپێش هەموانەوە دامەزراندنی "کۆماری کوردستان"ە کەنێزیکەی سالێك بەرگەیگرتووە.

هەروەها، توێژینەوەی بەروو، بەجوانی دەریدەخات کە ستراتیژو مێتۆدی هوردەبۆرژوای رۆشنبیری سەر بە "ژێکاف" لەرۆژهەلاتی کوردستاندا هیچ جیاوازییەکی نەبووە لەگەڵ ستراتیژو مێتۆدی هوردەبۆرژوای رۆشنبیری سەربە "هیوا" لەخوارووی کوردستاندا، لەگەڵ سەرجەمی هوردەبۆرژوای کورد بەتێکڕایی، کە ئەوەش "کوردستانێکی سەربەخۆ" بووە، بەیارمەتیو هاوکاریی دەوڵەتە گەورە خاوەن "شارستانێتییەکان"ی جیهان، لەوەشدا بەرەی سەرمایەداری رۆژئاواو بەرەی سۆڤیێتی رۆژهەلات، هەروەکو یەك و بەیەك چاوتەماشاکراونو هەولی هاوپەیمانێتیو هاوڕێیەتی لەگەڵ هەردووکیاندا دراوە.

هەر لەدووتوێی ئەم باسەشدا دەرکەوت، کە سەرەڕای مولبەستنی "سوپای سۆر" لەکوردستاندا لە 1941ەوە تا 1946، بزووتنەوەی کۆمۆنیزم هەتا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیی، واتە هەتا دروستبوونی رێکخراوی "یەکێتی تێکۆشین" لەکۆتایی 1944دا -ئەوەش وەك دەستەیەکی یەکجار بێهێز- نەیتوانیوە لەکوردستاندا گەرابخا. ئەوەش لەبنەڕەتەوە؛ بەهۆی بەهێزیی هەستی ناسیۆنالیستانەی کوردەوە بووە. رووکردنە مارکسیزمو کۆمۆنیزمو دلدان بەیەکێتیی سۆڤیێت لەلایەن هوردەبۆرژوای رۆشنبیری کوردەوە، بەشێوەیەکی فراوان، دەستبەجێ پاش تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهانیی و، و هەتا ئەمڕۆش 1983 هۆی ئەوەبوو کە بەلەسێدارەدانی قازی محەمەدو دەربەدەرکردنی مستەفا بارزانی و دوورخستنەوەی لەکوردستان، بۆشاییەك لەمەسەلەی "رەوایەتی"ی سەرکردەیەتیی بزووتنەوەی کوردایەتیدا پەیدابوو. جا لەبەرئەوەی هوردەبۆرژوای رۆشنبیری کورد تا ئەو دەمە رەوایەتی بزووتنەوەکەی خۆی، لەچوونەژێر ئالای سەرکردە کلاسیکییەکاندا





دەدییەوە، ئەو سەرکردە کلاسیکییانەش رەوایەتیی رێبەرێتیی خۆیان لەدەسەلاتی بنەمالەیی‌و ئاینییەوە وەردەگرت کە لەلایەن کۆمەلگەی کوردەوارییەوە دانی پێدانرابوو، دیارە تا ئەودەمە، هوردەبۆرژوای رۆشنبیری کورد گیروگرفتی رەوایەتیی نەهاتبووەبەرهەم، بەلام بە نەمانی ئەم سەرکردانە، مەسەلەی "رەوایەتی" هاتەپێشەوە. جا هەرچەندە هوردەبۆژوای کورد، تەنانەت لەکاتی دەربەدەریی بارزانیدا، هەر بەنێوی ئەوەوە کە گوایە بارزانی "سەرۆکە"؛ رەوایەتیی بۆ چالاکی و بوونی خۆی پەیدادەکرد، بەلام ئەو جەماوەرە رەشورووتەی کە دوای بارزانی و قازی محەمەد دەکەوتن ؛ ئامادەنەبوون دوای هوردەبۆرژوای رۆشنبیر بکەون، لەبەر ئەوە، هوردەبۆرژوا ناچار بوو "رەوایەتییەك" بۆ خۆ پەیدا بکاتو ئەم "رەوایەتی"یەی خۆشی لەبیری مارکسیێتیدا دەدۆزییەوە، کە بەپێی ئەوە دەیتوانی لافی "نوێنەرێتی"و "پێشڕەوێتی"ی چینی "کرێکارو جۆتکار" لێبدات. جا لەبەرئەوەی "چینی کرێکار" بەتایبەتی "پرۆلیتاریای پێشەساز" ئەودەمە لەکوردستاندا نەبوو، هەروەها جۆتکارەکەش هەموو لە گوندەکاندا دەژیان کە هۆردەبۆرژوای نیشتەجێی شارەکان، بەدەگمەن رێی تێدەکەوت، لەبەر ئەوە هیچ کەس‌و تاقمێك لەوانەی کە هۆردەبۆرژوای مارکسیستی رۆشنبیر لافی "نوێنەرایێتی"ی لێدەدان، لەئارادا نەبوون تا حسێبێك بکەن لەگەڵی. ئەوەی زۆرتر پالی بەهوردەبۆرژوای رۆشنبیری کوردەوە نا کە بۆشایی "رەوایەتی"ی خۆی بەبیری مارکسیزمو کۆمۆنیزمو رووکردنە یەکێتیی سۆڤیێت پڕبکاتەوە، ئەو تاکتیکە فرتوفێلاویو دەستبڕانەیەی بەرەی رۆژئاوا بوو کە هەر لەجەنگی یەکەمەوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیی بەرامبەر کورد بەکاریدەهێنا. ئەو دەورەی کە بەرەی رۆژئاوا لەدابەشکردنی کوردستانو پاراستنی سنووری دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و سەرکوتکردنو بێدەنگکردنو خەڵەتاندنو کەنەفتکردنی کورددا گێڕای، بوو بەهۆی ناهومێدکردنی تەواوی

رۆشنبیرانی کورد بەبەرەی رۆژئاوا، ئەمەش دەرفەتێك بوو کە پروپاگەندەی وەستایانەی کۆمۆنیستەکان لە خستنەڕووی خیانەتکاریو ملهوڕیی بەرەی رۆژئاواوا مەحوسەنای بەرەی رۆژهەلاتدا قوزتبوویەوەو لەهەمان کاتدا ژێهاتنی کۆمۆنیستەکان پێشان دەدا لەشاردنەوەی بنچینەی راستەقینەی رووخاندنی کۆماری کوردستانو پاکانەکردن بۆ هەلۆیستی سۆڤێت کە گوایە ئەگەر سۆڤێت لەسەر کوردی بکردایەوە، دەبوو بە "جەنگی سێیەمی جیهانیی"(131).

هەر لەئەنجامی ئەم لێکۆلینەوەیەوە دەرکەوت کە تاقە رێبازێك تائێستە پێی کرابێ وەرامێکی ژیرێیژانەی بابەتانەی گیروگرفتەکانی کۆمەلگەی کورد بداتەوە، بێ ئەوەی پەنابباتە بەر چاولێکەریو قۆپیی سیستەمی کۆمەلگەیەکی بێگانە، تەنێ ئەو بیرەیە کە بەبیری "قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم" بەنێوبانگەو ئەمەش "رەوایەتی"ی خۆی لە "یەکێتی بیرو وتەو کردەوە"دا دەبینێ. "بیرکردنەوە" وەك تایبەتکارێکی مرۆڤ، بەمەسەلەی "ئازادیو یەکسانی، وەك تەواوکەری یەك" دەبەستێو، هەر لەمەشەوە، رێبازێك پێشنیاز دەکا، کە بەرێبازی "نەتەوەیی" بەنێوبانگەو بۆ دەستکەوتنی "مافی بڕیاری چارەنووس لەئازادییداو بۆ ئازادی" تێدەکۆشێ.





## پەراوێزەکان:

1- تائێستە لەگەلێك لاوە، بەتایبەتی لەم سالانەی دواییدا، دەبیسترێ کە گوایە "کۆماری کوردستان" هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی بووە. راستییەکەی ئەوەیە کە کۆماری کوردستان، لەلایەن کورد خۆیەوە، وەك هەرێمێکی ئۆتۆنۆمیدار تێی نەڕوانراوە، بەلکو دەولەتێکی تەواو بووە لە رۆژهەلاتی کوردستاندا، وەك چۆن شانشینێتی شێخ مەحموود دەولەتێك بووە لەخوارووی کوردستاندا. هەرچەندە نێوی دەولەتە کوردییەکەی بەشی رۆژهەلاتی کوردستان لەنێو خەلکدا بە "کۆماری مەهاباد" رۆیوە، بەلام نێوە رەسمییە راستەقینەکەی "دەولەتی جمهووری کوردستان" بووە. ئەوانەی بەمە باوەڕ ناکەن با سەیرێکی ئەم درۆشمەی خوارەوە بکەن کە لەمەهاباد بەسەر درەکەی وەزارەتی فەرهەنگدا هەلواسرابوو. جا وەك لەم لێکۆلینەوەی گۆڤاری "نیشتمان"دا دەرخستووە، لەسەردەمی شەهید قازی محەممەددا، بیری ئۆتۆنۆمی هێشتا نەکەوتبووە نێو هوردەبۆرژوای رۆشنبیری کورد، بەلکو هوردەبۆرژوای کوردی ئەو دەمە، بەپێڕەوکردنی سەرکردەیەتیی کلاسیك، "درۆشمی سەربەخۆیی کوردستان"ی بەرزکردبووەوە. قازی محەممەد خۆشی بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەولێدەدا. پاش داگیرکردنی مەهاباد لەلایەن سوپای فارسەوە، کاربەدەستانی شا لەژووری کاری قازی محەممەددا ئەم نەخشەیەی خوارەوەیان دەرهێنا، کە قازی بەژوورسەری خۆیدا هەلواسیبوو، ئەوەش بریتییە لە نەخشەی هەموو کوردستان، نەك مەهاباد بەتەنێ.

2- ئامانجی ئەم نامیلکەیە توێژینەوە و شیکردنەوەی تێگە (مفهوم)و سنوورەکانی "ناسیۆنالیزم" لەباری سەرنجی تیۆرانەوە نییە. بەلام لێرەدا دەمەوێ دەست بۆ ئەوەە رابکێشم کە ئەو باسانەی لێکۆلەرەوە ئەوروپاییو رۆژئاواییەکان لەبارەی ناسیۆنالیزمەوە نووسیویانە، بەزۆری، یەکلاییو بەستراوە بە بارودۆخی کۆمەلگەی

ڕۆژئاواوە. باسی "ناسیۆنالیزم" وەك دیاردەیەکی جیهانیی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، لەبەرهەمی ئەوروپاییەکاندا وەرامێکی خەستوخۆڵو دڵسرەوێنی ئەو بیروکردەوە ناسیۆنالیستانەیەی گەلە ڕۆژهەڵاتییەکان ناداتەوە کە بەڵگەی مێژووییان لەسەرە. چۆنکە ئەم لێکۆڵینەوانە، کەمو زۆر، پشتییان بەمێژوو و بەسەرهاتی گەلە ئەوروپاییەکانەوە بەستووە، بەتایبەتی بەشۆرشی بۆرژوازییانەی ئەوروپاوە. مرۆڤی تاووتۆکەر، زوو هەست بەوە دەکات کە تێگە (مفهوم)ی "نەتەوە"، وەك کۆمپلێسێکی کولتووری- ئیتنی، لەگەڵ پرۆسەی دەوڵەت دروستکردندا دەکرێن بەیەك. مەسەلەی نەتەوە وا بەسووكو ئاسانی دەدرێتە قەڵەم کە لەبنچینەوە هەر گەلێك کە دەزگەی دەوڵەتی خۆی هەبوو، بەنەتەوە دادەنرێ. بۆ وێنە لەزەمانی ئەڵەمانیدا"نەتەوە "هاومانی"گەلی دەوڵەتدار"ە(*). تەنانەت ئەو گەلانەی کە توانیویانە لەڕێی شۆرشەوە دژی کۆلۆنیالیستەکانی ئەوروپا، خۆیان ڕزگار بکەنو دەوڵەتی سەربەخۆ پێکەوە بنێن، بە "نەتەوە" دانراون (**) و شۆرشەکانیشیان بەشۆرشی "ناسیۆنالیستانە". هەر بەم پێیەش، بزووتنەوە بەنێوبانگە ناسیۆنالیستە کۆنەکانی گەلانی ڕۆژهەڵاتو گەلانی دیی جیهان کە هەوڵی دامەزراندنی فەرمانڕەوایی "تێریتۆریال" یان داوە بۆ ئیتنییەکی تایبەتی، یان بۆ کۆمەڵێکی خاوەن زمانێکی تایبەتی، بەلام بۆ دامەزراندنی "دەوڵەتی ناسیۆنال" تێنەکۆشاون، بەبزووتنەوەی "ناتیڤیزم" دراوەتە قەڵەم، نەك بەبزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستانەو، بەم پێیەش لەبایەخییان کەمکراوەتەوە. گەلێك بزووتنەوەی وا کە مافی فەرماندارێتیی زمانێکی تایبەتی، یان کولتوورێکی تایبەتی، یان ڕەگەزێکی تایبەتی، بەبەڵگەی میتافیزیکیو دۆگماتیکی ڕەواکردووە، تەنێ بەبزووتنەوەی ئاینی دراونەتە قەڵەم، نەك بەناسیۆنال، یان ناسیۆنالی- ئایینی.





ئەوی مێژوو و کولتووری گەلانی ڕۆژهەڵات بپشکنێ، بۆی دەردەکەوێ کە "ناسیۆنالیزم"نە وەك بیرێكو، نە وەك هەوڵدان بۆ هێنانەدی "دەوڵەتی ناسیۆنال"؛ دیاردەیەکی ڕۆژئاواییە. هەروەها بۆی ڕۆندەبێتەوە کە ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی سەربەچینی بۆرژواش نییە. بۆ وێنە: ئەگەر مرۆڤ ئەم هەڵبەستەی خوارەوە بخوێنێتەوە:

"چو ایران نباشد، تن من مباد  کە ئێران نەبێ، با لەشی منیش نەبێ
بدین بوم و بر زندەیك تن مباد  با لەسەر ئەم زەوییە، یەك کەس نەمێنێ
هنر نزد ایرانیان است و بس  هونەر هەر لەلای ئێرانییەکان هەیە و بەس
نگیرند شیر ژیان را بەکس  شێری بەڕەڵڵا بەکەس ناگیرێن
همەیك دلانند ویزدان شناس  (ئێرانییەکان) هەموو یەکدڵ و خودێناسن
بەگیتی ندارند از کس هراس  لەجیهاندا ترسیان لەکەس نییە
مرا ارج ایران بباید شناخت  ئەز دەبێ نرخی ئێران بناسم
بزرگ انکە با نامدارن بساخت  گەورە ئەو کەسەیە کە خۆی لەگەڵ نێودارانیدا ڕاست بکاتەوە
در این دشت کینە ار از ، یکی است  ئەگەر لەم دەشتە پڕ کینەیەشدا ئێمە یەك کەس بین
همە خیل توران بجنگ اندکی است  ئەوا هەموو خێڵی تۆران لە جەنگدا کەمەکێکە
چە اندیشی از آن سپاە بزرگ  ترسی پێناوێ لەو سوپا گەورەیە
کە توران چومیش است و ایران چوگرگ کە تۆران وەك مەڕ وابێ و ئێران وەك گورگ"

یان کە ئەم هۆنراوەیەی خوارەوە دەخوێنێتەوە:

"گەر دێ هەبووا مە پادشاهەك  لایق بدیا خودێ کولاهەك
گەر دێ هەبووامە ئیتیفاقەك  ڤێکرا بکرامە ئینقیادەك

ڕۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی   هەمیان ژ مرادکر غولامی"

پێی وایە هۆنراوەی سەرەوە، هی شاعیرێکی دەرباری شای لێکەوتووی ئێران محەمەد ڕەزای پەهلەوی و، هی دووەمیشیان، هی پێشمەرگەیەکی بادینانییە، لەکاتێکدا هی یەکەمیان هۆنراوەی فیردەوسییە کە هەزار ساڵێك لەمەوبەر ژیاوەو هی دوەمیشیان هۆنراوەی ئەحمەدی خانییە کە لەنیوەی سەتەی حەڤدەیەمدا ژیاوە.

(*) Makensen von Hollander: universal Wörter & Fremdwörterbuch XENOS- Verlagsgesellschaft, Hamburg 1983, s.747.

(**) Lexikon zur Soziologie, herausgegeben von u.a.w. Fucks 2. Anflage, Westdeutscher Verlag 1978. s .520

3- خەواریجەکان ئەو تاقمە موسڵمانە بوون کە پاش مردنی پەیامبەری ئیسلام لە 632دا، نەوەك شیعەکان، عەلی یان بە ئیمامی خۆیان دانا، نەوەك سوننییەکان، دانیان بەخەلافەتی مەعاویە دانا، بەڵکو خۆیان لەهەردوولا جیاکردەوە، لەبەر ئەوە نێونران "خوارج" واتە "لەریزدەرچووەکان".

4- "شعوبی" زاراوەیەك بوو لەکۆتاییی فەرمانڕەواییی ئەمەوییەکانو سەردەمی فەرمانڕەواییی عەبباسییەکاندا پەیدا بوو. "شعوبی" نێوێك بوو نرابوو لەو ناعارەبانەی کە بەفەرمانڕەواییی عارەب ڕازینەدەبوون، بەتایبەتی لەفارسەکان. شعوبییە فارسەکان لەپێشەوە داوای وەکیەکییان دەکرد لەگەڵ عارەبدا، بەڵام کە بەهێزبوون، لافی ئەوەیان لێدەدا کە فارس لەعارەب بەرزترو لەپێشترن، چ لەڕووی زمان زانینو ئەدەبیاتەوەو، چ لەرووی مەیدانی شەڕدا، عارەبەکان ناتوانن بیانگەنێ.





5- الواقدی لە 130 تا 208ی کۆچی (747/748 -823/824) ژیاوەو یەکێکە لەنووسەرانی ئەو پەرتۆکانەی کە بە "المغازی" نێویان دەرچووە. پەرتۆکەکەی "فتوح سواد العراق" بەشێك لەفتوحاتی موسڵمانان لەکوردستان دەگێڕێتەوە.

6- البلاذري، نێوی ڕاستەقینەی البلاذري؛ احمد بن یحی البغدادییەو لەسەتەی سێیەمی کۆچیدا ژیاوە، واتە لەنێوان 900و 1000ی فەرەنگیدا. پەرتۆکەکەی کە نێوی "فتوح البلدان"ە، چەند جارێك چاپکراوە، جارێکیان لەقاهیرە لە 1932.

7- ابن مسکویە، نێوی ڕاستەقینەی ابن مسکویە، ابو علی احمد ابن محمد ە. لەسەتەی دەیەمدا ژیاوە، بەرهەمەکەی "تجارب الامم" لەساڵی 1915دا لەقاهیرە لەلایەن زکی فرج الله الکردییەوە، کە کوردێکی سەر بەئاییینی بەهایی بوو، چاپکراوە. هەر لەو سەرچاوەانەی کە بۆ ئەم باسە زۆر بەسووتن: "اخبار الرسل والملوك"ە. کە بە "مێژووی تەبەری" ناسراوە. نووسەرەکەی محمد ابن جریر الطبري یە کە لە 310ی کۆچی (922/923)دا مردووە، هەروەها پەرتۆکی "الکامل فی التاریخ" نووسینی ابن الاثیر الجزری کە لە 630ی کۆچیدا کۆچیدوایی کردووە. پەرتۆکەکەی تەبەری، جارێکیان لەلایدن لە 1885 و پەرتۆکەکەی ابن الاثیر، جارێکیان لەبێروت لە 1967دا چاپکراوە.

8- الدمیري، الشیخ کمال الدین: "من حیاة الحیوان الکبری، باب الهمزة (الاسد)" الجزء الاول، مصر 1330ك، ص12. هەروەها ابن الاثیر الجزري. "الکامل في التاریخ"، المجلد الرابع، بیروت 1967، ص355و ئەمیش لە (ابن کثیر)ەوە وەریگرتووە.

9و 10- تەماشای جمال نبز: حول المشکلة الکردیة.من منشورات الاتحاد القومي للطلبة الاکراد في اوروبا، 1969/2580م، ص7بکە.

11- ئەم میر جافەری داسەنییە، بەپێی هێندێك چیرۆك ئێزدی بووە. شەهید ئەنوەر مایی (1913- 1963) لەساڵی 1960 لە بەغداد پێمی گوت کە لەسەر میر جافەر گەلێك زانیاری کۆکردووەتەوە کە وادیارە فریانەکەوتووە بەچاپیان بگەیەنێ. هەروەها شۆرشی پاپەکی خورەمی کە لە 817/816ەوە تا 837 درێژەیکێشاوە، یەکێك بووە لەشۆرشە هەرە مەزنەکانی کورد دژی فەرمانڕەوایی عەبباسی.

12- ابن الاثير الجزري: الكامل في التاريخ، المجلد السادس، الطبعة الثانية 1967/1387، دار الكتاب العربي، بيروت ص73.

13- هەر بۆ وێنە تەماشای: المسعودی: "مروج الذهب ومعادن الجوهر" بکە کە لەساڵی 1966دا لەبێرووت چاپکراوە، بەرگی دووەم، ل249. مەسعودی لە345/ یان 365ی کۆچیدا مردووە.

14- ئاینی ئێزیدی و ئاینی ئەهلی هەق (یارسان) و شەبەك، لەلایەن لێکۆڵەرەوەکانی ڕۆژاواوە بە "ئیسلامی ساختە" دەردێنە قەڵەم. لەکاتێکدا ئەوی لەم ئاینانە بە قووڵی بخوێنێتەوە، بۆی دەردەکەوێ کە ئەم نێوە بە سەر ئەم ئاینانە دا ناچەسپێ. هەرچی ئێزیدییەکانن؛ ئەوا، نە بەهۆی تێکستە پیرۆزەکانیانەوە و، نەبەدەمی؛ خۆیان بەموسڵمان نازانن. کاکەییەکانیش وەك شەبەکەکان، ئاینەکەیان سینکرێتیستییە. لەبارەی ئەم ئاینانەوە کە لەکوردستاندا پەیدابوون؛ وتاری دووردرێژم نووسیوە بەزمانی ئەلەمانی بۆ ئەو لێکسیکۆنەی کە بەنێوی لێکسیۆنی میتۆلۆژیای کوردەوە بەرهەمهێناوە، بەڵام هێشتا چاپنەکراوە. بۆ زانیاری پتر لەبارەی ئێزدییەکانەوە تەماشای وتاری نووسەر بکەن بەزمانی ئەڵمانی لە لێکسیۆنی جیهانی ئیسلامدا.

Jemal Nebez: Jeziden, in: Lexikon der Islamischen Welt, Kohlhammer Verlag, Stuttgart 1974, s.67-68.





15- ئەم ڕەئییە ڕەئی هەنەلۆرە کویشلەرە کە بۆ یەکەمجار بەپێی زانستی سۆسیۆلۆژی لەمەسەلەی "ڕای گشتی و لەخۆتێگەیشتنی کورد" زۆر بەقووڵی کۆڵیوەتەوە. تەماشای:

Hannelore Küchler: öffentliche Meinung. Eine theoretisch-methodologische Betrachtung und eine exemplarische Untersuchung zum Selbstverstandnis der Kurden, Berlin 1978. s. 116-146.

16- تەماشای:

Menzel, Theodor: "Yazidi", in Handwörterbuch des Islam, Leiden 1941,s .808.

17- Brockelmann, Carl: Das Neujahrsfest der Yazidis, in ZDMG, Bd. 55, 1901, s. 388-390.

Giamil, Samuele: Monte Singar. Storia dei un popolo ignoto, test o siro-caldeo e traduzione Italiane, Roma 1900, p19.

18- "سوڵتانی ساق" بە سوڵتان سەهاکێش نێودەبرێ.

19- "شاهنامەءحقیقت"نووسینی حاجی نیعمەتوڵڵای موکری (موجریم)ە. ئەم پەرتۆکە لەلایەن محەممەدی موکرییەوە بڵاوکراوەتەوە. تاران 1966، ل202، بەیتی ژمارە 3841. ئەم پەرتۆکە سەرچاوەیەکی زۆر گرینگە بۆ ئاینی یارسان (ئەهلی هەق) هەموو پەرتۆکەکە هۆنراوەی فارسییە.

20- تەماشی پەراوێزی ژمارە (14) بکە.

21- ئەو ئیسلامەتییەی کە لەسەر شەریعەت نەڕوا، بەڵکو پێڕەوی "تەریقەت"بێ؛ هێندێ جار بە "ئیسلامەتیی گەلێر ( الاسلام الشعبی)" نێودەبرێ کە ئیسلامی کورد"یش یەکێکە لەوانە.

22- بەراستی تەنێ نێوبردنی ئەو زانایانەی کە کورد بوونو خزمەتی کولتووری عارەبو ئیسلامییان کردووە پێویستیی بە پەرتۆکێکی گەورەیە، خوێنەرەوە دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ پەرتۆکی "مشاهیر الکردو کردستان فی العهد الاسلامی" نووسینی محەممەد ئەمین زەکی.

23- جونبلات پاشا، باپیرە گەورەی سەرکردەی خوالێخۆشبووی لوبنانی کەمال جونبلاتە.جونبلات لەوشەی کوردی "جان پۆلات"ەوە هاتووە.

24- تەماشای وتاری مینۆرسکی بکە لەسەر کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلام، چاپی ئەڵمانی ل1227.

25- تەماشای ساڵنامەی ویلایەتی دیاربەکر بکە لە 1310ی کۆچی (1884)دا دەرچووە، ل 138، هەروەها شەرەفنامە، سەرچاوەی خواروو، ل 16-17.

26- تەماشای "شەرەفنامە"بکە لەم سەرچاوەیەدا:

Scheref Prince de Bidlis: Scheref-Nameh ou histoire des Kourdes, publiée par v. Vélliaminof- Zernof, Tome1, Texte Persan, St.-Petersburg 1868, p. 16-17.

27- سەرچاوەی پێشوو.

28-کورتەیەکی چیرۆکی "مەمو زین" لەلایەن نووسەری ئەم باسەوە کراوە بەئەڵمانیو لەساڵی 1919دا لەلایەن نوکسە چاپکراوەو لەسەرەتاکەیدا دەست بۆ کرۆکی لایەنە ناسیۆنالیستانەکەی"مەم و زین" راکێشراوە. سەرنج:

29-Morier, James: Second Journey, London 1898, p.357.

30- مینۆرسکی: الاکراد احفاد المیدین (کورد نەوەی مادەکانن)، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم ساڵی 1973، ل563-552.هەروەها:





Minorsky, V. : Les origines des Kurdes: Travaux des XX e congrés international des Orientalistes. Bruxelles 1940,p.143-152.

31- ئەم دەستەیە (مەلاو فەقێکان) تا نیوەی سەتەی رابوردوو، تاکە دەستەیەکی خوێندەواربوون لەکوردستان.

32- مەبەست لە "قیاس" ئەوەیە دۆخێك (**حالة**) بەدۆخێکی دی بپێورێ کە لەدۆخی یەکەم بچێ، بۆ وێنە: لەزەمانی محەممەددا ویسکی نەبووە تا حەرام بکرێ، بەڵام مەی هەبووە کە حەرامکراوە. جا لەبەر ئەوەی ویسکی هەروەك مەی کار لە خەڵك دەکات، لەبەر ئەوە ویسکیش حەرام دەکرێ. کە دوو دۆخ لەیەك بچن، لەزمانی کوردییدا دەگوترێ: "ئەمەش خالآنەی ئەوەیە"؛ بۆیە "خالآنە"م لەجیاتی "القیاس"ی عارەبی بۆ ئەم جێیە بەکارهێنا.

33- مەلا عەلی تەرەماخی لەساڵی 1000ی کۆچی (1591)زدا یەکەمین رێزمانی بۆ عارەبی بەکوردی بۆ زارۆی کورد نووسیوەتەوە. زۆرجار مەلا عەلی تەرەماخی بە عەلی تەرمۆکی دراوەتە قەڵەم. مامۆستا دوکتۆر مارف خەزنەدار لەساڵی 1971دا بەبۆنەی بلاوکردنەوەی دەستووری زمانی کوردیی عەلی تەرەماخییەوە؛ ئەم هەڵەیەی راستکردەوە، کەچی هێشتا هی واهەن هەر ئەو هەڵەیە دەکەنەوە، یەکێك لەوانە، جۆیس بلۆیە کە لەم دواییەدا کۆمەڵێك هۆنراوەی کوردیی بەفەرەنسی وەرگێردراوی بلاوکردووەتەوەو لەنێو ئەوانەدا جارێکی دی ئەو هۆنراوەیەی کە بەنێوی عەلی تەرمۆکییەوە چل ساڵێك لەمەوبەر بلاوکراوەتەوە، هێناوێتەوە کایە.

34- مەلا یونسی هەڵکەتەینی لە1785دا مردووە. هەلکەتەینی نووسەری سێ باسە بەزمانی کوردی لەبارەی رێزمانی عارەبییەوە.

35- مەلا مەحموودی بایەزیدی لەدەوروبەری 1797دا لەدایکبووە. بایەزیدی، نووسەری "عاداتو رسووماتنامەی تەوایفی ئەکرادییەو ئوسوولی نیزاماتی کورمانجی"یە کە لەلایەن بەهەشتی مارگرێت رودێنکۆوە لەساڵی 1963دا بەوەرگیرانی رووسییەوەبلاوکراوەتەوە.

36- مەلا سەلیمی خێزانی کە بەمەلا سەلیمی زازاش بەنێوبانگ بووە، لەسەر کوردایەتی لەساڵی 1894دا دوورخراوەتەوە بۆ مەدینە، بەلام لە 1896دا توانی بگەڕێتەوە کوردستانو جەماوەرێکی زۆر لەدەووری خۆی کۆبکاتەوەو کارێکی وابکات کە کۆمەڵێ لەزانا موسڵمانەکانی کوردستان فتوایەك دەربکەن بۆ ئەوەی کە رەوانییە زانای ئاینی خزمەتی دەوڵەتی عوسمانی بکەنو ببنە ئیمام و مفتیو قازی، چۆنکە حکومەتی عوسمانی دژی شیعەکانەو بەمە دووبەرەکی دەخاتە نێو موسڵمانانەوە. لەساڵی 1910دا حکومەتی ژۆن ترکەکان ویستی مەلا سەلیم بگرێ، بەلام لەمەوە شۆرشێکی کورد دروست بوو و تا مانگی مایسی 1914 درێژەیکێشا. لەم مانگەدا، ژۆن ترکەکان توانییان شۆرشگێرە کوردەکان بشکێنن. مەلا سەلیم وکورد و هاوکارەکانی روویانکردە قۆنسلخانەی رووسیا و لەوێ مانەوە تا جەنگی یەکەمی جیهانی هەڵگیرسا. لە مایسی 1914دا حکومەتی ژۆن ترکەکان قونسولی رووسیایان گرتو چوونە نێو قۆنسوڵخانەوەو مەلا سەلیمو هاوکارەکانی لەبەردەم قۆنسولخانەی رووسیادا لەسێدارەدران. (سەرنج: ئەم زانیارییەم لەپەنجاکاندا لەبەهەشتی ئیسماعیل حەققی شاوەیس بیستووە کە خۆی ئەو دەورانەی بەچاودیبوو).

37- بەرەئی من وشەی "شێخ"ی کوردی لە "شیخ"ی عارەبییەوە وەرنەگیراوە، کە بەمانای پیرە. بەڵکو زۆر نێزێکە لە وشەی خشایە**ثیای** ئێرانیی کۆنەوە هاتبێ کە





بەمانی "گەورە"و "خودێ"و "دەسەلاتدار" دێ. ئەم رەئییەم لەهێندێك لەنووسینە کۆنەکاندا بلاوکردووەتەوە.

شایانی باسە کە پەیامبەری ئیسلام کوری بۆ نەماوەتەوە تا سەید لەو بەرەبابە هەبن، ئەوانەی سەییدن، خۆیان بەنەوەی فاتیمە تێدەگەن.

38- شێخ قادری شەمزینی لە 1925/3/24دا لەسێدارەدراوە. پیرەمێرد لە یەکێك لەهۆنراوەکانیدا دەبێژێ:

شێخ قادرە رەئیسی هەموو خاندانی کورد، میراتی جەددی کەربوبەلا بوو بەئیرسی برد.

39- شێخ مەحمود لەبنەچەی شێخ عیسێو شێخ مووسێی بەرزنجییەو کورەزازای شێخ مارفی نۆدێییە کە شێخی تەریقەتی قادریو زانای گەورەی ئیسلامو کوردستان بووە.

40- سمکۆ هەرچەندە نێوی شێخ یان سەییدی پێوە نییە، بەلام خۆی لەبنەماڵەی شێخەکانی شەمزینیو تەریقەتی نەقشبەندییە. شێخ سەعیدی پیران کە بە شێخ سەعیدی پالۆ، یان شێخ سەعیدی نەقشبەندی بەنێوبانگە، لە 1385ی کۆچیدا لەدایك بووەو نێزێکەی شەست هەزار دەروێشێکی هەبووە. شێخ سەعید پاش کوژاندنەوەی شۆرشی دیاربەکر بەیارمەتیی فەرەنساو سۆڤێت لە 1925/3/24دا لە سێدارەدرا.

41- بۆ نموونە: کلۆدیۆس ریچ کە لەساڵی 1820دا چووە بۆ سەردانی سلێمانی پێتەختی ئەو دەمەی میرنشینی بابان- بەچاوی خۆی دیوێتی کە میری کورد چەند سەت رووپییەکی پێ پەیدا نەکراوە. شێخ مەحموود چەند ساڵێکی دوورو درێژ لە گوندی داریکەلی دەژیا، لەخانوویەکی قورینی بێ ئاوو کارەباداو بەلێفەیەکی پیناوی دەنووست ئەمە بە چاوی خۆم دی. لەکاتی منداڵیدا مەلا مستەفای بارزانیم

لەسلێمانی بەچاوی خۆم دیتوە کە ئەو دەمەی لەوێ دەستبەسەربوو، فەردەگەنمی داوە بەشانی خۆیداو بردوویەتی بۆ ئاش بۆ هاڕینی.

42- هەر ماوەیەکی کەم پاش تەواوکردنی ئەم کارە، بانگکرام بۆ کۆنگرەی دووەمی "ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەورووپا" (سۆکسە) کە لەمیونیخ لە 23-25ی ئەیلوولی 1983 بەسترا بۆ ئەوەی وتارێك بخوێنمەوە. وتارەکەم لەڕۆژی 23ی مانگدا پێشکێش کردکە بەنێوی "ناکۆکیی نێوان ریزەکانی گەلی کورد وخاوکردنەوەی" کە لەوێدا سەرکردایەتییە جۆرەجۆرەکانی بزووتنەوەی کوردایەتیم شیکردووەتەوە. ئەم وتارە لە هەلێکی نێزیکدا ئامادەدەکرێ بۆ چاپ.

43- ئەحمەدی خانێ دەبێژێ:

تەکمیل دکر مە دین و دەوڵەت     تەحسیل دکر مە علیم و حیکمەت

مەم و زین بەیتی 233

44- تەماشای:

Kinnane, Derk: The Kurds and Kurdistan, London 1964, p. 23

45- بلەج شێرکۆ: القضیة الکردیة، قاهرة 1930، ص42-43

46- تەماشای:

Jemal Nebez: Der kurische Fürst Mir Muhamad-i Rawandizi, genannt Mir-i Kora im Spiegel der morgenlandschen und abendlandischen Zeugnisse, ein Beitrag zur kurdischen Geschichte, Hamburg 1970, s .28.

47- ئیسماعیل حەققی شاوەیس: بەیاننامەی شێخ سەعیدی پیران، گۆڤاری "ڕۆژی نوێ" ژمارە 7، تشرینی یەکەمی 1960، ل.36-39.





48- هەر ئەوێ.

49- کەریمی ئەلەکە خەڵکی سلێمانی بوو و باوکی دوکتۆر نووری فەتووحی بوو کە کوردێکی نیشتمانپەروەر و مرۆڤدۆست بوو. کەریمی ئەلەکە لەساڵی 1922دا بووبە وەزیر لەو کابینەیەدا کە شێخ مەحموود پاش گەڕانەوەی لەهیندستان دروستیکرد. تەماشای رۆژنامەی "بانگی کوردستان"ژمارەی رۆژی 1922/10/15 ل5 بکە.

50- تەماشای

Wigram, W(illiam) A (inger): The cradle of mankind. Life in Eastern Kurdistan, 1st Edition1914, 2nd Ed 1922, London, p. 138

51- مجلس قیادة الثورة لکردستان العراق/ المکتب التنفیذي، الدستور والقوانین 1964-1965، مطبعة خبات- کوردستان ص8.

52-

Eagleton, William: The Kurdish Republic of 1946, London 1963, pp.6

53- تەماشای پەراوێزی ژمارە 36یش بکە.

54- ئیسماعیل حەققی شاوەیس: میر عەبدولڕەزاق بەدرخان، گۆڤاری "ڕۆژی نوێ" ژمارە 7ی تشرینی یەکەم 1960 ل50-53.

55- تەنانەت ژنی نەزۆکی کورد ئاوی دەستنوێژی شێخ مەحموودییان دەخواردەوە بۆ ئەوەی زگیان ببێ.

56- تەماشای:

Wilson, Arnold: Mesopotamia 1917-1920. A clash of loyalties. A personal and historical record, London 1931. p.86.

57- خيري العمري: حكايات سياسية من تاريخ العراق الحديث، دار الهلال 1969،ص 169.

58- تەماشای گۆڤاری "ڕۆناهی" ژمارە 1 ساڵی 1، بەغدا 1960 ل25-28 بکە، هەروەها ڕۆژنامەی "خەبات" ژمارە 322 بەغدا 1960/10/11.

59- مەعروف قەرەداغی: بارزانو نهێنییەکانی، بەغدا 1959 ل75-84.

60- تەماشای وتاری دانا ئادەم شمیت بکە لەڕۆژنامەی نیویۆرك تایمسدا، ژمارەی ڕۆژی 11ی ئەیلولی 1962.

61- هەر ئەوێ.

62- بەعسییەکان بۆ ئەمە چەند دەسکەلایەکی خۆیان ناردە لای بارزانی لەبەرگی مەلای موسڵماندا کە ئەمانە ویستیان لە 1971/9/29دا بارزانی بکوژن. تەماشای ڕۆژنامەی (Neue Zürcher Zeitung) ژمارە 296ی ڕۆژی 1971/10/2و ڕۆژنامەی (Die Welt) ڕۆژی 1971/10/4 بکە.

63- دەمەوێ بۆ ڕاستیو مێژوو بێژم کە ئەو تۆمەتانەی هۆردەبۆرژوای کوردی سەر بەدەستەی تاڵەبانی لەبارەی بارزانییەوە دەیخستە بەرچاو، ڕاست نین. پاش گەڕانەوەی بارزانی بۆ عێراق لە 1958دا، هوردەبۆرژوای "ڕۆشنبیر" هەستی بەوەکرد کە بارزانی، وەك هاوپەیمان تەماشای ئەوان ناکات، بەڵکو وەك هەموو سەرکردەیەکی کلاسیك، وەك کوڕی خۆی تێیان دەڕوانێ، کە دەبێ گوێڕایەڵیی بکەن، ئەوجا کەوتنە هەوڵدان بۆ خۆ سەربەخۆکردن. یەکەمین هەوڵدان لە ساڵی 1959و، بەسەرۆکایەتیی هەمزە عەبدوڵڵا بوو کە دەیویست ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی پارتی، وەك کۆمەڵەی قوتابییان، ژنان، مامۆستایان... هتد) تێکەڵ بەرێکخراوە جەماوەرییەکانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق بکات، بەڵام ئەوەبوو هەوڵدانەکەی تێکشکا و بارزانی سەرکەوت. لەساڵی 1964دا هوردەبۆرژوای مارکسیستی "ڕۆشنبیر" جارێکی دی، بەڵام ئەمجارە





بەسەرکردەیەتیی جەلال تاڵەبانی، هەوڵی سەربەخۆیی دایەوە، بەڵام جارێکی دی ژێرکەوتو، لەم ژێرکەوتنەشەوە ناکۆکی نێوان سەرکردەیەتیی کلاسیكو سەرکردەیەتیی هوردەبۆرژوا واخەست بوو کە هوردەبۆرژوا دەستی لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا تێکەڵکرد دژی سەرکردەیەتیی کلاسیكو، ئەمەش بەتایبەتی لە 1966ەوە تا 1970. پاش ئەم هەموو "بەزموڕەزمەش"، ئەوجا جارێکی دی هوردەبۆرژوای "ڕۆشنبیر" چووەوە سلاوی بارزانیو، ئەوی تا دوێنێ بەچەكو بەقەڵەم بۆ لەنێوبردنی بارزانیو بزووتنەوەکەی هەوڵیدەدا، کەوتە دەست پانکردنەوە لێیو، دابەشکردنی دەسکەوتەکانی بارزانیو پێشمەرگەی کورد لەخۆی. هەر بۆ نموونە: یەکێك لەوانەی کە برێك لەو دەستکەوتەیان بەرکەوت، دکتۆر کەمال فوئاد بوو کەسەرکردەیەتیی بارزانی جێیەکی دایە لەزانستگەی سلێمانی. ئەوجا ئەگەر مەسەلەش بێتە سەر ئەوەی کە بارزانی پێوەندیی بەهێزی دەرەوە هەبووە، ئەوا ئەمە لەسەرێکەوە وەنەبێ هەر بارزانی کردبێتی بەتاقی تەنێ، بەڵکو هوردەبۆرژوای کوردیش ئەم پێوەندییەی هەیەو هەبووە. لەسەرێکی دیکەوە، لیبرالیزم لە هەڵبژاردنی هاوپەیماندا، وەك سروشتێکی سەرکردەیەتیی کلاسیکی کورد، هەر لەبارزانییدا نەبووە: بۆ نموونە قازی محەممەدیش هاوپەیمانێتیی لەگەڵ سۆڤێتەکاندا بەچاك زانیوەو هەوڵی بەستنی داوە، تەنانەت لەنۆڤێمبەری 1945دا بەباگیرۆفی گوتبوو: "نەتەوەیەکی بێ هێز سلاو لەهەموو دەستێك دەکات کە ڕابکێشرێ بۆی... ئێمە نەك هەر ئەو دەستە دەگوشین، بەڵکو ماچیشی دەکەین"- بنوارە ویلیام ئیگلتن- سەرچاوەی پێشوو، ل45.

64- دوکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت، خەڵکی ئارەبکیرو یەکێك بووە لە ڕۆشنبیرانی کورد لەکۆتاییی سەتەی ڕابردوو و چارەکی یەکەمی ئەم سەتەیەدا. دوکتۆر جەودەت، لەپێش کودەتای ژۆن ترکەکان دا لە 1908دا لەگەڵ ژۆن ترکەکاندا کاریکردووە- وەك گەلێك لەڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمەی کورد. دوکتۆر جەودەت یەکێك بووە لە

سەرکردەکانی کۆمەڵەی "هیڤی"و لەوانەی کە لەگۆڤاری "ڕۆژی کورد" (1913)دا شتیان بڵاوکردووەتەوە.

65- عەبدولرەحمان بەدرخان، یەکێك بوو لەو ڕۆشنبیرە کوردانەی لەدەرهێنانی ڕۆژنامەی "کوردستان"، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیدا (1898-1902) بەشداربووە. هەرچەندە عەبدولرەحمان لەبەرەبابی میری بۆتان بوو، بەڵام دەمێك بوو دەسەڵاتی سەرکردەیەتی و ئەریستۆکراتیانەی کلاسیکی نەمابوو، و چووبووە ڕیزی هوردەبۆرژوای ڕۆشنبیرەوە و، لەڕێی کوردایەتیدا دەربەدەری ئەورووپا ببوبوو. عەبدولرەحمان، لەسەرەتاوە خۆی لە ژۆن ترکەکان نێزیك خستەوە، بەڵام کە زانی ئەمانە دژی سەربەخۆیی کوردستانن، لێیان دوورکەوتەوەو کەوتە دژایەتییان.

66- مارف جیاووك، خەڵکی باڵەك (خوارووی کوردستان) بوو و لەسەرەتای ئەم سەتەیەدا قوتابی یاسا بوو لەئەستەمبوول. هەروەها یەکێك بوو لەئەندامەکانی کۆمەڵەی (اتحاد و ترقی).

پاش جەنگی یەکەمی جیهانیی گەڕایەوە بەغدا و لەبیستەکاندا گەلێك وتاری بەعەرەبی نووسی بۆ بەرپەچدانەوەی ئەوانەی دژی مافی کولتووریی کورد دەوەستان لەعێراقدا. لەبیستەکاندا "یانەی سەرکەوتنی کوردان"ی دامەزراندو لەساڵی 1945دا کرا بەپارێزکار (متصرف)ی سلێمانی. مارف جیاووك چەند پەرتۆکێکی لەسەر مەسەلەی کورد نووسیوە لەوانە "ماساة بارزان المظلومة".

لەپەنجاکاندا، کاتێك لەبەغدا دەژیام، جاروبار سەرملێدەدا. تەندروستی تێکچووبوو، دەستیشی زۆر کورت بوو. جیاووك کوردێکی ناسیۆنالیست بوو، زۆر دژی سیاسەتی بەریتانیا بوو بەرامبەر بەکورد، بەڵام دەیگوت هەرشتێك کە ئینگلیزەکان دژی بوەستن؛ سەرناگرێ.





67- ئەحمەد تەقی: "خەباتی گەلی کورد لەیادداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا". لەلایەن جەلال تەقییەوە بڵاوکراوەتەوە، بەغدا1970، ل14.

68- وشەی "فەرمەسۆن" لە "فری مێزۆن" freemason واتە "خانووی ئازاد"ەوە هاتووە. تاقمێکن لە هێندێك وڵاتدا بە نهێنی کاردەکەن بۆ دەستگرتن بە سەر دەسەڵاتدا. فەرمەسۆن لەنێوکوردەواریدا، مانای خودێنەناسو کافر دەدات. ئەوەی ڕاستی بێ، لەنێو کورددا فەرمەسۆن هەبووە وهەیە، لەوانە تۆفیق وەهبی، کە ئەم قسەیەم لەخۆی بیست. هەروەها ئەمیری حەسەنپوور.

69- "جلخوار" نێوێك بوو، خەڵکەکەی کوردستان لەو هوردەبۆرژوا کوردە ئەفەندییانەی نا بوو کە "تۆرکچێتی یان دەکرد". زاراوە کە لە سەرەتاوە لە جەمالی عیرفانەوە داهاتووە.

70- ئەوانەی لەدامەزراندنی دەوڵەتی ترکدا بەشدارییان کردووە بۆ نموونە: کازم قەرەبەکر، یۆسف زیا، سلەیمان نەزیف.

ئەوانەی لە دەوڵەتی ئێراندا بەشدارییان کردووە بۆ نموونە: ڕەشید یاسەمی، مەلیکولشوعەرای بەهار. ئەوانەی لە دەوڵەتی سووریدا بەشدارییان کردووە بۆ نموونە: ئیبراهیم هەنانۆ، موحسینو حوسنی بەرازی، ئەحمەد باراڤیو محێدین جمۆ و ئەحمەد مەلا.

ئەوانەی لە دەوڵەتی عێراقیدا بەشدارییان کردووە بۆ نموونە: داود حەیدەری، جەعفەر عەسکەری، جەمال بابان، تۆفیق وەهبی، ئەمین زەکی.

71- نوری شاوەیس: من مذكراتي، جريدة "الشعب"/ گەل، العدد (5)، ايلول 1983، ص.2.

72- نوری شاوەیس: سەرچاوەی پێشوو.

73- بەبۆنەی تێپەڕبوونی 40 ساڵ بەسەر دەرچوونی گۆڤاری "یەکێتیی تێکۆشین"و تێپەڕبوونی 50 ساڵ بەسەر دامەزراندنی "پارتی کۆمۆنیستی عێراقدا، نووسەری ئەم چەند لاپەڕەیە باسێکی دوورودرێژی بۆ چاپ ئامادەکردووە- باسەکە لە 1984دا نووسراوەتەوە. (سەرەنج: لە ساڵی 1988دا لە سوێد چاپکراوە.

74- لەساڵی 1944دا کۆمەڵەی "هیوا" لەکەرکووك کۆنفرانسێکی گرت و لەو کۆنفرانسەوە "هیوا"بوو بە دووکەرتەوە: باڵی راست و باڵی چەپ. هێندێك لەباڵە چەپەکە چوونە نێو رێکخراوی "یەکێتیی تێکۆشین"ەوە کە تازە دروست بووبوو. هێندێکیشیان لەباڵە راستەکەی چوونە نێو ژ.ك لە کوردستانی عێراق. هێندێکیشیان کۆمەڵەیەکیان دروستکرد بەنێوی "رێی راست"ەوە کە لەسێ کەس پێکهاتبوو. پاش ئەوەی رێکخراوی "یەکێتی تێکۆشین" لەگەڵ کۆمەڵی "القاعدة"ی "فەهد"دا یەکیانگرتەوە، هێندێك لەسەرکردەکانی "یەکێتیی تێکۆشین" وەك ساڵح حەیدەریو عەلی عەبدوڵلاو رەشید عەبدولقادر و عەبدولکەریم تۆفیق، رازی نەبوون بچنە نێو حیزبی کۆمۆنیستی عێراق، بەڵکو "حیزبی شیوعیی کوردستانی عێراق"یان دروستکرد.

75- بەپێچەوانەی ئەو رەئییەوەکە ئەمڕۆ لە نێو "حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا" باوە، حیزبی دێمۆکرات لە 1945/8/15دا دانەمەزرێنراوە، حیزبی دێمۆکرات، وەك زەبیحی پێمی راگەیاند، لە1945/11/15دا دروستبووە.

76- ئەم باسی قارەمانێتیەی بارزانی لەگۆڤاری "نیشتمان"دا هەیە، تەماشای ژمارە (2)، ساڵی (1)، خەزەلوەری 1322، ل 18 بکە.

77- تەماشای پەراوێزی 42 بکە.

78- لەبارەی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزمەوە، چەند وتارێکم نووسیوە، کەلەلایەن بنکەی چاپەمەنیی ئازادە وە لەسوێد لەسەرەتای 1985دا چاپکرا.





79- تەماشای **کاژیکنامە** "ل-9-10" بکە.

سەرنج: رێکخراوە مارکسییە هوردەبۆرژواکانی کورد، پاش تێپەڕبوونی چارەکە چەرخێك بەسەر تیۆرەکانی کاژیکدا، کەبەرپەرچی تیۆری ستالین دەداتەوە لەبارەی نەتەوەوەو، لەهەمان کاتدا ئابووریی نێوکۆیی بەمەرجێك دانانێ بۆ بوونە "نەتەوە"؛ ئەم رێکخراوە مارکسیستانە، هاتنە سەر ئەوەی ئەوانیش، وەك کاژیك، ئابووریی نێوکۆیی بەمەرجی بوونە نەتەوە نەزانن، پاش ئەوەی چل ساڵ پتر، تاریفی ستالینیان بۆ نەتەوە بەراسترین تاریف دەزانی. تەماشای "مسالە کرد. گزارش کمیمتە مرکزی حزب دمکرات کردستان ایران..." از انتشارات "سەپان"– تشکیلات حزب دمکرات کردستان در اروپا، 1359/3/22، ص8، هەروەها الحزب الديمقراطي الكردستاني/ القيادة المؤقتة: البرنامج الجديد للحزب الديمقراطي الكردستاني، 1976، ص80.

80- سوجادی، عەلائەددین. مێژووی ئەدەبی کوردی، بەغدا، چاپی یەکەم 1952، چاپی دووەم، بەغدا 1971، ل615.

81- محەمەد حسەین سەدری قازی هەر لە 1947/3/31دا لەکەڵ قازی محەمەددا لە سێدارەدرا. بەڵام بەپێچەوانەی قسەی کەمال مەزهەر (پ82) سەدری قازی "وەزیری جەنگ" نەبوو.

82- بڕوانە د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: "تێگەیشتنی راستیو شوێنی لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا"، بەغدا 1978، ل80 (براوانە پەڕاوێزی 81).

سەرنج: ئەم بەرێزە، لەو سەرچاوەیەی سەرەوەیدا، وەك دەردەکەوێ، زۆر خۆی ماندوو کردووە بەگەڕان بەدوای دۆزینەوەی سەرنووسەری رۆژنامەی "تێگەیشتنی راستی"دا کە مێجەرسۆن بووە. راستییەکەی (ئوستاد) بەشیر موشیر لەپەنجاکاندا ئەمەی بەمن

گوتو منیش کە هاتمە ئەوروپا جارێکیان ڕۆژنامەنووسی هۆڵەندییو دامەزرێنەری "کۆمەڵەی جیهانیی کوردستان" سلڤیۆڤان ڕۆی، هەواڵی گەلێك شتی پرسی لێمو لەوانە نێوی سەرنووسەری "تێگەیشتنی ڕاستی"، منیش پێمگوت "مێجەرسۆن" بووە. ڤان ڕۆی ئەمەی خستە نێو ئەو بیبلیۆگرافییایەوە کە لەساڵی 1968دا لەئەمستردام بڵاویکردەوە (تەماشای ل 541، 565 بکە). ئەگەر بەڕێز کەمال مەزهەر تەماشایەکی ئەم بیبلۆگرافییایەی بکردایە کە 10 ساڵ پێش دەرچوونی پەرتۆکەکەی وی دەرچووە، پێویستی بەوە نەدەبوو هێندە زەحمەت بداتە بەرخۆ بۆ شتێك کە دەمێك بێ زانرابێ. ئەوجا عەقید محەممەد عەلی کوردی دەیگوت کە زەکی ئەمینیش هەر لەو ڕۆژنامەیدا کاریکردووە. ئەم زەکی ئەمینە خەڵکی سلێمانی بوو و لەپەنجاکاندا مامۆستای جوگرافیابوو لە قوتابخانەی نێوەندیی ئەعزەمییە (الاعظمیة) لەبەغدا. ئەز بۆ یەکەمجار لەساڵی 1954دا ناسیم، کاتێك کە زانستگەی بەغدا منی وەك خوێندکارێك نارد بۆ ئەو قوتابخانەیە بۆ ئەوەی فێری وانە گوتنەوە ببم. زەکی ئەمین ئەو دەمە تەمەنی لەشەست ساڵ تێپەڕبوو و، وەك بۆم دەرکەوت، حەزی بەتێکەڵیی خەڵك نەدەکرد. گەلێك گلەییشی لە کاربەدەستان هەبوو. تەمەنی لە شەست ساڵ تێپەڕ بوو.

83- جمال خزنەدار: روزنامەنگاری در کردستان، **ترجمة** احمد شریفی، آذر ماه 1357(نوڤێمبەر/ دیسێمبەر1979)، نشر کاك .

84- بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، ل15.

85- د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: تێگەیشتنی ڕاستی، سەرچاوەی پێشوو، ل80-81.

86- بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، ل80.

87- ئەورەحمانی زەبیحی خەڵکی مەهاباد بوو و یەکێك بوو لەدامەزرێنەرانی "کۆمەڵەی ژێکاف"و بەڕێوەبەری گۆڤاری نیشتمانیش بوو. لەپاش گۆڕینی نێوی





"ژێکاف" بە"حیزبی دێمۆکراتی کوردستان"، بووبوو بە ئەندامی کۆمیتەی نێوەندیی ئەم حیزبە. لەدوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لەزستانی 1947دا، لەگەڵ چەند کەسێکی دیدا ڕایانکردە سیتەكو لای شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموود بووبوو بەپەنابەر. لە سیتەك ژمارەیەك "نیشتمان"ی دەرکرد کە بە ژمارە (10)ی دانا. پاش ماوەیەك چوو بۆ بەغداو بەنێوی "قادر"ەوە لەگازینۆی عەبدوڵڵا کە شوێنی خواردنەوە و سەما بوو، و خاوەنەکەی کوردێکی سنەیی بوو، کاریدەکرد. زەبیحیی بۆ یەکەمین جار لەبەغدا لەپاییزی 1954دا ناسیم، ئەوەش لەکۆبوونەوەیەکدا کە لە "بەغداد جدیدة" لەماڵی "قادر" (زەبیحی)سازکرا، بۆ ئەوەی "تاقمی مەرکەز" (لایەنگرانی برایم ئەحمەد)و تاقمی "بەرەی پێشکەوتوو" ( لایەنگرانی هەمزە عەبدوڵڵا) ڕێکبکەونەوە کە لەوێدا، دەوری نێوبژیکەرم بینیبوو. برایم ئەحمەد لەو کاتەدا خۆی لەحکوومەت شاردبووەوە، چۆنکە لەزەمانی وەزارەتی ئەرشەدولعومەریدا خۆی پاڵاوتبوو ببێتە نوێنەری سلێمانی بۆ پەرلەمانی عێراق و، لەوە دەترسا کە بیگرن. بەڵام بۆ ئەو کۆبوونەوەیە هاتبوو. بێجگە لە برایم و زەبیحی، حیلمی عەلی شەریفو عەلی شەریفو کوردێکی مەهابادی سەر بەحیزبی دێمۆکراتی کوردستانیش -کەنێویم لەبیرنەماوە و، دوور نییە غەنی بلووریان بوو بێ- بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە بوون. لەساڵی 1956دا زەبیحیو هەژار -کە هەژار ئەو دەمە لەبەغدا لەگەڕەکی فەزل وەك وێنەگر کاریدەکرد- ڕایانکرد بۆ سوریا. هەژار لەڕێی کەرکووکەوە بەموسڵدا خۆی گەیاندە توریاسپی، جا لەبەر ئەوەی ئەز لەوکاتەدا لەکەرکووك مامۆستای قوتابخانە بووم، چاوم بەهەژار کەوتەوە. کە لەهاوینی ساڵی 1956دا چووم بۆ دیمەشق، زەبیحیم بەڕێکەوت لەهوتێلی فەلەستینو شەرق ئوردن چاوپێکەوتەوە، کە ئەو دەمە بەنێوی "عیسی عرفات"ەوە بۆ خاوەن هوتێلەکە کاریدەکرد کە کوردێکی دیمەشقی بوو و نێوی "ئەبو ئەیوب" بوو. پاش کودەتای

قاسم لە 1958/7/14دا زەبیحی گەڕایەوە بۆ بەغداو ئەم جارە خۆی نێونا "عیسی الزبیحی"و بەنێوی "گەلی کوردی سوریا"وە لەبەردەم قاسمدا وتارێکی خوێندەوە. لەساڵی 1959و 1960دا خۆی نێزیککردەوە لە داوودەزگای قاسمو ئەمنی عێراقی و کەوتە راپۆرتدان لەدژی ئەو کوردانەی کە وەك ئەو "محافەزەی جمهورییەت" یان "بەسەرکردەیەتیی کاکە کەریم" نەدەکردو لەنێو ئەواندا نووسەری ئەم وتارە. زەبیحی لەشەستەکاندا خۆی خستە نێو دەستەی جەلال تاڵەبانییەوەو لەوەشەوە خۆی لەدەزگەی رژێمی عارفو ئەوجا بەعس نێزیککردەوە، کە ئەو دەمە، بەیارمەتی جەلال، شەڕی بارزانییان دەکردو ئەمجا کەوتە وتار نووسین دژی بارزانیو هەژاری کۆنە هاوڕێی. لەپاش بەیانی ئازاری 1970، خۆی خستە نێو دەزگەی "کۆڕی زانیاری کورد"ەوە، ئەو دەزگەیەی کە بارزانی بەخشیبووی بە ئیحسان شێرزادو مەسعود محەممەدو، ئەمجارە خۆی کردە زمانەوان. زەبیحی کابرایەکی زۆرزان و فێڵباز بوو، بەڵام هەتا بڵێیت لەخۆباییو خۆبەزلگرتوو بوو. ئەمەش هۆیەك بوو لەو هۆیانەی کە گیروگرفتییان دروستدەکرد بۆی. بێجگە لەوەش سوروشتێکی بۆقەلەموونییانەی هەبوو. گچکەترین شت کە بەدڵی نەبووایە، تووڕەدەبوو، دەستی بەجنێودان دەکرد. بۆ وێنە: هەرکەسێك تەماتەی بەکاڵی بخواردایە، دەستیدەکرد بەجنێودانی. لەباری خۆکەسی (شخصی)شەوە، زۆر سپڵەو پێنەزان بوو. لەپەنجاکاندا، چ لەبەغداو چ لەدیمەشق، بەنێوی ئەوەوە کە پێم وابوو مرۆڤێکی دەربەدەرە، خزمەتم کردبوو، ئەویش لەو دەمەدا وا خۆی پێشاندەدا کە نەك هەر دۆستمە بەڵکو براشمە، کەچی لەدەورانی قاسمی دیکتاتۆردا نەپرنگایەوە لەجاسووسیکردن بەسەرمەوە بۆ دەزگەی قاسمو رژێمە دیکتاتۆرییەکەی.

زەبیحی هەرچەندە خۆی بەشانازیەکەوە بەمارکسی دەدایە قەڵەم؛ بەڵام نەلەبارەی تیۆرییەوەو نەلەبارەی پراکتیکەوە فرێ بەسەر مارکسیزمەوە نەبوو. سەری زمان و





بنی زمانی، جنێودان بوو بەپارتی کۆمۆنیستی عێراق کە بە "کۆزمۆپۆلیت" نێویدەبردن. تەنانەت نامیلکەیەکیشی بەنێوی بەرپەرچدانەوەی کۆزمۆپۆلیتزمەوە لەدژی کۆمۆنیستە عێراقییەکان دەرکردبوو و وای پیشاندابوو کە خۆی لەوان کۆمۆنیستترە. زەبیحی، چۆنکە زۆر حەزی بەخۆدەرخستن دەکرد، لووتی لەهەموو شتێك دەژەندو لەهەموو ئاشێکدا بەرداش بوو، ئەوەش بوو بەهۆی لەنێوچوونی لەسەرەتای هەشتاکاندا. لەبارەی بێسەروشوێنی زەبیحییەوە، چەند چیرۆکێك دەگێڕنەوە، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە، زەبیحی پاش رووخانی رژێمی شایەتی لەئێران و، بەنێوی ئەوەوە کە گوایە دەتوانێ کوردی ئێران لەرژێمی ئیسلامی هان بدا، کەوتە جرتوفرتو چەکو پارەیەکی زۆری لە بەعسییەکان وەرگرت. یەکێك لەوانەی کە ئاگای لەهەڵسوکەوتی ئەم دواییەی زەبیحی بوو؛ پێمیڕاگەیاند کە زەبیحی هێندێکی لەو چەکانەی لەبەعسییەکانی وەرگرتبوو، دابووی بە جەلال تاڵەبانی کە ئەو دەمە هاوکاری سووریا بوو و هەوڵی خۆنێزیکردنەوەشی دەدا لە رژێمی ئیسلامیی ئێران. ئەو سەرچاوەیە گوتی کە بەعسییەکان بەمەیان زانی، بە خشکەیی شوێنەونیان کرد.

سەرنج: ئەم سەرنجەی خوارەوە بۆ ئەم چاپە نوێیە و لە هاوینی 2009دا نووسراوە: وادیارە عەلی کەریمی کە خوشکەزای زەبیحی یە، قسەکانی من لە بارەی زەبیحی خالییەوە زۆر کاریتێکردووە. لە بەر ئەوە، پەرتۆکێکی 686 لاپەڕەیی لە ژێر نێوی "ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمانی زەبیحی"یەوە لە ساڵی 1999دا لە سوێد چاپکردووە وفەرموویەتی گوایە من بوختانم دەرکردووە بە خاڵی کە گوتومە "سیخوڕ" بووە. خودێلێخۆشبوو مامۆستا کەریمی حیسامی دەگۆت: عەلی ئەو پەرتۆکە زلەی بۆ ئەوە کردووە کە ئیسپاتی بکا خاڵی سیخوڕ نە بووە بەڵام، ئیسپاتی کردووە کە سیخوڕ بووە. بێجگە لەوەش، بەهۆی بیروەرینامەکانی عبدولستار تایەر

شەریفەوە، دەرکەوت کە زەبیحی بە راستی سیخوڕ بووە، بەلاّم "سیخوڕێکی بێپاداشی رژێمی بەعس" وەك عەبدولستار باسیدەکاو، ئەمەش لە ئنتەرنیتەکاندا بلاّوکرایەوە.

88- نازانم ژمارە (10)ی "نیشتمان"بەتەواوی لەچ مانگێکدا دەرچووە. هەرچی چۆنێك بێ ئەم ژمارەیە لەسەر "نیشتمان" حسێب ناکرێ، چۆنکە پاش نەمانی کۆمەڵەی "ژێکاف" دەرچووە.

89- گۆڤاری "رۆژی نوێ" گۆڤارێکی مانگانە بوو لە سلێمانی لەلایەن پارێزەر جەمال شالّییەوە دەرچوو. یەکەمین ژمارەی لەنیسانی 1960دا دەرچوو، دوا ژمارەشی کە ژمارە شەشی سالّی دووەمی بوو، لەئەیلولی 1961دا دەرهێنرا. بەهەمووی (18) ژمارەی لێدرەچوو، ئەوجا رژێمی قاسم دایخست. "رۆژی نوێ" یەکێك بوو لەگۆڤارە باشەکانی کورد. شایانی باسە ئەو وتارانەی لەبارەی رۆژهەلاّتی کوردستانەوە لە "رۆژی نوێ"دا بلاّودەکرانەوە؛ بەزۆری لەلایەن ئەو کوردە هەلاّتوانە دەنووسران کە پاش کودەتای قاسم لە (1958/7/14)دا راینکردبووە سلێمانی، وەك سمایلی ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) کەیەکێك بوو لەسەرکردە چالاکەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەکۆتایی پەنجاکانو سەرەتای شەستەکانداو، یەکێك لەناحەزە سەرسەختەکانی قاسملۆ.

90- دوکتۆر عەزیزی زەندی لەبنەڕەتدا لەبنەماڵەیەکی کوردی کرماشانی بوو، کاتی خۆی لەگەلّ گەشتکەرێکی ئەوروپایی کەڕێی کەوتبووە کوردستان، چووبوو بۆ ئەوروپاو لەوێ خوێندنی دەورەی دوکتۆرای تەواوکردبوو. ئەو ئینجیلانەی کە لەلایەن میسیۆنارەکانەوە پەنجا سالّێك لەمەوبەر بەکوردی بلاّوکراونەتەوە، وەرگێڕانی عەزیزی زەندین. عەزیز باوکی میدیای زەندییە کە ژنی گۆرانیبێژی ناسراوی کورد بەهەشتی حەسەن زیرەك بوو.





91- کە لەسالّی 1956دا لەقوتابخانە نێوەندییەکانی کەرکووك "معلم" بووم، هەستم بەوەدەکرد کە ئیگلتن لەنێوان کوردستانو بەغدادا زۆر هاتوچوو دەکاتو جاروبارێکیش جلکی کوردی لەبەردەکردو سواری ئەسپی کوردیی دەبوو. پاش ئەوە چوو بۆ کوردستانی ئێران (نێوچەی ورمێ). ئیگلتن زۆرتر لەگەلّ فازیل عیرفاندا دۆستایەتی هەبوو. فازیل خەلّکی سلێمانی بوو، بەلاّم لەو کاتەدا لەکەرکووك مامۆستای زمانی ئینگلیزی بوو لەقوتابخانەیی نێوەندی رۆژاواو، ئێمەش هەڤالّ مامۆستا بووینو بەڕێوەبەری قوتابخانەکەش مووسا سەمەدی هەولێری بوو. ئیگلتن لەبەغدا سەرپەرشتیکەری دەزگەی ئینفورماسیۆنی ئەمریکا بوو کە گۆڤارێکی بەزمانی کوردی بەنێوی "پەیام"ەوە بەیارمەتی بەکر دلێری کۆیی دەردەکرد.

92- William Eagleton (JR): The Kurdish Republic of 1946. Oxford University Press, London 1963, p33

93- Abdul Rahman Ghassemlou: Kurdistan and the kurds, publishing House of the Czechoslovak academy of Science, Prague 1965, p.7.

94- سەرچاوەی پێشوو ل 76

95- ئەورەحمانی قاسملۆم بۆ یەکەمین جار لەپاییزی سالّی 1956دا لەکەرکووك دی بەبۆنەی ئەوەوە کە هاتبوو بۆ سەردانم. هۆی سەردانەکەشی ئەوە بوو ئەوانەی لەدەوروبەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کۆبووبوونەوە دەیانویست رۆژنامەیەك بەنێوی"کوردستان"ەوە دەربکەنو بۆ ئەمەش پێویستیان بەپارەبوو، کە ئێمەش لەوەدا پشتگیریمان کردنو پاش ماوەیەك رۆژنامەی کوردستان چەند ژمارەیەکی لێدەرچوو. قاسملۆ و ئەو دەمە هێشتا خوێندکار بوو لەزانستگەی پراگ. بەلاّم لەو کاتەدا لە دەوروبەری سلێمانی خۆی شاردبووەوە.

96- ئەم زانیارییانەو هەروەها دەوری دەروێشەکانی شێخ سەعیدی نێری لەکوردستانی ئێراندا بۆ یەکەمین جار لەکاژێکنامەدا بلاوکراوەتەوە (تەماشای کاژێکنامە- چاپی عەرەبی 1971، ل46 بکە، بێجگە لەوەش لە "حول المشكلة الكردية" نووسینی جەمال نەبەز بەعەرەبی، چاپی ئەوروپا 1969، ل36دا باسکراوە. دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد ئەم زانیارییەی بلاوکردووەتەوە، کەچی دەستی بۆ سەرچاوەکەی رانەکێشاوە. سەیر ئەوەیە ئەم بەڕێزە لەو پەرتۆکەدا کە بەنێوی مێژووەوە لە 1983دا لەبەغدا دەریکردووە لەلاپەڕە 239دا نێوی پەرتۆکێك دەبات بەمجۆرەی خوارەوە:

(حزب الكاژيك الكردى) اوروبا(؟)، 1959، ص21 (الكاژيك فی سطور معلومات اخرى) لەباسە سەرەکییەکانییە.

لێرەداو هەر لەبەر خاتری مێژوو دەمەوێ بێژم کە رێکخراوی کاژێك لە 1959/4/14دا دروست بووەو، کاژێکنامە کە فەلسەفەی کاژێك دەخاتەڕوو لەنێوەڕاستی تەمموزی 1961دا بەکوردیو لەکوردستان چاپکراوەو چاپی عەرەبیی کاژێکنامە لەساڵی 1971دا دەرچووە، نەك لە 21 لاپەڕەدا بەڵکو لە 112 لاپەڕەدا و، لەتەنیشتەوە وێنەیەکی فۆتۆکۆپی بەرگی چاپی عەرەبی کاژێکنامە دەخەینەروو تا خوێنەرەوەی بەڕێز خۆی ببێتە سەرپشكو بزانێ ئایا ئەمجۆرە زانیارییانە خزمەتی مەسەلەی مێژوو دەکەن، یان راستیی مێژوو دەشێوێنن، بەتایبەتی لەئاستی کۆمەڵەیەکی وەك "کاژێك"دا کە جەماوەری کوردی فێری پشتبەخۆبەستنو رێی ئازادییو یەکسانی کردو هەموو ئەو خەتونیشانانەی کاژێك داینابوون ئەوەتا گشتی بەزیادەوە هاتووەتەدی. ئایا هەڵوێستی "مێژوونووس" بەرامبەر رووداوەکانی مێژوو دەبێ وابێ؟ (سەرنج: پێویستی نەکرد لەم چاپەدا ئەو فۆتۆکۆپییە بخرێتە بەر چاو. چۆنکە ماڵپەڕی www.knc.org.uk دا هەیە.





97- بۆ زانیاری پتر لەبارەی مستەفا پاشای یامۆڵکییەوە تەماشای ئەو وتارە بکە کە لەگۆڤاری "رۆژی کوردستان" ژمارە (64)ی تشرینی دووەمو کانوونی یەکەمی 1981دا دەرچووە، بەڵام داخەکەم نێوی نووسەرەکەی لەسەر دانەنراوە.

98- مامۆستا رەفیق حیلمی خەڵکی کەرکوك بوو و بەمنداڵی چاوم پێی کەوتبوو وەك هاوڕێیەکی باوکم، دوایی لەپەنجاکانداو کاتێك لەبەغدا دەژیام، چ بەخۆێندکاریو چ بەموعەللیمی؛ دۆستایەتیمان بەهێزبوو و، بەزۆری لەدوکانەکەی (ئوستاد) بەشیر موشیر چاومان بەیەك دەکەوت. رەفیق حیلمی خەڵکی خراپ و دەستبڕو بازرگانی سیاسەتی زۆر دیتبوو؛ لەبەر ئەوە تا هەندازەیەکی زۆر ناهۆمێد بووبوو. زۆر هەوڵمدا لەگەڵی، تا بەڵێنی دا بیرەوەرییەکانی خۆی بنووسێتەوەو، ئەوەبوو یادداشتی دەرکرد کە بەداخەوە لەپاش کودەتای قاسم لەبەر گەلێك هۆ کە لێرەدا جێی باسکردنیان نابێتەوە وەستاندی. رەفیق حیلمی مرۆڤێکی بەوەفاو قسەخۆشو سەروزمان شیرینو بێ فیزو هەمیشە ئامادەی یارمەتیدانی لێقەوماوان بوو.

99- ئەحمەد موختار جاف لەیەکێك لەهۆنراوەکانیدا کە کاتی خۆی لەبەهەشتی شاکیر مەجرووم بیستووەو بەداخەوە باش لەبیرم نەماوە دەبێژێ:

یابە ئەمە دنیایە، ئیشی دەورییە   ئێمە وەك ئێوە ئیحتیاجمان نە بەحەربو سەوورەیە

سەرنج: مەبەستی لە یابە ولەئێوە عەرەبەکانە

کەچی هاوپەیمانان بەتایبەتی بەریتانیا لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانیی دا کوردییان هاندەدا بۆ ئەوەی لەدژی ترك بجەنگن. تەماشای رۆژنامەی "تێگەیشتنی راستی" بکە کە کۆلۆنیالیستە بەریتانیاییەکان لەبەغدا دەریان دەکرد، ژمارە 19 رۆژی 5 مارتی 1918.

100- Reuters, Tass, U.P.,in: KAdG, A6204-6205-14.December 1943

101- ئیگلتن، سەرچاوەی پێشوو، ل44-45.

102- هەر ئەوێ

103- میستەر ئەدمۆنس یەکێك بوو لەو ئەفسەرە ئینگلیزانەی کەپاش جەنگی یەکەمی جیهانیی لەدژی حکوومەتی شێخ مەحموود دەجەنگیو کاریدەکرد. دوایی بوو بەراوێژکەری وەزارەتی نێوخۆی عێراق. دیارە ئەو شتانەی نووسیوونی وەدیاننووسێ چەمۆڵەی لایەنگرێتییان پێوەدیارە. بێجگە لەوەش، هێندێك لەزانیارییەکانی هەڵەی زۆر سەختییان تێدایە. بۆ وێنە جارێکییان نووسیبووی کە نوکسە NUKSE واتە "یەکێتیی نەتەوەییی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا" باڵی راستی پارتی دیمۆکراتی کوردستانە. ئەمەو هێندێك شتی پێکەنینهێنەری لەم بابەتە.

104- کە لەقوتابخانەی سەرەتاییی خالیدییە لەسلێمانی قوتابی بووم، ئەم گۆرانییەیان رەوان دەکرد پێمان.

105- کاژیکنامە، ل6.

106- لەسەر ژمارە (6)ی "نیشتمان" نووسراوە "رەشەمەی 1322". ئەمە هەڵەی چاپە. راستییەکەی (1323)یە.

107- تەماشای پەراوێزی ژمارە (75) بکە.

108- رەفیق چالاك خەڵکی سلێمانی بوو و یەکێك بوو لەو بلیمەتانەی کە بە دەگمەن هەڵدەکەون. چالاك کوردیزانێکی گەورەو نووسەرێکی تواناو شانۆگەرێکی بەدەستەڵاتو گۆرانیبێژێکی دەنگخۆشو ئاوازدانەرێکی لێوەشاوەو رۆژنامەنووسێکی دیارو قسەزانێکی لێهاتوو بوو. لە گەلێك کۆمەڵەی سیاسیی کوردیدا کاریکردبوو. لەماوەی جەنگدا لەگەڵ عەبدوڵڵا گۆران لەوێستگەی "رۆژهەڵاتی نیزیك" لەحەیفا کە بە "وێستگەی کوردستان" بەنێوبانگ بوو بوێژێتیی کردبوو. پاش جەنگی دووەمی جیهانیی، وەك زۆربەی هوردەبۆرژوای رۆشنبیری کورد، بەرلێشاوی مارکسێتی



گۆڤاری نیشتمان
جەمال نەبەز

کەوتبوو و لەپارتی کۆمۆنیستی عێراقدا گەیشتبووە کۆمیتەی نێوەندی، بەڵام لەبەدبەختی خۆی، لەلایەن دەزگەی ئەمنی عێراقەوە گیرابوو و لەئەنجامی لێدانو تێهەڵدانو ئازاردانێکی زۆرەوە کە بەرگەی نەگرتبوو، دانی بەهێندێك نهێنیدا نابوو، کە بووبوونەهۆی بەردانی خۆیو تووشبوونی هێندێك کەسی دی. ئەمەش بووبوو بەهۆی ئەوەی گەلێك کەس، بەتایبەتی کۆمۆنیستەکان و پارتییەکان، ببنە دوژمنی.
رەفیق چالاکم بۆ یەکەمین جار لەساڵی 1951دا لەبەغدا لە "یانەی سەرکەوتنی کوردان"و بەبۆنەی جێژنی نەورۆزەوە دیو هەستم بەبلیمەتیو بەهرەی بەرزی هۆنەروەرێتیی کرد. رەفیق توانی لەو رێیەوە واملێبکات کە نەك هەر رکم لێی نەبێت، بەڵکو بەزەیشم پێیدابێتەوەو خەفەت بخۆم بۆی. بەتایبەتی لەو کاتەدا رەفیق لەدۆخێکی دەروونی و ماڵی یەکجار ناخۆشدا بوو. چۆنکە خەڵکەکە بەنۆکەر، دەستندەخۆری حکومەتیان دەزانی؛ کەچی لەراستیدا وانەبوو، بگرە زۆر دەستکورتیش بوو. پاش بەرەڵڵابوونی لەبەندیخانە وازی لەهەموو شتێك هێنابوو، لەرابوردووی خۆی پەشیمان بووبووەوەو جاروبارێکیش فرمێسك بەچاویدا دەهاتەخوارەوە. منیش هەر کاتێك بمدیایە، دڵخۆشیم دەدایەوەو ئەوەم دەهێنایەوە بیری کە هیچ کەسێك نییە فریشتە بێتو هەموو مرۆڤێك هەڵەی دەبێ. دەشمزانی کە هی واهەن خراپەکارییان گەلێك لەرەفیق چالاك پترە، ئەگەرچی بەختیان وەك رەفیق چالاك شرنەبووەو لە مەترسیی مردن نەکەوتوونەتە لقەفرتێ تا پاشلی پیسیان بکەوێتەروو. زۆرم هەوڵدا رەفیق والێبکەم بکەوێتە خزمەتی هونەری کوردیو هەر لەبەر ئەوەش بوو کە لەهاوێنی 1954دا چیرۆکێکی کورتی رەفیقم لەسەر ئەرکی خۆم چاپکرد، کە زاتی ئەوەی نەبوو بەنێوی خۆیەوە دەریبکات، بۆیە بەنێوی "رابەر"ەوە دەرچوو و لەژێر سەرنێوی "بیرەوەری"دا. بەکورتی رەفیق نەك هەر لەسەر خراپەکاری نەرۆیو بەس، بەڵکو گەلێك کاری چاکیشی کرد. یەکێك لەوانە

رزگارکردنی هەژارو جەلال تاڵەبانی بوو لەپەنجاکاندا لەگرتنو کوێرەوەرییەکی زۆر گەروە. پاش کودەتای قاسم لە 1958دا، رەفیق بەفیتی هێندێك سەرکردە هوردەبۆرژواکانی کورد کە پێویست ناکات نێویان ببەم، لەسەر کارەکەی کەکارێکی زۆر گچکەش بوو لەیەکێك لەدائیرەکانی کشتوکاڵدا دەرکراو، بەوە نانبڕاو کرا. لەو سەردەمەدا هاوڕێم کامیل ژیرو من کە ئەو حەلە لەبەغداد دەژیاین بڕیارماندا دەستی یارمەتی درێژ بکەین بۆی، چۆنکە ژنو منداڵی کەوتبوونە برسێتی. شایانی باس ئەوەیە کە لەبەهەشتی رەفیق چالاکەوە، نەك هەر لەبنەڕەتو مێژووی هێندێك رووداو و کۆمەڵەی سیاسیی کوردیی سییەکانو چلەکان بەباشی گەیشتم، بەڵکو گەلێك شتی بەسووت فێربووم، چۆنکە بەراستی رەفیق چالاك پەرتۆکخانەیەك بوو بۆ خۆی. لەسەردەمی شۆرشی ئەیلولداو بەهۆی ئەوەوە کە بارزانی قەدری بەهرەکانی رەفیقی دەزانی؛ کردی بە بەرێوەبەری وێستگەی رادیۆیی شۆرشو ئەوەبوو بەدەنگە بەسۆزەکەی کارێکی زۆر گەورەی کردە سەر پێشمەرگە. لەکۆتایی شەستەکانداو لەکوردستانی ئازادەوە نامەیەکی ناردبوو بۆ هەمبورگ بۆم، وای دەرخستبوو کە زۆر دڵی خۆشەو رێی راستی دۆزیوەتەوە. پاش بەیانی ئازار، رەفیق کەوتە خزمەتی شانۆی کوردی، بەڵام هوردەبۆرژوای کاربەدەست لەکوردستاندا کە رەفیق لەسەر شانۆ هەڵپەرستێتیی ئاواڵە دەکردنەوە بۆ جەماوەر، کەوتنە بەربەرەکانێیو ئەمەش دەوامی کرد تا رەفیق رۆژێك سەری هەمیشەیی نایەوە.

109- گۆڤاری "دەنگی گێتی تازە" لە 1943و هەتا 1947 لە بەغداد دەرچوو بەیارمەتی مامۆستا تۆفیق وەهبی. گۆڤارەکە پرۆپاگەندەی بۆ بەریتانیاو هاوپەیمانان دەکرد دژی ئەڵمانیاو بەرەی تەوەرە.

110- "نیشتمان" ژمارە (1)، لاپەڕە (1).

111- "نیشتمان" ژمارە (2)، لاپەڕە (1).



112- "نیشتمان" ژمارە (3، 4)، لاپەڕە (1).

113- "نیشتمان" ژمارە (5)، لاپەڕە (1).

114- "نیشتمان" ژمارە (6)، لاپەڕە (1).

115- "نیشتمان" ژمارە (1)، لاپەڕە (3).

116- هەر ئەوێ

117- هەر ئەوێ، لاپەڕە (3 تا 4).

118- "نادری" نێوی حیزبیی دڵشادی رەسوولییە.

119- ئەم هۆنراوەیەم لەزستانی ساڵی 1952دا لە گرتووخانە (موعتەقەل)ی ئەبوغرێب (نێزیك بەغدا) لەکوڕێکی کۆیی بیست کە خزمی دڵزار بوو، هەر لەوێ لەبەرمکرد.

120- ئەمەشم هەر لەو شوێنە بیست.

121- دیوانی بێکەس. محەمەدی مەلا کەریم رێکیخستووەو سەرەتای بۆ نووسیوە و سەرپەرشتیی لەچاپدانی کردووە. پەرتۆکخانەی (الطليعة) لەکەرکووك بڵاویکردووەتەوە لەبەغدا، چاپخانەی (الاديب) 1980، ل6-7و ل75-78.
مەبەستی بێکەس لە 27ساڵ تیپەڕبوونی 27 ساڵە بەسەر پەیمانی لۆزاندا لەساڵی 1946دا.

122- کاژێکنامە- فەلسەفەی کاژێك لەچەند دێڕێکدا، لەناوەڕاستی تەمموزی 1961دا بۆ یەکەمجار بڵاوکراوەتەوە، چاپی دووەمین، چاپخانەی داوودەزگەی کاژێك لەئەورووپا 2580ی کوردیو 1968ی فەرەنگی، لاپەڕە (7).

123- کاژێکنامە- سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (6).

124- تەماشای پەراوێزی ژمارە 73 بکە.

125- تەماشای گۆڤاری "رۆژی نوێ" ژمارە (10)ی ساڵی یەك، رێکەوتی 1ی کانوونی دووەمی 1961 ل47-48 بکە.

126- بۆ ئەمە تەماشای ئەو وتارە بکە کە بەزمانی ئەڵمانی لەگۆڤاری (FABULA)دا نووسیوومە، وەك لێدوانێکی ئەو بیروڕایانەی کە زانای رۆژهەڵاتناسی بەنێوبانگی ئەڵمان پرۆفیسۆر (Otto Spies) (1901/4/5-1981/10/29) لەبارەی داستان و چیرۆکی کوردییەوە لەبەرگی 14ی هەر ئەو گۆڤارەدا بڵاویکردووەتەوە ولەو کۆمەڵە چیرۆکە ئەفسانەییانە دواوە کە وەرمگێڕاونەتە سەر زمانی ئەلمانی و لە ساڵی 1972دا بڵاوکراونەتەوە. لە لایەن NUKSEەوە.

Jemal Nebez: Komentar zu otto Spies' Artikel "Kurdische Marchen im Rahman der orientalisch-vergleichenden Marchenkunde"in: "Fabula". Zeitschrift fur Erzahlforschung, herausgegeben von kurt Ranke, Berlin, New York 1974,15.Bd., Heft 3,s.245-249.

127- Jemal Nebez: Der Kurdische Furst Mir Muhammad-i Rawandizi genannt Mir-i Kore im Spiegel der morganlandischen und abendlandischen zeugnisse, Diss. Hamburg 1970, s.116.

128- "دیوانی بێکەس"، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (82). دووەمین بەیتی لەم دیوانەدا وا نووسراوە:

هەوڵی راستی هەردوو لا ئامانجی میللەت سەرئەخا

چۆنکە مەعلوومە بەیەك دەست چەپڵە قەت لێنادرێ





راستییەکەی خۆم لەساڵی 1949داو لەکاتێکدا کە قوتابی بووم لەپۆلی چوارەمی دوا نێوەندیی سلێمانی، ئەم دوو بەیتەم وابیستووەو لەبەرکردووە وەك لەسەرەوە نووسیومە.

129- بۆ زانیاری پتر لەبارەی ژنی کوردەوە لەهۆنراوەو ئەدەبیاتی کوردیدا تەماشای ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە:

د.کوردستانی گیوی موکریانی: هۆنراوەی ئافرەتی کورد، چاپخانەی کوردستان-هەولێر1980.

130- لەم رۆژانەدا کە بەتەمابووم ئەم بەرهەمە بنێرم بۆ بنکەی چاپەمەنیی ئازاد لە سوێد، لەپڕ لەکوردستانەوە نامیلکەیەکی گچکەی 32 لاپەڕەییم پێگەیشت بەنێوی ژێ-کاف چبوو، چی دەویست، وەچی لێبەسەرهات ؟ کە لەلایەن سەید موحەممەدی سەمەدییەوە کۆکراوەتەوەو لە 2593ی کوردی/ 1360 کۆچی هەتاوی/ 1981ی فەرەنگیدا لەمەهاباد لەلایەن چاپەمەنیی سەییدیانەوە بڵاوکراوەتەوە. کۆکەرەوە لەبارەی ژێکافەوە لەگەڵ دوو کەس لەدامەزرێنەرانی ژێکاف، واتە: مامۆستا مەلا قادری مودەڕەسیو سەددیقی حەیدەریدا وتوێژێکی کردووە. مودەڕەسی لەو وتووێژەدا دەبێژێ:

"بناغەو ئەساسی کۆمەڵەی ژێ.کاف لەسەر ئەو راستەقینەیە کە گرینگترین هەنگاو بردنە سەری سەتحی فەرهەنگی گەلی کوردە یانی، گرینگترین کۆششی کۆمەڵەی ژێ.کاف ئەوە دەبێت کەسەتحی فەرهەنگی گەلی کورد بەرێتەسەرێ تا ئەو گەلە لایقی ئازادی بێتو ئامادەی وەدەستهێنانی مافی خۆی بێت".

بێگومان- وەك لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەرمخستووە- کاربەدەستانی بەریتانیا لەرۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەمیشە بەسیاسیو رۆناکبیرەکانی کوردییان دەووت "ئێوە هێشتا ماوتانە. شایستەی ئازادییو سەربەخۆییو ئازادی نین. جارێ بخوێننو

فەرهەنگی خۆتان ببەنەسەریّ ئەوجا باسی سەربەخۆیی کوردستان بکەن". لەم رووەوە قسەکانی مامۆستا مودەڕەسی پشتگیریی لێکۆڵینەوەکەی من دەکات. بەڵام ئەم پرسیارەی کە لێرەدا دێتە گۆڕێ ئەوەیە، ئایە "سەتحی فەرهەنگی" گەلی فارس‌و عارەب‌و ترك لە هی کورد بەرزتر بوو کاتێك ئەوانە دەوڵەتی ناسیۆنالییان بۆ دروستکرا بەپشتگیریی کۆلۆنیالیستەکانی ئەوروپا ؟ ئایە "سەتحی فەرهەنگی" گەلی ئەرمەن لە هی ترك نزمتربوو، بۆیە ئەرمەنییەکان نەیانتوانی دەوڵەت دابمەزرێنن وەك ترك؟ ئایا ئەمڕۆ "سەتحی فەرهەنگی" باسکەکان کە گەلێکی بیّ دەوڵەتن لەسەتحی فەرهەنگی گەلی ئیسپانیایی نزمترە کە ئەوان دەوڵەتیان هەیەو ئەمان نییانە؟

مامۆستا مودەڕەسی هەر لەلاپەڕە 12دا لەبارەی ئاینەوە شتێك دەبێژێ کە بەتەواوی بۆچوونەکەی من- لەوەدا کە ژێکاف ئاینی ئیسلامی وەك کولتورێك تەماشاکردووە؛ نەوەك ئیدۆلۆژییەك- بەراست دەخاتەڕوو. مامۆستا دەبێژێ:

"لەروانگەی دیانەتەوە لەبەرئەوەی کە "دینی ئیسلام" زیاتر لە هەزار ساڵە تێکەڵ بەژیانی ماددیو مەعنەوی گەلی کورد بووە، بەبەشێك لەفەرهەنگی گەلی کورد حیساب دەکریّ وە ژیّ- کاف ڕێزێکی تایبەت بۆ ئەو ئاینە پیرۆزەدادەنیّ".

لەبارەی بزووتنەوەی چەکدارانەشەوە، وەك مێتۆدێك بۆ بزووتنەوەی کوردایەتی، مودەڕەسی ئەوە دەخاتە بەرچاو کە ژێکاف لەگەڵ مێتۆدی خەباتی چەکدارانە نەبووە وەك ئەنجامێکی دەرزوەرگرتن لەتاقیکردنەوەکانی کورد، کە لەراستیدا ئەمە خۆجیاکردنەوەیەك بوو لەمێتۆدی خەباتی سەرکردایەتیی کلاسیك، مودەڕەسی دەبێژێ:

"بناغە دانەرانی ژێ.کاف لەرووی تەجرەبەو رووداوە مێژووییەکان بۆیان دەرکەوتووە کە دەستبردن بۆ چەك غەیری چارەڕەشیو بەدبەختی بۆ گەلی کورد هیچ بەرهەمێکی



دیکەی نییە، یانی دیتن بەچاووبوون لەتاریخدا ئەو مەسەلەی پیّ سەلماندبووین، نە ترسنۆکی".

کەچی مامۆستا لەلایەکی دی قسەکانی دادەبێژێ:

"ئەو جار بزووتنەوەی چەکدارانەش تەنها زەمانێك تەئیید دەکرا کە هەم پلەی فەرهەنگی گشتی تا رادەی پێویست چووبایە سەریّ وەرێکخراویش ئەوەندە بەهێز بایە وەپێوەندی لەگەڵ تەواوی ناوچەکانی کوردستانی گەورە ئەوەندە بایە کە لەیەك کاتدا وەهاوئاهەنگ لەکوردستانی ئێران- عێراق- ترکیە- سوریا، راپەڕین دەستپێکردبا، چونکوو ئەوەش ئامانجێکی زۆر نێزیك نەبوو، زۆری خۆ پێوە ماندوو نەدەکرا".

بەمەی سەرەوە دەردەکەویّ کە مامۆستا مودەڕەسی لەکاتێکدا لایەنگیری بزووتنەوەی چەکدار ناکات، شۆرشێکی گەلێری گشتگر دێنێتە بەرچاوی خۆی، بەڵام ئەم پرسیارەی لێرەدا دێتە پێشەوە ئەوەیە، ئایە ئەگەر بێتو رۆژیّ لەرۆژان لەهەموو لایەکی کوردستاندا دەستبکریّ بەخەباتی چەکدارانەو لەیەك کاتدا؛ ئایە ئەوە بەسە بۆ مسۆگەر بوون لەسەرکەوتنی ئەو بزووتنەوەیە، یان ئەوەی تەکنیکی سوپایی و لۆژیستیکی بگاتە نەو هەندازەیەی کە داگیرکەران هەیانە- لەپاڵ بیرێکدا کە ببێتە مۆتۆڕی بزووتنەوەکە؟

131- ئەمە قسەی کۆمۆنیستەکانە هەتا ئەمڕۆ. بۆ وێنە تەماشای قسەکانی نوورەددین کەیانووری سکرتێری گشتیی حیزبی توودەی ئێران بکە لە: نکاتی از تاریخ حزب توده ایران. گفتو شنودی با رفیق ن. کیانوری دبیر اول کمیته مرکزی حزب توده ایران، تهران 1980/1359، 11.